ژمارة: ٤١٨

١٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤

٦ی ئوتی ٢٠٠٥

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا**

## خۆپیشاندانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لەم مانگانەی دوایی‌دا پەرەی گرتوە

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە لە ٧ حیزب‌و ڕێکخراو وناوەندی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران پێك هاتوە لە راگەیەندراوێك دا، پاش ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی کوردستان رای‌گەیاندوەکە خۆپیشاندانی ئیعترازیی نەتەوە ژێردەستەکانی نێو ئێران لەو مانگانەی دوایی‌دا پەرەی گرتوە. لەو راگەیەندراوەدا، ئاماژە بە بارودۆخی ئەهواز، بەلووچستان، ئازەربایجان‌و تورکمەن سەحرا کراوەو گوتراوە بزووتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، ڕۆژ بە ڕۆژی پەرە دەگرێ.

لە درێژەی راگەیەندراوەکەدا کۆنگرەی ناوبراو داوا لە وڵاتە دێموکراتیکەکان‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان‌و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان دەکا ڕێژیمی ئێران بخەنە ژێر فشار. دەقی راگەیەندراوەکە لەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

# بارکەن بڕۆن! زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێ












## راگەیەندراوی چاپەمەنی: ١٣ شەهیدو ٢٠٠ بریندار لە شاری سەقز

## دووکان‌و بازاڕەکانی شاری پاوە داخران

هێزێکی زۆری ڕێژیم لە کرماشان‌و شارەکانی دەوروبەر بەرەو پاوە رەوانە کراون.

دوو هێلیکۆپتەری ڕێژیم ئامادەی هێرش بۆ سەر خەڵك خەریکی کونترۆڵی شارن.

بەپێی هەواڵێك کە هەر ئێستا بە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات گەیشتوە، سەر لە بەیانیی ئەمڕۆ پێنج شەممۆ ٢٠٠٥/٨/٤ دووکان‌و بازاڕەکانی شاری پاوە بە پشتیوانی لە راپەڕینی خەڵکی شارەکانی سەقز، سنە، مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان‌و بۆ شەرمەزارکردنی کردەوەکانی جینایەتکارانەی ڕێژیم دژی خەڵکی کوردستان، بە تەواوی داخران.

ڕێژیم لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵك‌و بۆ پێشگیری لە خۆپیشاندانیان هێزێکی پۆشتەو پەرداخی لە کرماشان‌و شارەکانی دەوروبەر بەرەو شاری پاوە هێناوە.دوو هێلیکۆپتەری ڕێژیم بۆ کونترۆڵ‌و کردەوەی جینایەتکارانە لە حاڵی گەڕان لەسەر شاری پاوەن.

### ١٣ شەهیدو ٢٠٠ بریندار لە شاری سەقز

بەپێی دوایین هەواڵەکان، لانیکەم ١٣ کەس لە خەڵکی سەقزی راپەڕیو بە هۆی تەقەی جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی شەهیدو زیاتر لە ٢٠٠ کەس بریندار بوون. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو شارە گیراون کە بە پێی هەواڵەکان لە کاتی لێپرسینەوەو بازجوویی ئەشکەنجە دراون‌و تەوهینیان پێ‌کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی حەرەکەتی مەدەنی‌و ئارامی خەڵکی کوردستان دا، پشتیوانی‌و هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیان دەردەبڕێ‌و داوا لە کۆڕو کۆمەڵە ناونەتەوەییەکان‌و هێزەکانی ئازادیخوازی ئێران دەکا، چیدی ڕێگە نەدەن کۆماری ئیسلامی بەکەیفی خۆی قەڵاچۆی خەڵکی کوردستانی ئێران بکات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات**
**پاریس ٢٠٠٥/٨/٤**

### خەڵکی جوانڕۆ بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شارە راپەڕیوەکانی کوردستان رژانە سەر شەقامەکان

ڕۆژی هەینی، ١٣٨٤/٥/١٤، کاتژمێر ٩ی بەیانی، خەڵکی ئازادیخوازی جوانڕۆ بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتی‌و خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان رژانە سەر شەقامەکان‌و دەستیان کرد بە گوتنەوەی دروشمەکانی وەك "سڵاو لە دێموکرات"، "مەرگ بۆ تیرۆریست"و "مەرگ بۆ مرۆڤکوژ". بەڵام لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە هێرش دەکرێتە سەریان‌و لە نێوان ئەوان‌و خەڵکدا تێکهەڵچوون دێتەئاراوە کە لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا چەند بانك‌و ئیدارەی دەوڵەتی زەرەریان پێ‌گەیشتوەو لە ژمارەی کوژراوان یان برینداربووانی ئەم خۆپیشاندانە هەواڵێك لەدەستدا نیەو هەروەها تا نیوەشەو بارودۆخی شاری جوانڕۆ ئاڵۆز بووە.

## دوایین هەواڵ لە بارودۆخی شاری سنە لە پاش ناڕەزایەتی‌یە بەرینەکەی خەڵکی ئەو شارە

شەوی ١١ لەسەر ١٢ی گەلاوێژی ١٣٨٤، چەند لاوێك بە دانی دروشمی دژی ڕێژیم‌و بەپشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستان ویستیان بۆ جارێکی دیکە ئیرادەی بەهێزی خۆیان دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەست پیشان بدەن کە لەگەڵ هێزە تایبەتی‌یەکانی کرماشان‌و باقی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو بوون‌و بڵاوەیان پێ‌کرا. جینایەتکارە ترسنۆکەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی شەقامە سەرەکی‌یەکانی شاری سنە لە هەر چەند هەنگاوێك دا دەیان مەئمووری چەکداریان بۆ بەرگرتن لە حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی خەڵك جێگیر کردبوو. ئێستا شار وەك پادگانێکی نیزامی‌یەو ڕێژیم لە ترسان ناهێڵێ زیاتر لە دوو کەس پێکەوە بگەڕێن. هەروەها چارەنووسی گیراوەکان هەروا نادیارەو ڕێژیم بۆ ترساندنی خەڵك هێرش دەکاتە سەر ئەو ماڵانە کە پێی وایە کەسێکیان لە پێکهێنانی خۆپیشاندانەکان بەشداریی کردوە.

تا گەیشتنی ئەم هەواڵە دەستبەسەرکردنی خەڵکی سنە لە لایەن ڕێژیمەوە هەروا بەردەوامە.

## درێژەی کەشوهەوای حکوومەت نیزامی لە دیواندەرە

لە پاش خۆپیشاندانی خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری دیواندەرە بۆ پشتیوانی لە راپەڕینی خەڵکی شارەکانی‌تری کوردستان‌و ناڕەزایەتی لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سەپاندنی کەشوهەوای حکوومەت نیزامی بەسەر شاردا درێژەی هەیەو هەروەها لە ئاکامی ئەو خۆپیشاندانەدا زیاتر لە ٢٣ کەس لە لاوانی بەهەست‌و ئازادیخوازی دیواندەرە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەرو راپێچی بەندیخانە کراون کە ناوی چەند کەسێکیان بریتی‌یە لە: عیرفان سلێمانی، رامین حوسێنی، خالید ئەمینی، ئومید موعینی، عومەر مورادیان، ئومید ئەسەدی، موحەممەد سەعیدی‌و لوقمان غولامی.

شیاوی باسە کە بارودۆخی حکوومەت نیزامی زۆرتر لە جادەی ١٦ میتری، مزگەوتی جامعە، دەوری مەیدان‌و گەڕەکی قوراوەی‌دا بەڕێوەدەچێ.

## دوکان‌و بازاڕەکانی شاری مەریوان بە نیشانەی هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی شارە راپەڕیوەکانی کوردستان داخران

لە درێژەی ئەو بزووتنەوە نارەزایەتی‌یەی کە شارەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، ڕۆژی ١٣٨٤/٥/١١ بازاڕییەکانی شاری مەریوان بۆ پشتیوانی لە شارەکانی دیکە، یەك پارچە دووکان‌و بازاڕیان داخست‌و بەم چەشنە هاودەردی‌و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ جارێکی دیکە راگەیاند.

ڕێژیم بە فشارهێنان بۆ یەکیەتیی ئەسناف‌و خاوەن پاساژەکان زۆری هەوڵ دا تا خەڵك دووکانەکانیان بکەنەوە، بەڵام نەیتوانی ئیرادەی لێبڕاوانەی بازاڕی‌یەکانی ئەم شارە تێك بشکێنێ.

## ئازارو ئەشکەنجەدانی دڕندانەی یەکێك لە دەستبەسەرکراوانی خۆپیشاندانی خەڵکی سەردەشت

لە رەوتی خۆپیشاندانی چەند ڕۆژ لەمەوپێشی خەڵکی سەردەشتدا، زیاتر لە ٩ کەس لە لاوانی ئەم شارە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون.

یەکێك لەم دەستبەسەرکراوانە بە ناوی "ئەرسەلان عەبدوڵڵایی"، تەمەن ١٤ ساڵ، کوڕی عومەر رەسوول سووتاوی، خەڵکی گوندی "یاسین ئاوێ" لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە لە بەندیخانەی سەردەشتدا بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە کراوەو دەگوترێ کە لەسەرتاپای لاستیکیان بەسەردا تواندۆتەوەو ئێستا لە نەخۆشخانەی سەردەشتدا لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە.

## لە درێژەی خۆپیشاندانی خەڵکی شنۆدا دوو کەسی دیکە شەهید بوون

ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٥/٥، لە درێژەی ڕووداوەکانی سێ ڕۆژی رابردووی شاری شنۆدا دوو کەس بە ناوەکانی "بایەزید مەعرووفی"، کوڕی مستەفاو "جەمیلە خزری"، ناسراو بە خەدیجە کچی رەحمان لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە شەهید کران. بەپێی هەواڵەکان ئەم دوو کەسە لە رووبەڕووبوونەوەو خۆڕاگرییەکی بوێرانەدا لە بەرامبەر هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیم دا شەهید بوون‌و چەند کەسیش لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون کە ژمارەیان نەزانراوە.

## پەیامی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایی‌یانەی خەڵکی کوردستان

**قادر وریا**

خەڵکی کوردستانی ئێران ئەم شانازی‌یەیان هەیە کە یەکەم گەلی ئێرانن "نا"یان بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران گوت. کاتێك لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا، خومەینی ڕێفراندۆمی بۆ "کۆماری ئیسلامی" پێك هێنا، خەڵکی کوردستان بە ڕێنوێنیی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی خۆیان‌و بە پشتیوانی لەوان، دەنگیان بە نیزامێکی حکوومەتی کە هیچ شتێکی روونی بۆ خەڵکی ئێران بەگشتی‌و گەلی کورد بەتایبەتی پێ‌نەبوو، نەدا.

لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە تا ئێستا، ئەو ڕێژیمە هیچ کاتێك هەنگاوێکی بنەڕەتیی بۆ وەدەستهێنانی رەزامەندیی خەڵکی کوردستان نەناوەو، لەجیاتی ڕێزگرتن لە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان‌و دان پێدانانیان، بەردەوام ڕێگای سەرکوت‌و خوێنڕێژیی گرتۆتە بەر. لە بەرامبەریش دا، گەلی کورد هیچ کات سەری بۆ ڕێژیمی زەوتکەری ماف‌و ئازادی‌یەکانی دانەنواندوە. مێژووی ٢٦ ساڵی رابردوو شاهیدە کە خەڵکی کوردستان بە پشتیوانیی بێدریغ لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو میللی ـ دێموکراتیکی خۆیان‌و، بە کەلکوەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات، لە بەربەرەکانی‌یەکی بێ‌وچان لەگەڵ ستەم‌و سەرکوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا بوون. حەرەکەتە ئیعترازی‌و خۆپیشاندانە جەماوەری‌یەکان کە وەك ناڕەزایەتی دەربڕین لە جینایەت‌و تاوانی کاربەدەستان لە ٢٦ ساڵی رابردوودا بەڕێوەچوون، دەنگدان بە پێچەوانەی ویستی دەسەڵاتداران‌و تەحریمی شانۆسازی‌یەکانی هەڵبژاردن، وەڕێخستنی جموجۆڵ‌و بزووتنەوەی کەلتووری‌و رۆشنبیری‌و دەربڕینی هەڵوێستی نەتەوەیی بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕو ڕووداوەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەموویان نوێنگەی نەفرەتی خەڵکی کوردستان لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌و بەڵگەی سووربوونی ئەوان لەسەر خەبات تا گەیشتن بە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان بوون.

درێژەی بێ‌مافی‌و بێبەشی لە ئازادی‌و، بەرەوڕوو بوون لەگەڵ زۆرو ستەم، تاوان‌و جینایەت‌و بێ‌حورمەتیی جۆراوجۆر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەویش لە هەلومەرجێك دا کە لە لایەکەوە نەتەوەی کورد لە بەشێکی دیکەی نیشتمانەکەی‌دا، خەریکی وەدەستهێنان‌و چەسپاندنی مافە نەتەوەیی‌یەکانیەتی‌و، لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی سیاسیی ئێران بە نیازی گێڕانەوەی وڵات بۆ سەدەکانی نێوەڕاست خۆی یەکدەست کردوە، وای کردوە خەڵکی کوردستانی ئێران راشکاوانەتر لە هەمیشە بێنە مەیدان‌و دژی دوژمنانی ماف‌و ئازادی‌یەکانیان دەنگ هەڵبڕن.

ئەو زنجیرە خۆپیشاندانە جەماوەرییانەی لە ١٨ی پووشپەڕی ئەمساڵەوە دەستیان پێ‌کردوەو پاش مەهاباد، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، بانەو هتد، ئێستا لە سنەو سەقز درێژەیان هەیە، بەربەرەکانیی خەڵکێکی لە ستەم وەزاڵەهاتوو و تینووی ئازادین کە بە دەستی بە تاڵ بە پێشوازی مەرگەوە چوون. خەڵکی کوردستان لە حەرەکەتێکی نەتەوەیی سەرانسەری‌دا، هاتوونە مەیدان تا بە کۆماری ئیسلامی بڵێن کوردستان گڕکانێکە لە ژێرپێی هێزە جینایەتکارەکانی‌دا. ئەمەی دەیبینین سەرەتاکانی تەقینەوەی بە تەوژمی ئەو گڕکانەیە. ئەو خۆپیشاندانە خوێناوییانە، بۆ دەسەڵاتدارانی خوێنڕێژی ئێران پەیامی راشکاویان پێ‌یە: "ئێوە چی دیکە بۆ خەڵکی کوردستان تەحەممول ناکرێن، ئێمەش بە کەمتر لە گەیشتن بە مافە نەتەوەیی‌یەکانمان رازی نابین".

بەڵام خۆپیشاندانی جەماوەریی خەڵکەکەمان کە ئێستا لە شێوەی راپەڕینێك دا خۆی دەرخستوە، بۆ حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان، بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران‌و گەلانی بندەستی دیکەی ئێرانیش پەیامیان تێ‌دایە: لەنێو ویزەی گوللەی هێزە سەرکوتکەرەکان‌و گرمەو رمبەی چەکی پەلامارەدەران دا، زایەڵەی دروشمەکانی خەڵکی زامداری کوردستان دەگاتە گوێمان کە: "بە خۆتان، بە تێکۆشان‌و هەڵوێست‌و روانینتان دا، وەرنەوەو یەك بگرن. بە هەنگاوی هاوبەش، هاواری زۆرلێکراومان بگەیەننە گوێی جیهان‌و، هاونیشتمانان بۆ پشتیوانی لە ئێمەو لابردنی ستەم لەسەر خۆیان بانگەواز کەن." خەڵکی راپەڕیوی کوردستان دەیانەوێ لەو حەرەکەتە ئازایانەو ئازادیخوازانەیەدا کە دەستیان پێ‌کردوە، بە تەنیا نەبن. چاوەڕوانیی ئەوان ئەوەیە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌و گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی‌و خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، هەرچی بۆ مەحکوومکردنی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی کوردستان‌و پشتیوانی لە داواکانی ئەوان لە دەستیان دێ، دریغی لێ نەکەن.

وتووێژی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەڕێز عەلی مێهر پەروەر ٢

دیدارو چاوپێکەوتنەکان ٣

هەواڵەکانی کوردستان ٤

ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨

لە یادی ١٦ ساڵەی شەهیدکردنی دوکتور قاسملوودا ٩

راڤەی فیدرالیزم بە شێوەیەکی سادە ١١

# وتووێژی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

## لەگەڵ بەڕێز عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب



**پرسیار: بۆ ئەوەی بچینە نێو پرسیارەکان، پێمان باشە بە سەرنجەکانی بەڕێزت سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییانەی شاری مەهاباد دەست پێ بکەین.**

وەڵام: پێشەکی سڵاوێکی گەرم دەنێرم بۆ گوێگرانی بەڕێزی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران‌و خەڵکی تێکۆشەری مەهاباد. ئەو شارەی کە زیاتر لە ١٠ رۆژە بەهۆی ریزە ئیعتیرازاتێك حاڵەتێکی نائاسایی بەخۆوە گرتووە‌و خەڵکەکەی تووشی نارەحەتی بوون، بە جیددی داوای ئازادیی بەندکراوەکان دەکەین‌و هیوادارین هەرچی زووتر بریندارەکانیش شەفایان بێت‌و برینەکانیان سارێژ بێتەوە. سوپاسی ئێوەش دەکەین بۆ تەرتیبدانی ئەم وتووێژە.

ئەسڵی ماجەراکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە هێزە ئینتیزامی‌یەکان ماوەیەك بوو ژمارەیەك لە لاوەکانی شاری مەهابادیان دەستنیشان کردبوو کە بیانگرن. یەکێك لەو لاوانە کەماڵی ئەسفەرەم ناسراو بە شوانەی سەید قادر بوو. رۆژی ١٨ی پووشپەڕ ئەو لاوە دەستنیشان دەکەن‌و لە کاتێکدا لە ماشینی خۆی‌دا دەبێ‌و بە پێش چاویاندا تێ‌دەپەڕێ، لە جیاتی ئەوەی دەستگیری بکەن، تەقەی لێ دەکەن‌و برینداری دەکەن. لە دوای بریندارکردنەکەش لە جیاتیی ئەوەی بیبەنە نەخۆشخانە‌و موداوای بکەن، ئەیبەنە ئیدارەی ئەماکن‌و لەوێ دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر گیانی لێ دەستێنن‌و، پاش ئەوەش بێحۆرمەتی‌یەکی زۆر بە تەرمەکەی دەکەن. پاش ئەوەی کە تەرمەکەی تەحویل دەدەنەوە‌و خەڵك ئەو جینایەتە بە چاوی خۆیان دەبینن، ئیعتیرازێکی توند بەو جینایەتەی رێژیم دەکەن‌و دەڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەو ئیعتیرازاتە هەروا پەرە دەگرێ. لە شەقامەکان، لە چوارڕێکانا، لە مەحەلاتی شارا بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ رۆژ ئەو درێژەی دەبێ. تەقارۆنی ئیعتیراز بەو جینایەتە لەگەڵ رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی کاك دوکتور قاسملوو ئاگری ئەو ئیعتیرازاتە توند دەکاتەوە‌و ئەوەش لە دروشمەکان‌و شیعارەکانی خەڵکی‌دا رەنگی داوەتەوە‌و بەجوانی دیارە، بەتایبەتی داخستنی دوکانەکان لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا نیشانەیەکی بەرچاوە لەوە کە ئەوان هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ ئیعتیرازکردن بە تیرۆری دوکتور قاسملوو لە شازدە ساڵ لەوەپێش. رێژیم هێزێکی زۆری جگە لەو هێزە ئینتیزامییانەی کە لە مەهاباد بووە، لە شارەکانی وەکوو میاندواو، سائینقەڵا‌و نەغەدە‌و ورمێ‌و شارەکانی دەوروبەرەوە هێناوەتە شاری مەهاباد‌و لەڕاستی‌دا شارەکەیان گەمارۆیەکی نیزامی داوە. زۆر تەبیعی‌یە لەو دەرگیرییانە خەڵکیش دیفاعیان لە خۆیان کردووە بە دارو بەردو بە هەرچی لەبەر دەستیاندا بووە، دیفاعیان کردوە، رێژیمیش لە گازی فرمێسکهێنەرو لە چەکی گەرمیش کەڵکی وەرگرتووە‌و خەڵکێکی زۆریان بریندار کردووە‌و ژمارەیەکی زۆریش گیراون‌و دەسبەسەر کراون‌و لە واقیعدا دەبینین لە زۆربەی شەوەکاندا لە زۆربەی وەختەکاندا شار لە کۆنترۆڵی خەڵکدا بووە‌و هێزەکانی ئینتیزامی بەتایبەتی رۆژەکانی ئەوەڵ هیچ کۆنترۆڵیان بە سەر وەزعەکەدا نەبوو.

**پ: بە بڕوای ئێوە ئەو رووداوانە لە چی‌یەوە سەرچاوە دەگرن یان بە وتەیەکی دیکە ئێوە ریشەی ئەم جەرەیانە لە چی‌دا دەبینن؟**

و: شاری مەهابادو خەڵکی مەهاباد سابیقەیەکی لەمێژینە‌و تاریخی‌یان هەیە. هەمیشەش رێژیم بە چاوێکی ئەمنییەتی تەماشای کردون. جگە لەوە خەڵکی شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش هەر بەو جۆرە. خەڵکی مەهاباد ئوسوولەن لە دەستی ئەو جینایەتانەی بە تایبەتی ماوەی ئەو ٢٦ ساڵەدا کراوە دڵێکی پڕ خوێنیان لە رێژیم هەیە، ئەوانە بە جێگەی خۆی، وەکوو زەمینەی نارەزایەتیی خەڵك، شارەکانی کوردستان‌و بەتایبەتی شارێکی وەکوو مەهاباد، خەڵکەکەی لە رێژیم بێزارن، هێندێك رووداو بوون کە حەساسیەتی رێژیمی زیاتر کردوە. مەسەلەن هەر لە ماوەی یەك ساڵی رابردووا ئەگەر دیققەت بکەین، هێندێك حەرەکەت کراوە لە شارەکانی کوردستان‌و بۆ وێنە لە مەهاباد وەك بەشداریکردن لە رێوەرەسمە نەتەوەیی‌یەکان‌و دووی رێبەندان، وەکوو نەورۆز، وەکوو کاتێك ئیعلامی فیدراڵیزم لە قانوونی کاتیی حکوومەتی ئینتقالیی عێراق‌و لەوێ فیدراڵیزمی کوردەکان بە رەسمیەت ناسراوە، تەئییدیان کرد، شەپۆلێك لە شادی‌و خۆشی لە کوردستانی ئێراندا دروست بووو لەوان لە شاری مەهابادا، بە شوێن ئەودا هەڵبژێردرانی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی وەکوو سەرکۆماری عێراق، ئەویش شەپۆلێکی شادیی ئیجاد کرد، خەڵك رژانە سەر شەقامەکان شادی‌یان کرد، هەڵپەرکێیان کرد، ئاڵای کوردستانیشان هەڵکرد، دوابەدوای ئەوە وەختێك کاك مەسعوود بارزانی وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، دووبارە ئەو مەراسیمە دووپات بۆوە، یا لەو کاتانەدا کە بەڵایەك مەسەلەن وەکوو یەکی شوباتی دوو ساڵ لەمەوپێش لە کوردستانی عێراق تیعدادێکی بەرچاو لە ئەفرادی موئەسیری جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بوون بە قوربانیی تیرۆر، خەڵکی کوردستانی ئێران‌و یەك لەوان خەڵکی شاری مەهاباد، دژکردەوەی باشیان نیشان دا. جگە لە بەشداری لەو بۆنە نەتەوەیی‌یانەدا خەڵکی کوردستان‌و یەك لەوان خەڵکی شاری مەهاباد بەشدارییان نەکرد لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌داو لە واقیعدا "نە"یەکی گەورەیان بە رێژیم گوت‌و پەیامێکیان دا بە رێژیم کە لە خۆی‌و سیاسەتەکانی بێزارن. مەجموعەی ئەو شتانە یا مەجموعەی ئەوحەرەکەتانە نەوعێك قین‌و رقی لە دڵی کاربەدەستان‌و بەتایبەتی مەسئوولانی محەللی لە کوردستان بەتایبەت لە شاری مەهابادا دروست کردبوو کە دەیانویست بەشێوەیەك تۆڵەی ئەوانە لەو خەڵکە بکەنەوە. هەربۆیە نەوعێك ئامادەگییان لە خۆیاندا دروست کردبوو، دەگەڕان بۆ دەرفەتێك کە ئەو کارە بکەن، لە بەرەبەری دەستبەکاربوونی ئەحمەدی‌نەژاددا کە بۆخۆی پەیامهێنەری تیرۆرو رەشەکوژی‌و ئەوانەیەو، لە بەرەبەری هاتنی ٢٢ی پووشپەڕدا کە دەیانزانی خەڵکی مەهاباد نیسبەت بەو جەرەیانە بێ‌تەفاوەت نابن‌و حەتمەن "دژکردەوە" نیشان دەدەن‌و مەراسیم دەگرن‌و لە واقیعدا بێزاریی خۆیان نیشان دەدەن، هاتن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی مەهاباد ئەو لاوەیان گرت‌و بەو جۆرە دڕندانە‌و فاشیستییانە ئێعدامیان کرد، تەوهینیان بە جەنازەکەی کرد، ئەشکەنجەیان کردو کارێکیان کرد کە هەر شیاوی خۆیانە. ئەوانە دەیانویست خەڵکی مەهاباد بەتایبەتی لاوەکان چاوترسێن بکەن، بەڵام خەڵکی مەهابادو لاوەکان نیشانیان دا کە بەڕاستی نە تەنیا چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو دەرسێکی باشیان بە رێژیم دا.

**پ: بەڕێز کاك عەلی، پرسیارێکی دیکەمان سەبارەت بە نێوەرۆکی رێکخراوەیی ئەو حەرەکەتەیە. بە بڕوای ئێوە ئەو حەرەکەت‌و خۆپێشاندانەی خەڵکی مەهاباد دەخرێتە چوارچێوەی ئەو حەرەکەتەی کە پێی دەڵێن حەرەکەتی "خودجوش" یا نا حەرەکەتێکی سازماندراو بووە؟**

و: ناکرێ بڵێین ئەو حەرەکەتە حەرەکەتێکی سازماندراو بوو، خەڵك چاوەڕوانیی ئەوەیان نەدەکرد کە رێژیم کوتوپڕ جینایەتێکی ئاوا بخولقێنێ، بەڵکوو دەتوانین بڵێین حەرەکەتێکی "خودجوش" بوو، بەڵام لەسەر زەمینەی نارەزایەتی‌یەکی پێشوو. زۆر جار خەڵکی مەهاباد شەهیدیان داوە، زۆر جار تیرۆریان لێ کراوە، زۆر جار جەنازەیان هاتۆتە بەردەست. لە واقیعدا زەمینەیەکی نارەزایەتی لە رێژیم لە نێو خەڵکی کوردستانا بەتایبەتی شاری مەهاباد وجوودی هەبووە. وەختێك کە دەبینین لاوێك بەو جۆرە دەستگیر دەکرێ‌و بەم شێوەیە ئەشکەنجەی دەکەن‌و بێ‌گوناح‌و بێ‌تاوان ئیعدامی دەکەن بەبێ مەحاکەمەکردن، بێ‌دادگایی‌کردن، ئەوە تەبیعی‌یە کە خەڵك "دژکردەوە" لە خۆیان نیشان بدەن، بەڵام وەختێك کە حەرەکەتێك ئیدامە پەیدا دەکا، ماوەی چەند رۆژ ئیدامە پەیدا دەکا، نەوعێك بەرنامەی بۆ دروست دەبێ، نەوعێك نەزم پەیدا دەکا، خەڵك ئەزموون پەیدا دەکا، خەڵك دەزانن چۆن حەرەکەتەکەی خۆیان مونەزەم بکەن، حەرەکەتی خۆیان رێك بخەن. بۆ وێنە لەم ئاخرانەدا دەبینین زۆربەی شەوەکان حەرەکەتی ئیعتیرازی بووە یا وەختێك دەبینین لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا راست ئیعتیرازی خەڵکی پەرە دەگرێ‌و تەواوی دوکانەکان دادەخرێن کە لەڕاستی‌دا ئەمە هەم ئیعتیرازێکە بە ئەسڵی مەسەلەکەو هەم ئیعتیرازێکە بە تیرۆری دوکتور قاسملوو کە رێژیم لەو سەرکوتەی خۆی نەتیجەیەکی نەگرت. ئەگەر هەدەفەکەی ئەوە بوو کە خەڵك چاوترسێن بکا، خەڵك نە تەنیا چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو دەرسێکی باشیان بەکاربەدەستان‌و بە مەسئوولانی محەللیی رێژیم دا. با تەماشایەکی ئەو وەزعە بکەین. لە کوێی دنیا، لە کام وڵات جگە لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو، وەکوو ئێراندا جەوانێك، ئینسانێك دەگرن پێش ئەوەی مەحاکەمەی بکەن، پێش ئەوەی دادگایی بکەن، پێش ئەوەی مەدرەکی لێ کۆبکەنەوە، پێش ئەوە قەزاوەت لەسەر کارەکانی بکەن، گوللەبارانی دەکەن‌و دەی‌کوژن؟ ئەو کوڕە تەنانەت ئەگەر شتێکی لەسەر بووبێ کە تەحتی تەعقیب بووە، لەلایەن ئەفرادی رێژیمەوە تەنها گوناهی ئەوە بووە کە کورد بووە‌و داکۆکیی لە مافەکانی کورد کردوە. ئەوە تاوان نیە، بەڵام بە هەر حاڵ دەبوایە بیانگرتایە یان ئەو کە ماشینی پێ‌بووە، ماشینەکەیان پەنچەر بکردایە، دوای ئەوە دەستگیریان بکردایە نەك لە رێوە برینداری بکەن‌و دوای بریندارکردنیشی ئەو بەڵایەی بەسەر بێنن کە هێنایان. بۆیە زۆر تەبیعی‌یە کە خەڵك "دژکردەوە"ی موناسب لە خۆیان نیشان بدەن‌و نیشانیشیان دا. بە نەزەری من ئەو حەرەکەتە، حەرەکەتێکی موسبەت بووە، وەڵامدانەوەیەکی بەجێ بوو. دیارە خەڵکیش ئەزموون فێر بوون، دەزانن کە چۆن لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتانە رەفتار بکەن‌و حەرەکەتی خۆیان چۆن تەنزیم بکەن، کەی تەواوی کەن، کەی ئیدامەی پێ بدەن‌و لەڕاستی‌دا نەزمێك بە کارەکانی خۆیان بدەن‌و داویشیانە.

**پ: لەگەڵ ئەوە ئەو رووداوە لە رادەی جیهانی‌دا دەنگدانەوەی هەبوو، بەڵام بەو حاڵەش ئەو جۆرەی کە شایستە بوو، باسی لێوە نەکرا. نەزەری ئێوە سەبارەت بەو مەسەلەیە چیە؟ لەلایەکی دیکەوە نەخشی بڵاوکراوەکان‌و راگەیەنە گشتی‌یەکانی سەر بە رێژیم سەبارەت بەو رووداوانە‌و حاکم کردنی سانسۆرێکی خەبەریی توند لەو بارەدا یا شێوەی باسکردنی ئەو مەسەلەیە جەنابتان چۆن دەبینن؟**

و: باش دەزانین کە ئوسوولەن لە ئێراندا راگەیەنە گشتی‌یەکان ئازاد نین‌و سانسۆریان لەسەرە، بەتایبەتی راگەیەنە گشتی‌یەکان لەسەر مەسائیلی میللی‌و لەسەر مەسائیلی نەتەوەیی لێیان قەدەغە کراوە کە باس بکەن‌و شتێك بدرکێنن‌و دەردی ئەو خەڵکە بێننە گۆڕێ‌و باسی لێوە بکەن. لە واقیعدا نەوعێك تەحریمی خەبەری کەوتۆتە سەر مەسائیلی میللی بەگشتی‌و لەسەر مەسئەلەی کوردستانیش بەتایبەتی. زۆر جاریش مولاحیزاتی سیاسی‌و ئابووریی وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایی کارێکی وای کردوە کە لە ئاست ئەو جینایەتانەی کە رێژیم کردونی، چاویان بنووقێنن‌و لێیان لە هەڵڵا نەدەن. هەرچەند وەزعەکە ئێستا تا رادەیەك گۆڕاوە. ئەو جەرەیانەی مەهاباد لە چاو رووداوەکانی پێشوو لە کوردستاندا دەنگدانەوەی موناسبی هەبوو بەتایبەتی لە دەرەوەی ئێران نەك لە نێوخۆی ئێران، لە رادەی جیهانی‌دا دەنگدانەوەی‌و بازتابی باشی بوو، بەڵام لە داخڵی ئێراندا بازتابی کەم بوو. زۆر تەبیعی‌یە کە رێژیم بیهەوێ سەرپۆشی خەبەری لەسەر ئەو مەسەلانە دابنێ، ئەوە بە جێگەی خۆی‌و، سیاسەتی رێژیمیش بە جێگەی خۆی. بەڵام رەنگە لێرەش گلەیی روو بکاتە هێندێك لە رووناکبیران‌و رۆژنامەنووسان کە تەوەجۆهێکی کە بە مەسایلی میللی‌و مەسایلی کوردستان دەکەن. نموونەیەکتان بۆ باس بکەم: ئاغای گەنجی بەهۆی ئیعتیرازاتێك کە لە رێژیمی هەیە، حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە‌و حەرەکەتێکی ئازایانەی دەس پێ کردوە. لە زینداندا بە دژی رێژیم کە ئێمە تەقدیری دەکەین‌و لە واقیعدا ئافەرینیشی پێ دەڵێین‌و جێی خۆیەتی کە ئەو حەرەکەتە بازتابی ببێ‌و ئەو حەرەکەتە لە دنیادا بڵاو بێتەوە‌و پشتیوانی لە حەرەکەتەکەی بکرێ‌و هاودەردی‌و هاوخەمی لەگەڵ خۆی بکرێ‌و هەوڵ بدرێ کە ئەو بە ئاواتەکانی بگا کە ئاواتی هەر ئازادیخوازێکە. ئێمە لەو بارەیەوە قسەیەکمان نیە. بەڵام باش ئەوەیە کە ئەگەر هەواڵی مانگرتنی ئاغای گەنجی بەو جۆرە لە ئێراندا دەنگدانەوەی هەبێ کە خەڵکی شارێکیش بۆ ماوەی دە(١٠) رۆژ لەگەڵ هێزەکانی رێژیم دەرگیرن‌و بە سەدان کەسیان لێ دەستگیر دەبێ، بە سەدان کەسیان لێ بریندار دەبێ، کوڕێکیان بەو جۆر ئەشکەنجە دەکرێ‌و بە ناحەق‌و بێ‌گوناح‌و بێ‌تاوان شەهید دەکرێ، ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە‌و باسێکیان لێوە بکرێ. فەرق ناکا موبارێزە موبارێزەیە. ئاغای گەنجی کە لە زینداندا موبارێزە دەکا، خەڵکی کوردستان‌و خەڵکی مەهابادیش موبارێزە بە دژی ستەم‌و بێدادو نابەرابەری دەکەن. حەق وایە ئەوەیش دەنگدانەوەی ببێ. بۆیە لەو بارەیەوە رەنگە راگەیەنە گشتی‌یەکانی ئێرانی لە داخڵ گلەیی‌یان لەسەر بێ. هیوادارین ئەوانیش زیاتر لە جاران تەوەجۆهـ بەو مەسەلەیە بکەن‌و لە ئاستی ئەو جینایەتانەی کە لە کوردستان دەرحەق بە خەڵکی کورد دەکرێ، بێدەنگ نەبن. بەڵام تەکلیفی راگەیەنەکانی رێژیم وەکوو "صدا و سیما"، وەکوو رۆژنامەکانی سەر بە رێژیم مەعموولەن بۆ نموونە ئەگەر تەماشا بکەی لە رۆژنامەی "جمهوری اسلامی"دا خەبەرەکە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام مەسەلەکەی بە تەواوی تەحریف کردوە، بە تەواوی خەڵکی چەواشە کردوە. ئەوە کۆمەڵێك تۆمەتی داوەتە پاڵ حیزبی دێموکرات کە گوایە ئەو خەڵکی تەهدید کردووە‌و هەڕەشەی لە خەڵك کردوە بە کوشتن‌و ئێعدام بۆ ئەوەی خەڵك دوکانەکانیان تەعتیل بکەن‌و بازاڕەکان دابخەن. گۆیا هەڕەشە کراوە کە ئەگەر خەڵك دوکانەکانیان دانەخەن، ئەیان‌کوژن‌و ئێعدامیان دەکەن. ئەوە بە تەواوی درۆیە. حەتتا وتوویەتی حیزب بەیاننامەی سادر کردوە، پێمان باش بوو ئەو بەیاننامەیە دەر بکەوتایە، بزانین چیە؟ حیزبی دێموکرات قەت بەیاننامەی لەو بابەتەی سادر نەکردوە. ئەوە ئەوانن کە دەیانەوێ ئەو جینایەتەی کە خۆیان کردویانە نیسبەتی بدەن بە کەسانی دیکە. ئیعتیرازاتێکی کە خەڵك کردویەتی، بە حەقیش کردویەتی، ئیعتیرازاتێك بووە کە خەڵك بۆ خۆیان بڕیاریان لەسەر داوە، لەبەرە ئەوەی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەتایبەت لە نێو شاری مەهابادا پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیە‌و خۆشەویستی ئەو خەڵکەیە، ئابەوجۆرە تاوانباری دەکەن. ئەگەر دەنگدانەوەیەکی ئەبێ لەلایەن رێژیمەوە ئابەوجۆرەیە کە تەحریفی دەکەن، شتەکە بە پێچەوانەوە نیشان دەدەن. نەهاتون دەردو مەرگی خەڵکەکە نیشان بدەن. لە واقیعدا ئیتلاع رەسانی‌یەك دروست بکەن، بەڵکوو چەواشەکاری دەکەن، وەکوو ئەو چەندین ساڵە لەسەر جووڵانەوەی کورد چەواشەکارییان کردوە. ئینتزارێکی زیاتریش لە رەسانەهای گروهیی ئێران ناکرێ.

**پ: هێندێك کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد کە ئەم دوایانە بوو بە سەرۆك کۆماری رێژیم، هەڵبژێردراوی هێزە نیزامی‌یەکانی سەر بە رێژیم یان بە وتەیەکی روونتر، سوپای پاسداران‌و بەسیج‌و بە کورتی ئەو هێزانەیە کە سەر بە بەیتی خامەنەیین، هەر بۆیە دەبێ لە ئێستاوە چاوەڕوان بین کەشوهەوایەکی تەواو نیزامی‌و پۆلیسی بەسەر وڵاتدا زاڵ بێ. بە بڕوای جەنابتان داخوا ئەم مەسەلەیە دەتوانێ لەگەڵ رووداوەکانی ئەو چەند رۆژەی مەهاباد پێوەندیی هەبێ؟ بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مەسەلەیە کە بە پێی ئەو هەواڵانەی بە دەنگی کوردستانی ئێران گەیشتون، رێژیم لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەك پیرانشارو مەریوان‌و بۆکان‌و سەردەشت، هێزەکانی خۆی لە ئامادەباشیی تەواودا راگرتوە، تەنانەت لە هێندێك شاری وەك مەریوانیش شەقامەکانی بە تەواوی سەنگەربەندی کردوە.**

و: دیاریکردنی مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد وەك سەرکۆمارو رەوتی هەڵبژاردنەکان قسەی زۆر هەڵدەگرێ کە پێم وایە جێگەی باسەکەی ئێمە نیە. ئەوەی کە سەبارەت بە ئەحمەدی‌نەژاد دەبێ بڵێین ئەوەیە کە هاتنی ئەحمەدی‌نەژاد لە واقیعدا یەکدەست کردنەوەی رێژیم‌و کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەست موحافیزەکارەکاندا. هاتنی ئەحمەدی‌نەژاد بۆنی ئاوەدانی‌و پێشکەوتنی لێوە نایە، بۆنی سەرکوت‌و توندوتیژی‌و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵك‌و لەگەڵ ئیعتیرازاتی خەڵکی لێ دێ. بۆ وێنە ئەگەر تەماشا بکەین ئیعتیرازاتێك کە خوێندکارانی تاران بەبۆنەی مانگرتنی ئاغای ئەکبەری گەنجی‌و بۆ پشتیوانی لە ناوبراو لەگەڵ توندوتیژی‌و سەرکوتی بێ‌رەحمانەی هێزە نیزامی‌یەکان بەرەوڕوو بوو، بە شێوەیەك کە لەو چەند ساڵەدا نموونەی بەو جۆرە نەبووە. وەك دەڵێن "سالی که نکوست از بهارش پیداست" هێشتا ئاغای ئەحمەدی‌نەژاد دەسەڵاتی بە تەواو نەگرتۆتە دەست کە لە تاران ئەوە دەکەن‌و وا دەچن بە پێشوازیی ئاغای ئەحمەدی‌نەژادەوە‌و لە مەهابادیش ئەو جینایەتانە دەخولقێنن. زۆر تەبیعی‌یە چاوەڕوانی ئیعتیرازات لە شارەکانی دیکەی کوردستان دەکەن. هەر بۆیە لە

←

**مەسەلەی گەلی کوردە، مەسەلەی بێبەشی‌یە لە مافی نەتەوەیی، مەسەلەی سەرکوتی بێبەزەیی‌یانەیە، مەسەلەی تەبعیزە لە تەواوەتی خۆی‌دا**

**بە هەڵبژاردن یا بە دیاریکردنی ئەحمەدی‌نەژاد، خامەنەیی پەیامی تیرۆری بۆ خەڵك هێناوە، پەیامی تیرۆری بۆ مەنتەقە هێناوەو دەتوانین بڵێین خامەنەیی تیرۆری هەڵبژاردوە**

# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# دیدارو چاوپێکەوتن

## دیدار لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانیو مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دا

بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٤/٤/٣٠، ٢١ی ژووئیەی ٢٠٠٥، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانیyan کردو بەپێی بەرنامەیەکی لەپێشدا دیاریکراو لە سەعات ١١ی بەیانی سەردانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی کردو لە لایەن بەڕێز کاك عومەر فەتاح، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشوازی لــێ‌کرا. لەو چاوپێکەوتنەدا باسێکی سیاسی لەسەر ڕەوشی عێراقو ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە عێراقو دەسکەوتەکانی گەلی کورد لەو ئاڵوگۆڕانەدا کرا.

ڕەوشی ئێستای ناوچە، عێراقو کوردستانی عێراقو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی جارێکی تر بۆ هاوکاری لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی کورد لە عێراقو پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستانو کارە خزمەتگوزارییەکانی بەنیسبەت کوردەکانی کوردستانی ئێران، نیشتەجێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی خرانە بەرباس.

دوای دیدار لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە قەڵاچوالان کردو لە لایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە سەرپەرەستیی بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا پێشوازییان لــێ‌کرا.

لەم دیدارەشدا ڕەوشی عێراقو کوردستان، ئێرانو کوردستانی ئێران خرانە بەرباسو بیروڕایان گۆڕییەوە.

لە کۆتایی‌دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو سەرکەوتنانەی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی بە دەسکەوتی هەموو کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان زانیو ڕایگەیاند هەروەك تا ئێستا لە هەڵوێستەکانماندا دەرکەوتوە، هەوڵمان پاراستنی دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دێموکراسیخوازی لە ناوچەکە دایەو لە داهاتووشدا ئەو سیاسەتە هەر پەیڕەو دەکرێ.

## دیداری شاندێکی پایەبەرزی حیزب لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق

ڕۆژی سێ‌شەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٤/٥/٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٦ی ژوئیەی ٢٠٠٥ی زایینی، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو مستەفا مەولوودیو تەیموور مستەفایی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کەماڵ کەریمیو عومەر باڵەکیو حسێن نازدار ئەندامانی کومیتەی ناوەندی سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراقیان لە هەولێر کردو لە لایەن بەڕێزان کاك کەماڵ شاکر، سکرتێری گشتیو بەڕێزان مەلاحەسەن، سوبحی مەهدیو عەلی زەنگەنەو مامۆستا ڕەوەندو حەیدەر فەیلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو ئەحمەد شێروانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێشوازییان لــێ‌کرا.

ڕەوشی ئێرانو کوردستانو بەتایبەت خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانەی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێرانو بارودۆخی کوردستانی عێراق خرانە بەرباس.

لە کۆتایی‌دا هەردوولا جارێکی دیکە پێیان لەسەر پێوەندیی دۆستانەو لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی شیوعی کوردستان داگرتەوە.

## دیداری شاندێکی پایەبەرزی حیزب لەگەڵ یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی سێ‌شەممە، ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٦ی ژوئیەی ٢٠٠٥ی زایینی، شاندێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو هاوڕێیەتیی بەڕێزان مستەفا مەولوودیو تەیموور مستەفایی، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کەماڵ کەریمیو عومەر باڵەکیو حسێن نازدار، ئەندامانی کومیتەی ناوەند سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستانیان لە هەولێر کردو لە لایەن بەڕێزان غەفوور مەخمووری، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستانو دوکتور شاخەوان خالید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، مام عەبدوڵڵا ئەندامی کومیتەی ناوەندیو کاك عەبدوڵڵا لە مەکتەبی پێوەندییەکان پێشوازییان لــێ‌کرا.

لە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵــی‌دا باسێکی سیاسی لەسەر وەزعی ناوچەو کوردستانو دەوری هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان کراو سەرکەوتنی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان وەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو ئاماژەی پێ‌کرا. دواتر هەردوو حیزب لەسەر دۆستایەتیو پێوەندییە سیاسیو نەتەوەیی‌یەکانیان پێیان داگرتەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب لە سەرکردایەتیی یەکیەتیی شۆڕگێڕانی کوردستان

ڕۆژی سێ‌شەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٤/٥/١١ی هەتاوی، هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی ئەو ڕێکخراوە بە سەرپەرستیی بەڕێز کاك حسێن یەزدانپەنا بەگەرمی پێشوازییان لــێ‌کرا. لەو دانیشتنە دۆستانەیەدا بارودۆخی ئەمڕۆی ئێرانو کوردستان خرانە بەرباسو بەتایبەت لەسەر ڕووداوەکانی سێ حەوتووی ڕابردووی کوردستان بە درێژی باس کراو بیروڕاکان لەو بارەوە ئاڵوگۆڕ کران. هەردوولا ئەو ئیعترازاتەیان لە لایەك بە نیشانەی زوڵم‌وزۆری ڕێژیم لە کوردستانو لە لایەك چوونەسەری پلەی وشیاریو ئاگاداری خەڵكو سووربوونیان لەسەر ویستو داخوازەکانیانو دەربڕینی نارەزایەتیی توند بە دژی کردەوە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم زانی. هەردوولا ڕێزیان لە هاوخەباتیو پشتیوانی خەڵکی شارەکانی کوردستان گرتو ئەو هاوپێوەندی‌یەیان بە نیشانەی هەستی بەرزی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لێك دایەوە.

لەو دیدارەدا باس لە ئەرکی قورسی سەرشانی حیزبە کوردستانی‌یەکان کراو هاوفکریو هاودەنگییان لەو پێوەندییەدا بە خاڵێکی گرنك لەقەڵەم دا.

❊❊❊

## سەردانی شاندێکی پارتیا ئازادی کورد لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/٥/٦ بەرانبەر ٢٠٠٥/٧/٢٨، شاندێکی پارتیا ئازادی کورد لە سوریە کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان خەیرەدین موراد، سکرتێری پارتیا ئازادی کوردو مستەفا جومعەو نەواس عەموکە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو عومەر بیرو ئەندامی کومیتەی ناوەندی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد کە لە لایەن بەڕێزان کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو کاك محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیو کاك کەماڵ کەریمیو کاك ڕۆستەم جەهانگیریو کاك لوقمان مێهفەرو کاك محەممەدساڵح قادری، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێشوازییان لــێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا بارودۆخی کورد لە ئێرانو سووریەو ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٣ی حیزب خرانە بەرباس.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوو حیزب لەسەر پێوەندیی دۆستانەو برایانەی هەردوولا پێیان داگرتەوە.

# نامەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەڕێز کوفی عەننان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بە پێویست دەزانم ئاگادارتان بکەم کە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شانزدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە وییەن بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا و هەروەها کوژرانی لاوێکی مەهابادی بەناوی کەماڵ ئەسفەرام، هەڵبژاردنی مەحمودی ئەحمەدی‌نەژاد وەك یەکێك لە عامیلانی ئەو تیرۆرە بە سەرۆك کۆماری ڕێژیم، زنجیرە حەرەکەتێکی ئیعترازی ئارامیان وەڕێ خست. بە داخەوە ئەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یە ئارامانە لە هەموو شارەکانی کوردستان لە لایەن دەزگا ئیتلاعاتی و هێزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە خوێن وەردران و لە گەڵ سەرکوتی زۆر توند و بێ بەزەییانە بەرەو ڕوو بوون بە دەیان کەس لە خۆپێشاندەران بە تەقەی چەکی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون کە تا ئێستا جەنازەی چەند کەسیان بەم ناوانە شوناسایی کراون:

١- عومەر ئەمینی ٢ـ بایزید مەعروفی ٣- جەمیلە خزری ٤- حەکیمە سوور ٥- لوقمان نەسرواڵهی ٦- محەممەد شەریعەتی ٧- حوسێن ڕەمەزانی ٨- فەرزاد محەممەدی ٩- شادمان محەممەدی ١٠ـ حسین عبدی.

هەروەها زیاتر لە ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون و ژمارەیەکی لەوەش زیاتر دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کراون و لە ژێر ئەشکەنجەی توند و بێ ڕەحمانەی جەللادەکانی ڕێژیم دان و لە گەڵ چارەنووسی نادیار بەرەو ڕوو کراون بە جۆرێك کە تا ئێستا ٤ کەس لە دەستگیر کراوەکانی شاری مەهاباد لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست داوەو تەرمەکانیان تەحویلی بنەماڵەکانیان دراونەوە.

ئێستا هەموو شارە کوردنشینەکانی ئێران لە چوار ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام بە تەواوی میلیتاریزە کراون و حکوومەت نیزامیان تێدا بەڕێوە دەچێ. هێزەکانی ڕێژیم لە سوتاندن و ئاگر تێ بەردانی دوکان و بازاڕی شارەکان دەست ناگێڕنەوەو خەڵکیان تووشی زەرەرو زیانێکی قەرەبوو نەکراو کردووە. بریندارەکان لە نەخۆشخانەکاندا بە بێ چارەسەری پزیشکی بە هۆی هێزەکانی ڕێژیمەوە ڕەوانەی شکەنجەگاکان دەکرێن و زۆربەی بریندارەکانیش لە بەر ئەوەی لە نەخۆشخانە نەکەونە دەست هێزەکانی ڕێژیم لە پەناگاو ماڵەکان دا ماونەوە و دەستیان وە پزیشك و دەرمان و ئیمکاناتی پزیشکی ڕا ناگا. هەر تەجەموعێکی ٣ کەسی و هەر هاتووچۆیەکی خەڵك قەدەغەیە و ئەمەنییەتی گیانی و ماڵی خەڵك لە مەترسی جیددی کەوتووە.

لەو پێوەندی‌یەدا بێ دەنگی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، بۆ خەڵکی کوردستان جێگای سەرسووڕمانە. هەر چەند تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ جار کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە هۆی پێ‌شێل کردنی مافی مرۆڤ، مەحکووم کراوە، بەڵام ڕێژیم هەرگیز ئاڵ و گۆڕێکی بە قازانجی دێموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ، لە ڕەفتاری خۆیدا پێك نەهێناوە کە ئەوەش نەك نابێ ببێتە هۆی بێ دەنگ و بێ تەفاوەت بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەو ڕێکخراوەیە بەڵکوو دەبێ هانیان بدا بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی جیددی تر لە گەڵ ئەو ڕێژیمە. چوونکە بێ تەفاوەتی بەرانبەر بە ڕەفتاری دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو ڕێژیمەی بۆ درێژەدان بە جینایەت و پێ شێل کرانی مافی مرۆڤ، زیاتر هاندەدا و دەستی ئاواڵەتر دەکا.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمێژە لە دژی حکوومەتە دیکتاتۆری‌یەکانی زاڵ بە سەر ئێران دا بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی و دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا خەبات دەکا بۆیە حەق نیە ئەو گەلە ئازادیخوازە، کە بە تاوانی ئازادی خوازی بۆتە قوربانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و بێ بەزەییانە سەرکوت دەکرێ لە بەر چاو وون بکرێ.

ئێمە داوا دەکەین کە لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوەکانی یەك مانگی ڕابردوو لە کوردستانی ئێران دا هەنگاوی بە پەلە هەڵبگرن و لانی کەم هەوڵ بدرێ:

١ـ هەیئەتێکی سەر بە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئێران و کوردستان بکا و لەنیزیکەوە لە ڕووداوەکان بکۆڵێتەوە.

٢ـ فشار بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دەستگیر کراوەکانی حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی ئەم دوایانەی شارەکانی کوردستان ئازاد بکا.

٣ـ دەرەتان بۆ ئەو کەسانەی کە بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بریندار بوون بڕەخسێ تا بێ ترس لە گیران و شکەنجە کردن سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن و چارەسەری برینەکانیان بکرێ.

٤ـ لە چۆنیەتی کوژرانی ئەو کەسانە بکۆڵدرێتەوە کە پاش دەستگیر کران و ئەشکەنجە لە زیندانەکانی ڕێژیم دا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

ئەوانە ڕەنگە کەمترین چاوەڕوانێك بن کە گەلی ئازادی و ئاشتی خوازی کورد لە بەڕێزتان و لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی هەیە. چاوەڕوان و هیوادارین هەنگاوی بە جێ و بە پەلەتان، ئەو هیوایە لە دڵی ڕۆڵەکانی گەلی کورد وەك گەلێکی دێموکراسی خواز، ئاشتی خواز، دژی تیرۆریزم و پابەند بە ئوسوڵ و پەسند کراوە ئینسانی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز بکا، کە ئازادیخوازان و دێموکراسی خوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ، لە بەرانبەر دیکتاتۆری و تیرۆریزم و دەسەڵاتەکانی ناتەبا لە گەڵ ڕووحی سەردەم دا بە تەنیا نامێننەوە.

بە چاوەڕوانی‌یەوە دەڕوانینە هەوڵی بەڕێزتان.

**ڕوونووس بۆ** / کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**لە گەڵ سوپاس**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری**

٦ /٨/ ٢٠٠٥ - ١٥/ ٥/ ١٣٨٤

# درێژەی وتووێژی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لەگەڵ بەڕێز عەلی مێهر یەروەر

حــاڵی ئامادەبــاش دانو لــە شــارەکانی پیرانشــار، مــەریوان، ســەقز، ســنەو لــە هەموو شارەکان ئەو حاڵەتەیان بــە خــۆوە گرتووەو ئینتزاری پشــتیوانیو حەرەکــەتی ئیعــتیرازی دەکــەن لــەو شــارانە. بۆیــە نایانەوێ غافڵگیر بن، دەیانەوێ هەر بــەو جۆرە کە لە مــەهاباد جینایــەتیان کــرد، ئەوانە بــە شــێوەی ســەرکوتو بەشــێوەی جینایەت لەگەڵ خەڵك بەرەوڕوو ببنــەوە. دەوڵــەتی خاتــەمی هەرچــەند ئــاخرین ڕۆژەکــانی تەمــەنی خــۆی تێپــەڕ دەکــاو قاعیدەتــەن نــەدەبوو لــەو ئاخرانــەدا توندوتیژی بنوێنێ. ئەو کارانە کە کــراون ڕاستەوخۆ ئەحمەدی‌نەژاد ماوەیەکی دیکە دێتە سەرکار، بەڵام بە حیسابی دەوڵــەتی خاتــەمی دادەنــرێن. مەسئوولیش هــەر ئــەوانو زۆر تەبیعی‌یــە بــە هــاتنی ئەحمەدی‌نــەژاد دەبــێ چــاوەڕوان بــین توندوتیژی زۆرتر، لە واقیعدا چ لە سەتحی ئێران بەگشتیو چ لە ســەتحی کوردســتان بەتایبەتی بێتە ئاراوە.

**پ: بە بڕوای ئێــوە ئــەو حەرەکەتــەی خــەڵکی قارەمــانو شۆڕشــگێڕی شــاری مەهاباد تەنیا حەرەکەتێك دەبێ کە لــەو چوارچێوەیەدا لە سەرتاسەری کوردستاندا دەکرێ؟**

و: زۆر سروشــتی‌یە کــە مەســەلەی خەڵکی مەهابادو سیاسەتی ڕێژیم تــەنها لەو دوانەدا خولاسە نابێتەوە. ئەوەی کــە خــەڵکی مــەهاباد لــە دەســتی ڕێــژیمی چێشتوە، خەڵکی شارەکانی دیکــەش وەك کرماشان، ئیلام، سنە، سەقز، ورمــێ، مــەریوان، پیرانشــار، سەردەشــتو هــەموویان ئــەو تــاڵیو ســوێری‌یەیان چێشتوە. سیاسەتی ڕێژیمیش نیسبەت بــە هەموو شارەکانی کوردستان سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە بووە. مەســەلەی خــەڵکی مــەهاباد مەســەلەی گــەلی کــوردە، مەسەلەی بێبەشی‌یە لە مافی نەتــەوەیی، مەســەلەی ســەرکوتی بێ‌بەزەیی‌یانەیــە، مەسەلەی تەبعیزە لە تــەواوەتی خــۆی‌دا. لە سنەش هەروایە، لە پیرانشاریش وایــە، لە کرماشان وایە، لــە هــەموو شارەکانی دیکە وایە. لە مــەریوان وایــە لــە بۆکــان وایە. کاتێك دەردێك لە ســەراســەری ئــەو مەنتەقەیــە هەیــەو هــەموو شــارەکانو هــەموو خــەڵکی ناوچــەکە بــەو دەردەوە دەناڵێنن، زۆر سروشتی‌یە دەردی شــارێك دەردی ئــەوانی دیکــەش بــێ‌و خــەڵکی شارەکانی دیکە هــاودەردیو هاوخــەمیی لەگەڵ هاونیشتمانەکانیان بکــەن کــە بــە تــاوانی کوردبــوونو بــە تــاوانی گــەلی دەرەجەدوو بــوون دەکەونــە بــەر هێــرشو ئەگەر حەرەکەتێك لەو شارانەدا دەبینرێو ئەگەر ڕێژیم ئامادەباشێك ڕادەگەیــەنێ، ئەو هێز هێنانە بۆ ترسێکە لەو حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یانە کە دەترســێ پــەرە بگــرێو سەراســەری کوردستان بگرێتــەوە. بــەڵام خەڵکیش ئاگادارن، خــەڵك بــاش دەزانــن چۆن دژکردەوە لــە خۆیــان نیشــان بــدەن، خەڵك باش دەزانن چۆن حەرەکــەت بکــەن کە کــەمتر زەربــە بخــۆن، لــە چ کاتێــکدا حەرەکەت لە خۆیان نیشــان بــدەن، لــە چ کاتێکدا سکووت بکەنو لــە چ کاتێــکدا هاوار بکەن. بۆیە ڕێژیم دڵنیا بێ لەوە کە دەردی خەڵکی مــەهاباد دەردی خــەڵکی ســنەیە، دەردی خــەڵکی ســنەش دەردی شارەکانی دیکەیــەو هاوپێوەندی‌یــەك لــە بەینی خەڵکی شــارەکانی کوردســتان لــە ئیلامــەوە بگــرە تــا کرماشــان، ســنە، مــەهابادو هــەموو شــارەکانی دیکــەو هەموو دێهاتەکان یــەك دەردیــان هەیــەو یەك موشکیلاتیان هەیەو تەبیعی‌یــە کــە لەگەڵ یەك هاودەردیو هاوخەمی بکــەن. بــەڵام شــێوەکەی موتەفاوتــە، کاتەکــەی موتەفاوتـــەو هـــەر شـــارێك، هـــەر مەنتەقەیـــەك، خەڵکەکـــەی تەشخیســـی ئەدەن کە دەبێ چ بکەن، لــە چ وەختێکــا کارێك بکەن، لــە چ وەختێکــا نەی‌کــەن. بــەو شــێوەیە خۆیــان تەشخیســی دەدەن. بەڵام ئەوەندە هەیە کە ڕێژیم بــاش بزانــێ مەهابادو خەڵکی مەهاباد بە تەنیا نین.

**پ: جەنابتان تەقارۆن یــا هاوکــاتیی جینایەتــەکانی هێزەکــانی ڕێــژیم لەمــەڕ کوشتنی شوانەی سەید قادرو حەرەکەتی خەڵکی مەهاباد بە دژی ئەو جینایەتــەو ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبــەری مــەزن کــاك دوکتور قاسملوو، ئەویش هەر بــە دەســت ئــەو ڕێژیمــە، چــۆن دەبیــنن‌و چــۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

و: وەك پێشتریش باســم کــرد دەکــرێ بڵــێین شــەهیدکرانی شــوانە یەکــەم شقارتەیەك بوو درا لە خەرمانی تــووڕەیی خــەڵکی مــەهابادو خــەڵکی کوردســتان. خەڵك ئامادەگیان بوو بۆ ئــەوەی کــە بــە بۆنــەی شــازدەهەمین ســاڵڕۆژی تــیرۆری دوکتور قاسملوو مەراسمێك بەو جــۆرە کــە بۆخۆیــان پێیــان بــاش بــوو، بگــرن، بەتایبەتی مەســەلەیەك کــە ئیمســاڵ زەق بۆوە، ئەویش ئەوەیــە کــە دەبیــنین چــەند ڕۆژی دیکە یەکێك لە گرووهی تــیرۆر یــا یــەکێك لــە قاتڵــەکانی دوکتــور قــاسملوو جڵــەوی دەســەڵات لــە ئێــران دەگرێتــە دەستو بووە بە ســەرکۆماری ئێران. بــە هەڵبــژاردن یــا بــە دیــاریکردنی ئەحمەدی‌نەژاد، خامەنەیی پەیامی تیرۆری بۆ خــەڵك هێنــاوە، پــەیامی تــیرۆری بــۆ مەنتەقــە هێنــاوەو دەتــوانین بڵــێین خامەنەیی تیرۆری هەڵبژاردوە. بۆیە هــەم هاتنی ٢٢ی پووشپەڕو هەم شــەهیدکرانی شوانە دەستیان بە دەستی یەکــەوە دا تــا ئەو حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یە بخولقێنن بــۆ ئەوە ئەو دژکردەوەیە لە خەڵکی مــەهاباد ببینرێ کە نیشانەی زیندوویی، نیشــانەی هوشیاریو نیشانەی پێگەیشــتوویی ئــەو خەڵکە بوو. بەتایبــەتی ئەگــەر دیقەقــەت بکـــەین ڕۆژی ٢٢ی پووشـــپەڕ کـــە دوکانــەکان سەراســەر دادەخــرێ، ئــەو ئیعتیرازە ئیعتیرازێکــی مــەعنادار بــوو. نیشــانەی ئــەوە بــوو کــە ئــەو خەڵکــە یەکپارچــە موعتــەرێزنو نــاڕازین لــە سیاسەتی ڕێژیمو بەتایبــەت لــەو ڕۆژەشــا نیشــانەی ئــەوە بــوو کــە شــەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە شازدە ساڵ لەمەوپێش مەحکووم دەکەن، بەتایبەت پەیامێك بوو بۆ ئەحمەدی‌نەژادو بۆ تیرۆریستەکان.

❊❊❊

# چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب

## مەهاباد

شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٤، بە بۆنەی ١٦هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەستی ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ڤیەنی ئوتریش، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە مەهاباد لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا سەدان تراکت و وێنەی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و هەروەها ئارمی حیزب و دەقی وتە بەنرخەکانی شەهیدی ڕێبەر لەمەڕ نرخی ئازادییان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

گەڕەکەکانی: باغی سیسە، مزگەوتی سەعدی، تەپەی قازی، دۆڵی کەرویشکە، بەهارستان، کوی پیروزو کۆڵانی دامپزیشکی و شەقامی شاریکەندی و ترمینالی قەدیم و قەسابخانە

تراکتەکان ئەم دروشمانەیان لێ‌نووسرابوون: "قاسملوو لە بیرو ڕێبازدا زیندووە"، "بە تیرۆری دوکتور قاسملوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووی دزێوی خۆی زیاتر بە خەڵکی دنیا نیشان دا"، "لە ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا خەڵکی کوردستان نەفرەت لە تیرۆرو تیرۆریستان دەکەن"، "لاوانی کۆڵنەدەری کوردستان درێژەپێدەری ڕێگای دوکتور قاسملووی شەهیدن"، "قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی سێ ئەستێرەی پڕشنگدارن لە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و "بژی یەکریزی و هاوخەباتیی گەلانی ئێران بۆ تێکڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران"

## سنە

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە سنە لە چالاکی‌یەکی تەبلیغی‌دا بە بۆنەی جینایەتەکانی ڕێژیم لە شاری مەهاباد و پشتیوانی لە خەڵکی ئەو شارە ڕاگەیەندراوێکیان لە ژێر ناوی "پشتیوانی لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیی خەڵکی شاری مەهاباد" کە تێی‌دا داوا لە خەڵك کراوە بە هەر جۆرێك کە دەتوانن لە ڕێگەی بەڕێکردنی نامە، فاکس، تەلەفون و ئیمەیل بۆ ڕاگەیەنە جیهانی‌یەکان کردەوە دژی‌گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لەقاو بدەن و مەحکوومی بکەن، لەگەڵ وێنەی شوانەی سەیدقادر لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

ـ شەقامەکانی: ژاندارمێری، وەکیل، مەردوخ، شاپوور، فەرەح، ٢٥ی شەهریوەر، سەلاحەدین، تاڵەقانی، سەیدقوتب و سەفەری

ـ گەڕەکانی: بلواری کوردستان، تازاوا، ناوشێخان، قەڵا چوارلان، قەتارچیان، جۆراوا، دەورووبەری هۆڵی تەختی، تەپەی شێخ سەلام، تەپەی ئەولیابەگ، نمەکی، ئاغەزەمان، مەیدانی ئازادی و سەیرانگای ئاویەر

ڕێگاکانی: تاقەدار ـ ئاویەر، کانی شەفا ـ ئاویەر، کوێزوکوێر ـ ئاویەرو پەناگای ئاویەر

* ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/٥/٦، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە سنە لە چالاکی‌یەکی سەرنجڕاکێشی تەبلیغاتی‌دا ژمارەیەکی زۆر تراکت و دروشمی حیزبی و نەتەوەیی‌یان لەم شوێنانەی خوارەوەی سنەدا بڵاو کردەوە:

شەقامی فێردۆسی، شەقامی ٦ی بەهمەن و پاساژەکانی بەهارەو شاهۆو سەدەف

هەروەها شەوی هەینی لە درێژەی ئەم چالاکییانەدا لە بەشێ لە کۆڵانەکانی سنەدا تراکتی حیزبی بڵاو کرانەوە.

شیاوی باسە کە ئەم چالاکیە تەبلیغاتییانە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ‌کراو بوو بە هۆی هیواو دڵگەرمی و خۆشحاڵیی ئەوان و هەروەها لە پاش ئەم چالاکیانە هێندێ لە شەقامەکان بەتایبەت شەقامی فێردۆسی و ٦ی بەهمەن لە لایەن هێزە بەسیجی و ئینتیزامی‌یەکانەوە گەمارۆ دران.

## ناوچەی جوانڕۆ

بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ١٦هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەنی ئوتریش، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا لەسەر چوار پارچەی سپی لەسەر تابلۆی ڕاهنمایی‌ورانندەگی لە ڕێگای گوندی سەفی‌ئاوا ـ باخی میران بەرەو لای بەنداو کە ڕێگای هاتوچۆی موسافیرەکانە نووسیبوویان: "سلاو لە قاسملوو شەهیدی ڕێگای ئازادی"، "بژی حیزبی دێموکرات"، مەرگ بۆ خامنەیی" و "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی".

## ناوچەی شاهین دژ

بە بۆنەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ١٦هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەنی ئوتریش دا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی شاهین دژ لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا وێڕای نووسینی دروشمی حیزبی و شۆڕشگێڕانە، فیلمی لە شێوەی CD و بڵاڤۆکە حیزبی‌یەکانیان بڵاو کردۆتەوە.

بەشێ لە دروشمەکان بریتی‌بوون لە:

"سلاو لە قاسملوو"، "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و "مەرگ بۆ ڕێژیمی شەوپەرستی ئێران"

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتییان تیا کراوە بریتین لە:

فەلەکەی قیام، جادەی بۆکان ـ شاهین دژ، ترمینالی شاهین دژ ـ میاندواو، جادەی شاهین دژ ـ میاندواو، ترمینالی تیکاب و دەوروبەری

گوندەکانی: ئاکتەپە، سروجە، گراو پردی سنجود

## ئیلام

بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە خۆپیشاندانی بەرین و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئازادیخوازی شارەکانی کوردستانی ئێران و هاوپێوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدبووان و بریندارانی ئەم ڕووداوانە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئیلام چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا داوایان لە خەڵك کردوە کە بۆ پشتیوانی‌کردن لە ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان نارەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر ڕێژیمی دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامی‌دا دەربڕن.

هەروەها لەم چالاکی‌یەدا دروشمەکانی "سلاو لە حیزبی دێموکرات ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی"، "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "سلاو لە قاسملوو"، "بژی کوردستان" و "کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی‌یە نەمەزهەبی و دەبێ ئێمەش ڕاپەڕین" نووسرابوون و وێنەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو کرابۆوە.

## ناوچەی دیگولان

بە بۆنەی هاتنی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٠هەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی دیگولان کۆمەڵێك چالاکی تەبلیغاتییان لە جۆری بڵاوکردنەوەی دروشم و تراکتی حیزبی و نەتەوەیی لە گوندەکانی قادرمەرز، ساقاوا، باشاخ، کوناقەل، تووەڕەش و جوامیراوادا بەڕێوەبرد.

# ڕاگەیەندراوی چاپەمەنی لە پێوەندی لەگەڵ حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یەکانی دوو ڕۆژی ڕابردوو لە شارەکانی بانەو سنەو دیواندەرە

شەوی ٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی هێزەکانی ڕێژیم لە دۆڵی نجنێ سەر بە شارستانی بانە چەند کاسبکارێکی خەڵکی ناوچەیان دایە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان و کەسێکیان بە ناوی حەکیم ناسراو بە حەکیمە سوور کوشت و کەسێکی دیکەیان بە ناوی لوقمان نەسروڵلاهی کوڕی سەید عەولا خەڵکی بانە بریندار کرد. هەر چەند خەڵکی ناوچە زۆر هەوڵیان دا کە هێزەکانی ڕێژیم ئیجازە بدەن بریندارەکە بگەیەننە نەخۆشخانە، بەڵام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەك خۆیان لەو کارە بوارد بەڵکوو تیری خەلاسیان لە بریندارەکە داو ئەویشیان کوشت.

بۆ ئیعتیراز بەم ڕەفتارەی هێزەکانی ڕێژیم و بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی شارەکانی مەهاباد، سەردەشت، پیرانشارو شنۆ خەڵکی شاری بانە سەر لە بەیانی ڕۆژی ٨ی گەلاوێژ ڕژانە سەر شەقام و چوارڕێ‌یەکانی شارو دروشمی دژی ڕێژیم و دروشمی پشتیوانی لە جووڵانەوەی گەلی کوردیان دا.

هێزەکانی ڕێژیم لە بانەش هەڵیان کوتایە سەر خەڵك و خۆپیشاندەران و کەوتنە ئازارو ئەزیەتی خەڵك بە مەبەستی بڵاوە پێ‌کردنیان، بەڵام بەو حاڵەش ئەم حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یە تا شەو درێژەی هەبوو. شار ئێستا حاڵەتێکی تەواوی نیزامیی بە خۆیەوە گرتوە و هێزەکانی ڕێژیم بەردەوامن لە سەرکوتی خەڵکی شاری بانە.

لە شاری سنەش لە ساعەت ١٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٨ی گەلاوێژەوە تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە مانگرتنێك لە لایەن ژمارەیەك لە خوێندکارانەوە لەبەر ئوستانداریی ئوستانی کوردستان بەڕێوە چوو. مەبەستی خوێندکاران هەر وەك لە پلاکاردانەدا کە بە دەستیانەوە بوو دەر دەکەوت ئازادیی ئەو زیندانی‌یانە بوو کە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو دوابەدوای حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یەکانی شارەکانی مەهاباد، سەردەشت، شنۆ، پیرانشار دەستگیر کراون.

ئێوارەی ڕۆژی ٨ی گەلاوێژ خەڵکی شاری دیواندەرەش بە ئیعتیراز بە سەرکوتی خەڵکی شارەکانی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە و بە مەبەستی ئازاد کردنی دەستگیرکراوەکانی شارەکانی مەهاباد، سەردەشت، شنۆ، پیرانشار، حەرەکەتێکی ئیعتیرازیی ئارامیان وەڕێ خست کە ئەو حەرەکەتەش لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بەرەوروو بوو.

ئێستا وەزعی شارەکانی کوردستان بە گشتی ئاڵۆزەو لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بە توندی میلتاریزە کراون. هێزەکانی ڕێژیم و دەزگا ئیتیلاعاتی‌یەکان هەروا درێژە بە ئەزیەت و ئازاری خەڵك و دەستگیرکردن و ڕەوانەی زیندان کردنی خەڵك دەدەن.

بە سەرنج دان بە وەزعی شارەکانی کوردستان داوا لە بیروڕای گشتی و کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان دەکەین زیاتر سەرنج بدەنە سەرکوتی بێ‌بەزەیانەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە دەست هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە پێوەندی‌یەدا بێ‌دەنگ و بێ تەفاوەت نەبن.

**سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٥/٩**

# ڕاگەیەندراوی خەبەری

ڕۆژی چوار شەممۆ ١٢ی گەلاوێژ ژمارەیەك لە لاوانی شاری بۆکان سەعات ٦ی ئێوارێ لە فەلەکەی فەرمانداری کۆبوونەوەیەکی ئیعتڕازی‌یان بە مەبەستی پشتیوانی لە حەرەکەتە ئیعتڕازی‌یەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان پێك هێناو بەرەو نەخۆشخانەی کۆن ڕێپێوانیان دەست پێ کرد. دروشمی خۆپێشاندەران دێموکراسی، دێموکراسی ، فیدرالیزم فیدرالیزم، قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە بوو.

ئەو ڕێپێوانە بۆ ماوەی دوو سەعات تا ٨ی ئێوارێ درێژەی هەبوو. هێزەکانی ڕێژیم خۆپێشاندەرانیان دایە بەر هێرش و ژمارەیەکیان لێ دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کردن.

لە شاری پاوەش ڕۆژی پێنج شەممۆ و جومعە ١٣ و ١٤ی گەلاوێژ خەڵك بە گشتیی بە ئیعتڕاز بە ڕەفتاری ڕێژیم و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە کوردستان و بە نیشانەی پشتیوانی لە حەرەکەتە ئیعتڕازی‌یەکانی ئەم دووایانەی شارەکانی کوردستان دوکان و بازاڕی شاریان داخست و دەستیان لە کار کێشایەوە.

لە سەقز ڕۆژەکانی جومعەو شەممۆ ١٤ و ١٥ی گەلاوێژ دوکان و بازارەکانی بە تەواوی تەختە کران، خەڵك لە ژێر چاوەدێری توندی هێزەکانی ڕێژیم دان و گرتنی لاوان درێژەی هەیە.

لە جوانڕۆش ڕۆژی پێنج شەممۆ ١٣ی گەلاوێژ سەعات ٧ی ئێوارێ ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی جوانڕۆ لە پشتیوانی لە حەرەکەتە ئیعتڕازی‌یەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستان دا و بە ئیعتڕاز بە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی شارەکانی کوردستان ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیان بە دروشم دان کرد.

دروشمەکانی خۆپێشاندەران بریتی بوون لە : نەمان بۆ تیرۆریزم، مەرگ بۆ پیاو کوژان، سلاو لە دێموکرات. خۆپێشاندەران پاش ئەوەی کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان بردە سەر بانکەکانی سپا و بیمەی ئێران لە مەیدانی بەسیج و شووشە و پەنجەرەکانیان شکێندرا. گاردی ویژەی دژی شۆڕش لە سەرکوتی خەڵك دا بەشدار بوون. خۆپێشاندانەکە تا سەعات ١٢ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ درێژەی کێشا.

لە مەهاباد ئێوارەی ڕۆژی جومعە ١٤ی گەلاوێژ ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوان لە مەیدانی ئیستقلال ئاگریان کردەوەو بنکەی هێزەکانی ڕێژیمیان لە نیزیك مەدرەسەی حەسەن زادە بەردباران کرد. هێزەکانی ڕێژیم بە تەقە کردن لە خۆپێشاندەران هەوڵی بڵاوە پێ کردنیان دا.

سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممۆ ١٥ی گەلاوێژیش سەر لە نوێ دوکان و بازاڕەکانی شار بە ئیعتڕاز بە درێژەی دەستگیر کردنی خەڵك بە تەواوی تەختە کران.

**سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٥/١٥**

# هەواڵەکانی کوردستان

## بە هۆی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمەوە هاووڵاتی‌یەك لە ناوچەی سەلماس گیانی لەدەست دا

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/٤/٢٧ی هەتاوی، کەسێك بە ناوی "کەریم مەولاوی"، کوڕی شاهین، خەڵکی گوندی "کەشکاوێژ"ی سەلماس کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خەریکی کاروکاسبی بوو، لە گوندی "حاجی جەهان" لە لایەن مۆڵگەیەکی هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیمەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژو لە ئاکامدا گیانی لەدەست دەدات.

## بۆ پێشگیری لە خۆپیشاندانی خەڵکی مەریوان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد و داخوازی‌یەکانیان شار بارودۆخی حکوومەتی نیزامیی بەخۆوە گرتوە

خەڵکی مەریوان کە خۆیان ئامادە کردبوو، ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/٤/٣٠ بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد و داخوازییەکانیان بۆ ناساندنی بکوژانی شوانەی سەیدقادر، خۆپیشاندانێکی هێمنانە و بەدوور لە توندوتیژی بەڕێوە ببەن، هێزەکانی ڕێژیم کە لە هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری تۆقیون، بۆ کونترۆڵکردنی هەموو شەقام و جاددەکان وەك چوارڕێکانی بایەوەو ئەسڵی و شەبڕەنگ لە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی تەنانەت سێ کەسیش پێشگیرییان دەکرد. هێزەکانی ڕێژیم (هێزی ئینتیزامی، ئیتلاعات، بەسیج و لیباس شەخسی‌یەکان) بۆ بیانوویەك دەگەڕان کە دۆخەکە بەرەو توندوتیژی و سەرکوت و داپلۆسینی خەڵك بەرن کە خەڵکی وشیاری مەریوان بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانە دژی‌گەلی‌یەکانی ئەوان لە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان خۆیان بوارد.

شیاوی باسە کە ماوەی چەند ڕۆژە شاری مەریوان کەشەهوایەکی نائاسایی بەخۆوە گرتووە و سەرجەم هێزەکانی ڕێژیم لە ئامادەباشی تەواو دان و هەروەها لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا سێ کاسبکاری بێ‌تاوان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کوژراون و بەرپرسی ئەنجوومەنی ئەدەبی ئاوایی "نێ"یش بۆ ئیتلاعات بانگ کراوە.

## گیان لەدەستدانی لاوێك لە ژێر ئەشکەنجەی هێزەکانی ڕێژیم و درێژەی نارەزایەتیی خەڵکی مەهاباد

ڕۆژی شەممە، ١٣٨٤/٥/١، خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی مەهاباد بە مەبەستی ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی و دەستبەسەرکراوانی ١٠ ڕۆژ لەمەوپێشی ڕووداوەکانی ئەو شارە، دەستیان داوەتە مانگرتن و داخستنی دوکان و بازاڕەکانی شار. هەروەها تا دێت کونترۆڵی چوارڕێکان و شەقامەکانی شار لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە کە زۆرتر لیباس شەخسین، پەرە دەستێنێ.

شایانی باسە کە یەکێك لە بەندکراوانی چەند ڕۆژ لەمەوپێش لە بەندیخانەی ورمێ‌دا بە هۆی ئازارو ئەشکەنجەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە گیانی لەدەست داوە.

## لە ئاکامی دەستڕێژی سەبازێکدا لە مەهاباد سەربازێك کوژرا و چواری دیکەش بریندار بوون

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/٥/٦، تویوتایەکی ٣ ئێف کە دوو کەسی تیا دەبێ لە بەرانبەر ئیدارەی ئاگاهی شاری مەهاباددا ڕادەوەستێ و سەربازێکی خەڵکی بۆکان بە هۆی گێرەوکێشە لەگەڵ سەبازو دەرەجەدارەکانی دیکەی ئەو بنکەیەدا تەقە لە ژمارەیەکیان دەکا کە لە ئاکامدا سەربازێك دەکوژرێ و چوار سەربازی دیکەش بریندار دەبن.

## باوکی شوانە خوازیاری ئازادکردنی بەندکراوانی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی شارەکانی کوردستانە

ڕۆژی هەینی، ١٣٨٤/٥/٧، کاربەدەستانی ڕێژم دەچنە لای باوکی شوانەو دەیانەوێ لە باتی کوژرانی کوڕەکەی دیەی پێ‌بدەن. بەڵام باوکی شوانە پێیان ڕادەگەیەنێ کە دەبێ پێش لە هەموو شتێك سەرجەم بەندکراوەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە ئازاد بکرێن ئەگینا خەڵك درێژە بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خۆیان دەدەن.

## بۆ نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە کوشتنی کاسبکارێك خەڵکی شاری بانە خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست

لە "دۆڵی نجنێ"ی ناوچەی بانە تەقە لە ماشینی کاسبکارەکان دەکەن کە لە ئاکامی ئەو دەستڕێژی‌یەدا شۆفیری ماشینەکە بە ناوی "حەکیمە سوور" خەڵکی "کانی بەرد" گیانی لە دەست دەداو هەروەها کەسێکی تریش بە ناوی "لوقمان نەسروڵلایی" کوڕی سەید عەبدوڵلا، خەڵکی شاری بانە لە کاتێك دا کە بریندار بووە هێزە دژی گەلی‌یەکانی ئینتیزامی دەچنە سەری و سەرەڕای داوای خەڵکی گوندی "دۆڵی نجنێ" بۆ گەیاندنی بە نەخۆشخانە، تیری خەلاسیان لێ داوەو کوشتویانە.

خەڵکی شاری بانە کە هەواڵی ئەم جینایەتە دەبیسن، دژی ئەم کردەوەو بە پشتیوانی لە ڕاپەرینی نارەزایەتیی خەڵکی شارو گوندەکانی دیکەی کوردستان سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ١٣٨٤/٥/٨ دەڕژێنە شەقامەکان و لە پاساژی نووری تا فەلەکەی ناوەڕاستی شار خۆپیشاندانێك وەڕێ دەخەن. بەڵام هێزی ئینتیزامی هێرش دەکەنە سەر خەڵك و بە زۆرو هەڕەشە بڵاوەیان پێ دەکەن.

پاشان کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لاوانی بانە بۆ جاری دووهەم دەڕژێنە سەر شەقامەکان و لەگەڵ هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دا بەرەوروو دەبن و ژمارەیەکیان لێ دەستبەسەر دەکرێ و دواتر بەزۆر بڵاوەیان پێ دەکرێ.

بە گوێرەی دوا هەواڵەکان بارودۆخی شار نائاسایی‌یەو ڕێژیم هێزێکی تایبەتی لە سنەوە هێناوەو شار کەش‌وهەوای حکوومەت نیزامی بە خۆوە گرتووە.

## دەستبەسەرکران و ئازارو ئەشکەنجەی لاوانی سەوڵاوا لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

لە سەرەتای مانگی پووشپەڕەوە تا ئێستا لە شارۆچکەی "سەوڵاوا"ی مەریواندا بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك و زنجیرەیی ژمارەیەك لە لاوان بێ‌هیچ هۆکارو بەڵگەیەك لە لایەن بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتی مەریوانەوە بە شێوەیەکی زۆر ناحەز و بە سووکایەتی پێ‌کردن دەستبەسەرو بەڕێی بەندیخانە کراون.

بەپێی هەواڵەکان ژمارەی ئەم لاوانە تا ئێستا گەیشتۆتە ٦ کەس کە لەوانەیە ژمارەیان زیاد بکاو هەروەها ئەم کەشوهەوا فاشیستی‌یە بۆتە هۆی نارەزایەتیی خەڵکی سەوڵاوا.

## بارودۆخی شاری سنە پاش ڕووداوەکانی مەهاباد

بەدوای ڕووداوەکانی مەهابادا ڕێژیم بۆ پێشگیری لە هەرچەشنە خۆپیشاندانێکی خەڵك لە سنەدا بە زیادکردنی لەرادەبەدەری هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی، کەشوهەوایەکی حکوومەت نیزامی بەسەر ئەو شارەدا سەپاندوە.

هێزەکانی ئینتیزامی و سوپای پاسداران ماوەی زیاتر لە ١٠ ڕۆژە لە ئامادەباشی تەواودا بەسەر دەبەن و هێندێ ئاڵوگۆڕی نوێیان لە شێوەی کاروباری خۆیاندا پێك هێناوە کە بریتین لە:

١ـ گەڕانی شەوانەی ماشینە گەشتی‌یەکان لە شەقامەکان و ماتۆڕسوارەکان لە کۆڵانەکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو

٢ـ پشکنینی ماشینەکان پاش کاتژمێر ١١ی شەو لە مەیدان و چوارڕاکانی شاردا

٣ـ تێکدانی هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی زیاتر لە سێ کەسی

٤ـ دەستبەسەرکردن و پشکنینی لاوان لە پاش

# درێژەی هەواڵەکانی کوردستان

کاتژمێر ١٠ی شەو

٥- گەشت لێدانی یەگانەکانی دژی شۆڕش بە تویوتای هایلۆکس لە شاردا

٦- جێگیرکردنی یەگانەکانی دژی شۆڕش لە ناوەندەکانی پۆلیس لە نێو شاردا

٧- دەستبەسەرکردنی بێهۆی لاوان لە سەیرانگاکانی ئاویەرو ئەمیریەو پارکی دیدگا لە ڕۆژانی پشوودا

٨- وەرگرتنی بەڵێنی لە لاوەکان بۆ نەهاتنە دەرەوە لە شەودا

٩- بوونی بەرچاوی هێزەکانی بەسیجو سوپا بە چەکەوە لە ئاویەردا بۆ چاوترسێنکردنی خەڵك

١٠- جێگیرکردنی هێزەکانی سوپا لە دەوروبەری ئاویەردا

١١- پشکنینی ماڵی ژمارەیەك لە بنەماڵە سیاسی‌یەکانو ئازارو ئەزییەتی ئەوان لە ڕێگەی ستادەکانی ئیتلاعاتەوە

## گەمارۆی گوندی دزەی مەرگەوەر لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بۆ پێشگیری لە خۆپیشاندانی خەڵك

پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان لە لایەن خەڵکی "دزە"ی مەرگەوەر بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی مەهابادو شارەکانی تری کوردستان، ڕێژیم لە شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، ٨ لەسەر ٩ی گەلاوێژی ١٣٨٤، بە تەواوی گەمارۆی ئەو گوندەی داوەو هەروەها هێزەکانی خۆی لە مزگەوتی گەورەی ئەو گوندە جێگیر کردوە.

ڕۆژی یەکشەممە، بازاڕو دووکانەکانی دزە بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە دژی کەشوهەوای حکوومەت نیزامی نیوەتەعتیل بوو. هێزەکانی ڕێژیمو کەسانی جلوبەرگ شەخسی لە نێو خەڵکدا دەگەڕێنو بە توندی جموجۆڵی خەڵك بەتایبەتی لاوەکان کونتڕۆڵ دەکەن.

شیاوی گوتنە کە ماوەی ٢ ڕۆژە کە هێزەکانی ڕێژیم لە مزگەوتی گونددا جێگیرنو سەرەڕای سووکایەتی بە مزگەوتەکە، ئیزنی بانگدانو نوێژکردن بە خەڵك نادەن.

## دوایین هەواڵ لە بارودۆخی شاری سنە لە پاش ناڕەزایەتی‌یە بەرینەکەی خەڵکی ئەو شارە

شەوی ١١ لەسەر ١٢ی گەلاوێژی ١٣٨٤، چەند لاوێك بە دانی دروشمی دژی ڕێژیمو بەپشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستان ویستیان بۆ جارێکی دیکە ئیرادەی بەهێزی خۆیان دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەست پیشان بدەن کە لەگەڵ هێزە تایبەتی‌یەکانی کرماشانو باقی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو بوونو بڵاوەیان پێکرا. جینایەتکارە ترسنۆکەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی شەقامە سەرەکی‌یەکانی شاری سنە لە هەر چەند هەنگاوێك دەیان مەئمووری چەکداری بۆ بەرگرتن لە حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی خەڵك جێگیر کردبووو ئێستا شار وەك پادگانێکی نیزامی‌یەو ڕێژیم لە ترسان ناهێڵی زیاتر لە دوو کەس پێکەوە بگەڕێن. هەروەها چارەنووسی گیراوەکان هەروا نادیارەو ڕێژیم بۆ ترساندنی خەڵك هێرش دەکاتە سەر ئەو ماڵانە کە پێی وایە کەسێکیان لە پێکهێنانی ناڕەزایی خۆپیشاندانەکان بەشداریی کردوە.

تا گەیشتنی ئەم هەواڵە دەستبەسەرکردنی خەڵکی سنە لە لایەن ڕێژیمەوە هەروا بەردەوامە.

## بۆکان: کۆچی‌دوایی ئەندامێکی حیزب

لە حەوتووی ڕابردوودا ئەندامێکی بەئەمەكو لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "مەولان ڕۆستەمپوور"، خەڵکی گوندی "گویکتەپە"ی ناوچەی ئالەشینی بۆکان کۆچی‌دوایی کردووە.

کاك مەولان لە ساڵی ١٣٥٧دا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرتو وەکوو ئەندامێکی تێکۆشەرو چالاك ئەرکەکانی خۆی بە لێهاتوویی‌یەوە جێبەجێ دەکردو هەمیشە لە تێکۆشان بۆ حیزبدا بوو. هەروەها تا کاتی ماڵئاواییش دڵی لە لای حیزبو خەباتکارانی دێموکرات بوو.

## مانگرتنی کۆمەڵێك لە خوێندکاران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە پێش ئوستانداری کوردستاندا

ڕۆژی شەممە، ١٣٨٤/٥/٨، کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی کۆمەڵێکی بەرچاو لە خوێندکارانو پارێزەرانی مافی مرۆڤ بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر جینایەتەکانی ئەم دواییانەی ڕێژیم لە شارەکانی کوردستاندا لە پێش ئوستانداری کوردستان لە سنە مانیان گرت. مانگرتووان ژمارەیەك پلاکاردیان کە ئەم دروشمانەی لەسەر نووسرابوون لەدەستدا بوو:

"بەندکراوی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ"، "بکوژانی شوانە دەبێ دادگایی بکرێن"و چەند دروشمی‌تر.

## سەرکوت و زەبروزەنگی هێزەکانی ڕێژیم و ناڕەزایەتیی خەڵکی مەهاباد هەروا درێژەی هەیە

ڕێژیمی سەرکوتکەرو دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی جینایەتەکانی لە شاری مەهاباددا دەستی داوەتە ئەشکەنجەو ئازاری لاوانی بەهەستو شۆڕشگێڕی ئەو شارەو لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەکرێگیراوانی ڕێژیم ژمارەیەکی زۆر لە لاوانیان ڕاپێچی بەندیخانەکان کردووەو لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئەخلاقیو مرۆڤایەتی سەبارەت بە گیراوەکان خۆ نابوێرن. شاری مەهاباد کەشوهەوایەکی میلیتاریستی بەخۆوە گرتووەو لە نێو شارو دەوروبەریدا چەندین پایەگای نیزامی، سوپاو هێزە تایبەتی‌یەکانو... دامەزراون.

لە ڕادەی دەستبەسەرکراوانو شوێنی ڕاگرتنیان زانیاری‌یەك لەدەستدا نیەو بەپێی هێندێ هەواڵ بەشێکیان لە بەندیخانەی ورمێنو دەستبەسەرکردنەکانیش شەوانە هەروا درێژەی هەیە.

بۆ ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ئەم کردەوانەدا دووکانو بازاڕەکانی شار داخراون.

بەپێی ئاخرین هەواڵ ڕۆژی شەممە، ١٣٨٤/٥/١، دووکانو بازاڕەکانی شاری مەهاباد بە نیشانەی ئیعتراز بە سەرکوتی هێزەکانی ڕێژیمو بە مەبەستی داخوازی بۆ ئازادکردنی بەندکراوەکان داخراون.

## تێکهەڵچوونی نێوان لاوانی دیواندەرەو هێزی ئینتیزامی ڕێژیم

ڕۆژی شەممە، ١٣٨٤/٥/٨، کۆمەڵێك لە لاوانی شاری دیواندەرە لە مەیدانی سەرەکیی شاردا کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە دانی دروشمی دژی ڕێژیم. پاش نیو کاتژمێر هێزی تایبەتیی دژی شۆڕش لەوێ جێگیر بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لاوەکان بە ورەیەکی زۆرترەوە دروشمەکانی وەك "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "بژی حیزبی دێموکرات پێشاندەری ڕێی خەبات"، "شەهید شوانە نامرێ شەهیدی ئازادی‌یە"، "کوردستان کوردستان سەرمان لە ڕێی تۆدایە"و "هەتا کوردێك بمێنێ مافی خۆی هەردەستێنێ"یان دەگوتەوە.

دواتر هێزی ئینتیزامی بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشیان کردە سەر لاوانو ئەوانیش چاونەترسانەو بوێرانە بە بەرد وەڵامیان دانەوەو چەند کەسێکیان لێبریندار کردن. بەپێی هەواڵ لە ئاکامدا هێزی ئینتیزامی بۆ بڵاوەکردن بە خەڵك تەقەی هەوایی کردووەو نزیکەی ٣٠ کەس لە لاوەکانی دەستبەسەر کردووە. دوای ئەم ڕووداوە لە شەقامی ١٦ میتریشدا تێکهەڵچوون لە نێوان لاوانو هێزەکانی ڕێژیمدا هاتەئاراوە، لەویش نزیکەی ١٠ کەس لە خۆپیشاندەران دەستبەسەرکران.

شایانی باسە کە پاش ئەم تێکهەڵچوونانە شاری دیواندەرە بارودۆخی حکوومەت نیزامی بەخۆوە گرتووەو هەروەها یەکیەتیی لاوانی شۆڕشگێڕی شاری دیواندەرە بڕیاریان داوە کە ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/٥/١٠، کاتژمێر ٧ی ئێوارە خۆپیشاندانێك وەڕێ بخەن.

## خۆپیشاندانی خەڵکی شنۆ بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/٥/٣، خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەری شنۆ بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهابادو دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان لە دژی ئازارو ئەشکەنجەی لاوانی ئەو شارە لە کاتژمێر ٨/٥ی بەیانی‌یەوە دوکانەکانیان داخست. بە هۆی هەڵسووکەوتی خراپو نەشیاوی ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕێژیم لەگەڵ خەڵکدا، تێکهەڵچوونێك لە نێوان خەڵكو هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیمدا ڕووی داو ئەم هێزانە بە دەستڕێژ لە خۆپیشاندەران وەڵامی ناڕەزایەتیی هێمنانەی ئەوانیان دایەوە. لە ئاکامی ئەم دەستڕێژی‌یەدا ژمارەیەك لە خەڵکی قارەمانی شنۆ کوژران یان بریندار بوون کە ناوی یەك کەس لە شەهیدەکان کە تا ئێستا ڕوون بۆتەوە "عومەر ئەمینی"، کوڕی "شێخ محەممەد"ە.

جێی باسە کە خەڵك لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا بە هەر کەرەسەیەك کە لەدەستیاندا بوو بەرگرییان کردو بە هۆی خۆڕاگری ئەوانەوە ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕێژیم بریندار بوون.

هەروەها ڕێژیم لە ماوەی ئەم تێکهەڵچوونەدا هانای بۆ هێزی یارمەتیدەر کە لە شاری ورمێوە هاتبوون برد. بەربەرەکانێو خۆڕاگری شۆڕشگێڕانەی خەڵك لە بەرامبەر هێزە دڕندەو سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا تا کاتژمێر ١١ی شەو درێژەی کێشا.

شیاوی باسە کە لە ڕەوتی ئەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی بەهەستو شۆڕشگێڕی شنۆ دەستبەسەرو بەرێی بەندیخانە کراون.

## دواهەمین هەواڵ لە بارودۆخی شاری شنۆ

بەپێی دواهەمین هەواڵ لە شاری شنۆوە لە ڕەوتی خۆپیشاندانی خەڵکی ئازادیخوازی ئەو شارەدا تەنیا کەسێك بە ناوی "عومەر ئەمینی"، کوڕی شێخ محەممەد، ناسراو بە عومەرەسوور، شەهید بووەو هەروەها نزیکەی ١٠٠ کەسیش بریندار بوونو خەڵکێکی زۆریش بە هۆی گازی فرمێسکڕێژەوە نەخۆش کەوتوون.

تا ئێستاش زۆربەی دوکانو بازاڕەکانی شاری شنۆ داخراونو کەشوهەوای حکوومەت نیزامی باڵی بەسەر شاردا کێشاوە.

شیاوی باسە کە خەڵکی شنۆ لەگەڵ بەڕێکردنی تەرمی شەهید عومەر بۆ قەبرستانی میراوە، سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و "ئەی شەهیدان"و دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"یان دەگوتەوە.

هەروەها جێی باسە کە خەڵکی پیرانشاریش بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شنۆ لە مانگرتنێکی سەرتاسەریدا هەموو دووکانو بازاڕەکانی شاریان داخست.

## خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی سەقز لە دژی کۆماری ئیسلامی و بە نیشانەی هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی راپەڕیوی شارەکانی دیکەی کوردستان

لە درێژەی ئەو زنجیرە خۆپیشاندانانەی شارەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەمڕۆ لە شاری سەقزیش جەماوەری نارازیی کورد بۆ پشتگیریی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی مەهاباد، شنۆ، بانە، سنەو... لە کاتژمێر ٩:٣٠ بەیانییەوە وێڕای داخستنی دوکانو بازارەکان ڕژانە سەر شەقامەکان.

بە گوێرەی هەواڵەکان، لاوانی ئەم شارە بە گوتنەوەی دروشمی دژی ڕێژیم لە مەیدانی ئازادی (بەرگاراج)ی ئەم شارەوە خۆپیشاندانێکیان بەرەو مەیدانی هەڵۆ دەست پێکرد. هاوکات لەگەڵ ئەوان لە شەقامەکانی دیکەشەوە جەماوەری نارازی بە خۆپیشاندان بەرەو مەیدانی هەڵۆ وەڕێ کەوتن. جەماوەری نارازی بە هێرش کردنەسەر ئەو بەشە لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کە لە شەقامەکان بوون ناچار بە ڕاکردنیان کردن.

دواتر ڕێژیم ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی سوپاو ئەرتەش کە بە چەکی سووكو تیرباری قورس موسەلەح بوون ڕەوانەی شەقامەکانی ئەم شارە کرد. هاوکاتیش هێلیکۆپتێرێکی نیزامی لەسەر شار دەخولایەوە. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ بڵاوە پێکردن بە خەڵك جگە لە پەلاماردانو لێدانی خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی بەردەوام تەقەیان بەسەردا دەکردن.

بە پێی ئەو زانیارییانەی گەیشتوون بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە خۆپیشاندەران ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران کوژراوو بریندار بوونو چەند سەد کەسیش دەستگیر کراون. لە جەریانی خۆپیشاندانی جەماوەری نارازیی سەقزدا زیان بە ژمارەیەك لە دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکان گەیشتووە لەوانە: فەرمانداری، بانکەکانی "سپە"، سادرات، میللی، کەشاوەرزیو شارەداریی ناحیەی٢ و... .

شایانی باسە لەم نێوەدا هێزەکانی ڕێژیمو لیباس شەخسی‌یەکان بۆ نانەوەی دووبەرەکیی مەزهەبی ئاگریان لە حوسەینیەی شێعەکان بەرداوە.

خۆپیشاندانی خەڵك تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ درێژەی هەبوو. ئێستا بارودۆخی شار زۆر نائاسایی‌یەو حاڵەتی حکوومەت نیزامی بەسەر شاردا سەپاوە.

## لە ئاکامی تەقینەوەی میندا هاووڵاتی‌یەك لە ناوچەی سەردەشت دەستی پەڕی

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/٤/٣٠ی هەتاوی، هاووڵاتی‌یەك بە ناوی "عەباس حەسەنی پیرۆتی"، خەڵکی گوندی "بێورانی خوارێ" لە دەشتی "وەزنێ" لە ناوچەی سەردەشت بە هۆی تەقینەوەی مین لە کاتی گیادووریندا بەداخەوە دەستێکی دەپەڕێو چاوێکی کوێر دەبێو چەند قامکی دەستەکەی دیکەشی لێ‌دەبێتەوە.

## نائاسایی‌کردنی بارودۆخی بانەو بڵاوکردنەوەی تووشبوان بە نەخۆشی ئەیدز لەم شارەدا لە لایەن ڕێژیمەوە

شەوی ١٣٨٤/٥/٣، دەستو پێوەندییەکانی ڕێژیم لە مەیدانی جیهادی شاری بانەدا نارنجەکێکی دەنگدار دەتەقێننەوەو پاشان ئەم کردەوە دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە نێوشاردا بڵاو بکەنەوە بە شێوەیەك کە شار بە تەواوی کەشو هەوای نائاسایی بە خۆوە دەگرێ.

هەروەها ڕۆژی ١٣٨٤/٥/٤، مینی‌بووسێکی پڕ لە ژنانی تووشبوو بە نەخۆشی ئەیدز لە نێو شاری بانەدا بڵاو کراونەتەوە تا لەو ڕێگەیەوە خەڵكو لاوەکانی بانە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بن.

## خەڵکی جوانرۆ بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شارە ڕاپەڕیوەکانی کوردستان ڕژانە سەر شەقامەکان

ڕۆژی هەینی، ١٣٨٤/٥/١٤، کاتژمێر ٩ی بەیانی، خەڵکی ئازادیخوازی جوانرۆ بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان ڕژانە سەر شەقامەکانو دەستیان کرد بە گوتنەوەی دروشمەکانی وەك "سڵاو لە دێموکرات"، "مەرگ بۆ تیرۆریست"و "مەرگ بۆ مرۆڤکوژ". بەڵام لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە هێرش دەکرێتە سەریانو لە نێوان ئەوانو خەڵکدا تێکهەڵچوون دێتەئاراوە کە لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا چەند بانكو ئیدارەی دەوڵەتی زەرەریان پێگەیشتووەو لە ژمارەی کوژراوان یان برینداربووانی ئەم خۆپیشاندانە هەواڵێك لەدەستدا نیەو هەروەها تا نیوەشەو بارودۆخی شاری جوانڕۆ ئاڵۆز بووە.

## بارودۆخی شاری مەریوان هەروا نائاسایی‌یە

ڕۆژی چوارشەممەش بارودۆخی نائاساییو دۆخێکی نیزامی بەسەر شاری مەریوان دا زاڵ بوو. لەو ڕۆژەدا ڕێژیم چەندین ئوتووبوس پڕ لە گاردی بەناو دژەشۆڕش هێنایە ئەو شارەو چەند هیلی‌کوپتێریش بەردەوام بەسەر شاردا دەسووڕانەوە.

## دوکان و بازاڕەکانی شاری بۆکان داخران و لاوان لە خۆئامادەکردن دان بۆ خۆپیشاندان

ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٥/١٢، دوای داخرانی دووکانەکانی شاری بۆکان لە سەعاتی ٦ی ئێوارەوە لاوانی بۆکان لە دەوری مەیدانی فەرمانداریی‌یەوە تا بیمارستانی کۆن بەمەبەستی خۆپیشاندان لە دەوری یەك کۆبوونەوە. هێشتا بە تەواوی سەقامگیر نەبوون کە گاردەکانی دژ بە شۆڕش کە دیاربوو پێشتر خۆیان ئامادەکردبوو لە شارەکانی دیکەوە هاتبوون، ڕژانە مەیدانی فەرمانداریو شەقامەکانی سەر بە بە فلەکەی فەرمانداری بەستو هێرشیان بردە سەر لاوەکان. شایانی باسە کە هەر لە پاشنیوەڕۆوە هێزە سەرکوتکەرەکان بە لیباس شەخسی‌یەوە بۆ کونترۆڵی خەڵكو سەرکوتکردنیان هاتبوونە ناو پیادەرەوەکانو سەرکۆڵانەکان، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە بە بەرد هێرش کرایە سەریان. پاشان ئەوانیش بە باتۆم ڕژانە سەر خەڵك، دواتر ڕێژیم بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵك، تویوتایەکی لە جاشەکان کە سەروچاویان بەستبوو، ڕژاندە نێو شار.

کاتژمێر ١١ی ئەو شەوەیش، ژمارەیەك لە لاوان لە گەڕەکی جاددەی حەسار ڕژانە سەر شەقامو لاستیکی ماشێنیان ئاگرداو ئەو خیابانەیان بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بەست. شایانی باسە کە سەرکوتکەرەکان تا سەعاتی ١٢ی شەو بە هەموو جۆرە چەکێك بۆ تۆقاندنی خەڵك مانۆڕیان دەداو هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکیان سەرکوت دەکرد. هەر ئەمشەوەیش چەندین ماشینی هێزی بەناو دژەشۆڕش ڕژانە شارەوەو چەند لاوێکیان دەستگیر کردوە.

## ڕەبەت: کۆچی‌دوایی ئەندامێکی حیزب

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، سەید عەبدوڵڵا پاش بەردی، ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات بە هۆی نەخۆشی کۆچی‌دوایی کرد. ناوبراو لە ساڵەکانی ٤٧_٤٦ەوە وەك ئەندامی حیزبو لەدوای شۆڕشی ٥٧یشەوە بۆ ماوەی ٣ ساڵ وەك پێشمەرگە لە هێزی مینەشەم لە ناوچە ی ڕەبەت خزمەتی پێشمەرگایەتیی کردوە. سەیدعەبدوڵڵا کەسایەتی‌یەکی خۆشەویستو دڵسۆزێکی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بوو. ڕۆحی شاد.

## سنە: ناڕەزایەتیی خەڵك درێژەی هەیەو بارودۆخ نائاسایی‌یە

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ی گەلاوێژ ژمارەیەك لە لاوانی شاری سنە لە گەڕەکی غەفوورو شەقامی سەفەری کۆبوونەوەو دەستیان بە دروشمدان کرد، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرشیان کردنەسەرو چەندکەسیان لێ‌دەستگیر کردن.

بارودۆخی ئەم شارە هەروا نائاساییە

## بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە جینایەتەکانی ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان دوکان و بازاڕی شاری پاوە داخرا

ڕێکەوتی ١٣٨٤/٥/١٣، بازاڕو دوکانەکانی شاری پاوە بە ئیعتراز بە جینایەتی ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان داخرانو هەرچەند ڕێژیم هەوڵی زۆری داوە کە بازاڕو دوکانەکان بە خەڵك بکاتەوە، بەڵام بازاڕی‌یەکانی ئەم شارە ئامادە نەبوون دەست لە داخستنی دوکانو بازاڕ هەڵبگرن. بەپێی هەواڵ ڕێژیم هێزێکی زۆری لە کرماشانەوە هێناوەتە شاری پاوەو ٣ هێلیکوپتێری ڕێژیم لەحاڵی ئامادەباشی تەواودانو هێزمی سپاو بەسیج تەواوی شەقامو کۆڵانەکانی ئەم شارەیان گرتووەو شار حاڵەتێکی تەواو نیزامیی بەخۆیەوە گرتووە.

## خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی خەڵکی مەهاباد لە دژی ڕێژیم هەروا درێژەی هەیە

کاتژمێر ٨/٣٠ دەقیقەی سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٣٨٤/٥/١٤، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئازادیخوازو ڕاپەڕیوی مەهاباد لە مەیدانی ئیستقلال (حەیوانانی پێشوو) کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە ڕێپێوان لە دژی ڕێژیمی دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامی.

پاش ئاگاداربوونی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە خۆپیشاندانی خەڵك، هێزێکی زۆر خۆیان گەیاندە شوێنی ڕێپێوانەکەو بە زۆرو هەڕەشە بڵاوەیان بە خەڵك کردو هەروەها لە هەموو شەقامو کۆڵانو چوارڕێیانەکانی نێو شاردا هێزیان جێگیر کردووەو شار بە تەواوی میلیتاریزە کراوە.

جێی باسە کە خەڵکی مەهاباد لە درێژەی ناڕەزایەتی‌دەربڕینیی خۆیان لە بەرامبەر کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمدا سەرجەم دووکانو بازاڕەکانیان داخستووەو شاریش بە تەواوی کەشوهەوای حکوومەت نیزامی بەسەردا سەپاوە.

## کوژرانی سەرهەنگێکی ڕێژیم لە ناوچەی ئیلام

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٤/٥/١٣ی هەتاوی، سەرهەنگێکی ڕێژیمی دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامی بە ناوی "سەرهەنگ عەلیزادە" لە گوندی "گەنجە" سەر بە شارستانی ئیلام لە لایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرا.

***

## کۆچی‌دوایی ئەندامێکی حیزب

ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٥/٧/٣٠، کاك ڕەحیم پاڵانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دانیشتووی شاری کارلستادی سوئێد بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی‌دوایی کرد.

کاك ڕەحیم خەڵکی گوندی "تەپەڕەش"ی سەرپول زەهاو بوو. لە ساڵی ١٩٤٤ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژاردا لەدایك بووە. بە هۆی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق ئاوارەی عێراق دەبێو لەگەڵ هەموو ئاوارەکانی‌تری ئەم ناوچەیە لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراقەوە بەڕێی ئوردووگای زۆرەملێی ئەلتاش لە ڕومادیە دەکرێ. کاك ڕەحیم لە هەموو ڕێورەسمە حیزبی‌یەکاندا چالاکانە بەشداری دەکردو لە ماوەی ئەندامەتی لە حیزبدا وەك ئەندامێکی چالاكو بەدیسیپلین ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد. وێڕای بەداخبوون لە کۆچی‌دوایی ئەو مرۆڤە دڵسۆزە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو هاوڕێیانی دەکەین. ڕۆحی شاد بێ.

کوردستان
ژمارە: ٤١٨ (١٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤)

# تۆم خۆشتر دەوێ لە وانەکانم ... تۆ!

مەحموود شێرزاد

## وانەی یەکەم

ئێمە دوو لاپەڕەی حەیران
چۆن دەتوانین جارێکی تر بە کاتژمێر ٣٠/٥ی ئێوارەی یەکشەممەیەک دا سەفەر بکەین؟
سەفەر بکەین بەو ئێوارە ئاشقە دا و پێمان نەڵێ:
جارێکی تر ئەو ڕێگای ئەشق و گۆرانی یە پێ خووست مەکەن
جارێکی تر ئەو خاکە با نەڕشێتەوە... خاک!!
لێرە بڕۆن، نیشتمانی سپی ئێمە بە تاریکی ڕۆحی ئێوە چڵکن دەبێ
لێرە بڕۆن، ئاسمانی عەتریی ئێمە بە هەناسەی پیسی ئێوە بۆگەن دەبێ
لێرە بڕۆن... با ئیتر بەس پیسایی یەکان داگیرمان کەن...با ئیتر بەس
ئێمە ملکی جوانی یەکانین، جوانی.

حەیرانە ... حەیران، ئێمە دەبێ لە خاچی ڕسوایی بدرێن ڕۆژین.
دەبێ سەری هەموو ١٥ خوولەکی ما بۆ کاتژمێر ٦ی بەر لە بزەی هەتاو
بە ئاوێنەکانمان بڵێین بمانبوورن
خۆ جوان کردنەکانی نێو ئێوەمان درۆ بوو درۆ
لەراستی دا ئێمە خیانەتمان لە ئێوە کرد نەک لە ئەشق و نەک لە ژوان و
گوڵ و عەتر.

حەیرانە ڕۆژین حەیران، با لەو خاچە بدرێن بەڵام
قەولێک بەجاری دووهەمی ٣٠/٥کان ببەخشێن
کە ئەمجارە، نە هیچ هیچێک تەکفیرمان کا و نە تۆش
وڵامی سڵاوەکانم دەیەوە ڕەش نابی ... نا
هەر لە وەسڵی لاپەرەکانی ئێمەوە ٢٤کاتژمێری ئاوارەبوون کۆتایی دێ
هەر لە وەسڵی... ٢٤ کاتژمێری فرمێسکەکان ئۆقرە دەگرن
٢٤ی مردنەکان دەژێنەوە... دەژێ.

ئەوە حیکایەت نیە کە تۆ دەبێ بە سپێتیت بڵێی:
هەرچی ڕەشێتی ناو جەستە و خوێنی سپێتی خۆمانە بیدەن بەو حەیرانە ڕەشە،حەیران
نەکا ڕۆحی ڕەشێتی‌یەکانی ئەو بمرێ... دەنا ئێمەش
سپێتی یەکانمان و دەمرین.

لاپەڕێکی سپی بۆ تۆ
لاپەڕێکی ڕەشیش، ڕەنگە ماچەو..... فەرامۆشت ناکەم هەرگیز
تۆم خۆشتر دەوێ لەوانەکانم.. تۆ.

## وانەی دووهەم

ئێمە دوو لاپەڕەی ئاشق
لێ ناگەرێن ئەو نیشتمانە ئیرهابی یە پەپوولەی سەرمان شمشێر و
گوڵەکانی ڕۆحمان بکوژێ.
هەرلێرەوە دەبێ ئێوارەکانی یەکشەممە و دووهەمینی "چا"زەردەکان
بنووسمەوە خاتوون
کەچی لە هەر وشەیەک ٣ وشە چاوم لەرێگا
لە هەر وێنەیەک٣٠ وێنە چاوم لە دەرگا
هەر گۆرانێک دەڵێم و ٣٠٠ گۆرانی گوێچکەکان بۆ مۆبیلەکەم رادەگرم
کەچی ڕۆژین "ئەو کاتەی دنیا بێ تامە حەیرانێ"
لە هەر وشەیەکم ٣ وشەم لاڵ
لەهەر وێنەیەکم ٣٠ وێنەم ون
لە هەر گۆرانێکم ٣٠٠ گۆرانیم نابیسن
حەیرانێ ئێرە چ نیشتمانێکی کەڕ و چ هێلانەیەکی ون و چ هاودەمێکی لاڵە لاڵ
حەیرانێ لەو نیشتمانە بێ تامە، حەیران.

هەر لێرەوە لە کوێستانی ئەو تەنیایی یە چاو تەڕەوە ..نا
ئێمە سەرەتای یەکتر بووین نە سەرەتای ئەوانی تر و... مردنیش
ئێمە سپی و ڕەشێکی قووڵ
قووڵتر لەوە کە بمرین،
قووڵتر.
هەر لێرەوە کە ١٥ خولەکی ماوە بۆ کاتژمێر ٦ی بەر لە بزەی هەتاو
وانەکانم هەرگیز ئەوەندە خۆش نەویست، دەنا ئێستی خۆم پسپۆڕی خۆشەویستی نێوانمان و
تۆش
وا بە ژانەوە نەدەمردی.. نا
ئێمە سپی و ڕەشێکی قووڵ
قووڵتر لەوە کە بمرین،
قووڵتر.

## وانەی سێهەم

ئەو حیکایەتە نەبڕایەوە ڕۆژین
ڕەنگە ماچەو... هەر بەتەنیا لاپەڕێکی سپی بە تۆ و ڕەشترینی بە من بەخشی
کەچی ڕۆژێ، ڕۆژێ دادێ بە ئێوارەی ٣٠/٥ی یەکشەممەیەکی ئاشق دا
سەفەر بکەین سەفەر، سەفەر بە هێڵەکانی ئەو دیوی لێک دابڕان دا
سەفەر بە هەناسەکانی ئەو دیوی مەرگ دا خاتوون
سەفەر بە وەسڵی ڕۆحمان دا سەفەر
بە جەستەدا
ڕەنگە ماچەو.... فەرامۆشت ناکەم هەرگیز.
تۆم خۆشتر دەوێ لەوانەکانم.. تۆ.

## کاریکلیماتۆر

ژن کۆڵەکەی ماڵێ یە،پیاو کوولەکەی سەربانی.
سەرچۆپی یان دا بەگامێشێ،کەر لە گاوانی هاتە دەر.
دەنگی دەهۆڵی بە (سی دی) خۆشە.
گوتیان وشتر کورێکت بوو.گوتی:پێشتر دەمزانی "سۆنۆگرافی"م کردبوو.
بزن ئەگەر ئەجەلی هات "موبالی"شوانی دەشکێنێ.
کەسێك زاری بە شیری بسووتێ فوو لە گوانی مانگاش دەکا.
ئەگەر بلێی ماست ڕەشە،دەڵێم هەڵبەت ئی مانگا بەڵەکی یە
گوتیان پشیلە گووت بە دەرمانە ،خێرا دارووخانەی کردەوە.
قسەی پیاوان هەر یەکە،ئەگەر ژن لێ گەڕێن.
س.ع

# مردوو ناشتن

ن: ست جان اروین

و: سەلاح نیساری

دەبوایە کاتژمێرە دوو و نیو حەشامات لەبەر دەرگای ماڵی کیژۆڵە مردووەکە بەرەو گۆڕستان وەڕێ بکەون. بەڵام خەڵکە ڕەشپۆشەکە زۆر زووتر لەوێ وەخڕ بوون. ئەوان لەسەری کۆڵانی حەساری کلیسا چاوەڕوان مابوونەوە. ماڵی کچۆڵەکە رووبەڕووی ئەو کۆڵانە بوو. جا بۆیەش ئەگەر ئاپۆڕەکان لەوێوە وەڕێ کەوتبان، هێندەی نەدەخایاند دەگەیشتنە شوێنی مەبەست دەرو جیران هاوکات لەگەڵ خەڵکی شار و دێ لەگەڵ هاوارچیان و ماسیگرەکانی ئەو بەنداوەی کە کچەکە هێندێ لەو خوارترەوە تێدا خنکابوو. هەر تازیەبارێك کە دەگەیشتێ یەکڕاست دەچووە لای ناسیاوی خۆی و پاش ئەوەی تۆزێك باسی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەیان دەکرد. هەر لە بیریان دەچۆوە بۆ چی هاتوون. خێرا باسی گیروگفتی شارۆچکەکەیان دەهێنا گۆڕێ.

(جان مووینی) لە ڕێگا کۆنەکەوە هاتبوو، هەر کە گەیشتە سەری کۆڵانەکە، هاواری کرد جیمز ئۆهارا: جیمز حاڵت خاسە؟

جیمز ئۆهارا پیاوێك بوو تیشکەڵانە، سەر و سەکوتی هەر لە ڕێوی دەچوو، هە کە گوێی لە دەنگی مووینی بوو ئاوڕی دایەوە و گوتی: "ئای، چۆن بم، شپرزە و بە سەر یەکدا رووخاو، ئەتۆ چۆنی؟"

"منیش خەراو نیم، ئێژم ئەم کەنیشکە هەناسە ساردە ئای چەندە جێی داخە!"

"هەر وایە بەخوای وەختێك منداڵێکی ئەوندە بوو دەمناسی!" (دەستی هەتا سەر ئەژنۆی هێنا خوارێ) گوتی: "نازانی چەندە منداڵێکی زیت بوو! بەس بوو شتێکت پێ وتبا، دەست بە جی وەڵامی دەدایەوە و سەرت سوڕ دەما!" لە وەختی قسە کردنا سەری قیت رادەگرت. جان مەك کلۆرگی لە دوورەوە کە دیت بۆ لای دەهات. وتی: "جان، تۆش لێرەی ؟!"

مەك کلۆرگی پیاوێك بوو دەم و چاو خڕ، چاو چکۆلە، دەم بە پێکەنین، دووکەڵ بە باقە لەسەری هەڵدەستا، لێیان نزیك بووە.

لە وەڵامی ئۆهارا دا گوتی: "ئەوە نییە دێم بۆ لاتان."

مووینی گوتی: "لە حەفتە بازار دیتمت، کەچی تۆ هۆشت لە جێگایەکی تر بوو منت نەدی، گاگەلەکەت خاس فرۆشتن یان نا؟"

خەراب نەبوو لەوە دەچوو زیاتریشان پێدابام، بگرە کەمتریش!"

"گوێرەکەکەی هاوردبوون فرووشیا؟"

"نا، گوێلکی چاکە، خۆ پوولی کیلۆیەك پیوازیان نەدەدامێ..."

ئۆهارا دەستێکی لەسەر شانی دانا و گوتی:

"کاکە پێم وابێ تۆ هاتووی بۆ مردوو ناشتن، وانییە!"

جان مەك گلۆرك لەوبەری شەقامەکەوە چاوزی بڕییە دەرگای ماڵی کیژۆڵە خنکاوەکە و گوتی: "وام بە چاك زانی بێم بۆ شار، لەو پرسەیەدا بەشدار بم، خوا بیبەخشێ!" (هاوکات، هەرسێك پیاوەکە لەگەڵ ئەو، کڵاوەکانیان لەسەر خۆیان داگرت)

جان پرسی: "کەی دەینێژن؟"

مووینی وتی: قرار بووگە سەعات دوو و نیم بینێژن، وەلێ جارێ هەر خاوەخاویانە، قەرارە درووشکەکەی پۆت بێت و جەنازەکەی هەڵگرێ، ئەمیش جارێ نەگەیوەتە بلڤاست، جودا لەمانەش ئاشنا و دۆست لە (دەری)یەوە بێنە ئێرە نانی نیمەرۆیان گەرەکە. بەم حیسابە تا سێی دوانیوەرۆ ماتڵ دەبین!"

جیمز ئۆهارا گوتی: "راستیش دەکەی!" لە پاشان رووی کردە جان مەك کلۆرگ، پرسی:

ئەو گوێلکە، پێموایە زۆرت گوتووە؟" مەك کلۆرگ، گەڵا تووتنێکی خستە بەر ددانی، تۆزێك دواتر لە قونچکەکەی کردەوەو پاشان نەختێك جاوین تفێکی زەردی فڕێدا سەر جەدوەلی قەراخ شەقامەکە، گوتی: "تۆ دەڵێی من گرانم وتووە؟ بەلام م دەڵێم بەو پارەیە زۆریش هەرزانە!"

مووینی وتی: "پێش ئەوەی کەنیشکە بچێ بۆ سەر بەحری قسەی دەکرد و ئەکەنی! خودایە مردنی ئاوا بە قسمەتی کەس نەکەی!"

"زۆریش بە شوێن مەیتەکەدا گەڕان تا دیتیانەوە!"

"بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا"

جیمز ئۆهارا گوتی: "گوێلکەکە دەدەی بە پێنج پاون و پێنج پنی"؟

"کەمێکی دیکە بۆم زیاد بکەی دەیدەم!"

مووینی وەك کەسێك بیبەوێ قسەیەك دووپات بکاتەوە گوتی: خنکاوەکەیان لەو شوێنە دۆزییەوە، زووتر تێی کەوتبوو پیاو سەری سوڕ ئەمێنێ، ئەم بنیادەمە ئاوەکە بەملا و ئەولای دا ئەدا، کەچی دوایی هاوردوویەسەوە سەر جێگاکەی هەوەڵجاری!

"بەسەری تۆ وایە"

"جۆن، هەر قسەی تۆیە!"

پیاوێك بە کۆتێکی فشەوە لە دەرگای ماڵی کچەکەی دا. ئەو پیاوەی لە تەنیشت مووینی راوەستابوو لەوی پرسی: ئەو کابرایە کێیە ئەو تەپڵەیەی لەسەر ناوە و ئەو کۆتە شۆڕەی لەبەردایە، تۆ دەیناسی؟

مووینی وەڵامی دایەوە: ئەمە ئەوەڵجارە دەیبینم. ڕەنگبێ خەڵکی ئەم ناوە نەبێ. جیمز تۆ نایناسی؟

ئۆهارا وتی: نا، نایناسم، لەوە دەچێ بە شەمەندەفەر هاتبێ. فایتوونی پۆست هاتووە جەنازەکە راگوێزێ، ئەوەتانێ (پتریك ماگراس) بە سواری فایتوونەکە گەیشتێ.

مووینی درێژەی بە قسەگانی دا و گوتی: سەیریش نییە تۆ راست بێژی، چاوت تێوە بوو لە ڕۆژنامەی دری دا سەبارەت بەو کەنیشکە چی نووسیابوو، ئەو ژنە جاهێڵەی لە ئیدارەی پۆست کار دەکا خەوەرەکەی نووسیبوو!

هەر وایە منیش خوێندوومەتەوە. شتی سەیر و سەرسوڕهێنەری نووسیبوو، پیاو واقی وڕ دەمێنێ، بڕوام نەدەکرد. ئەو ژنە بتوانێ شتی وا بکات!

وا دیارە کاربەدەستی دەوڵەت بێ، بە تۆش وانییە؟

لە ڕۆژنامەکەدا نووسیبوو ئەو کیژۆڵە جوانە بە راستی زیرەك و فامیدە بووە و و هەر قوتابخانەی دری، کە باوکی ناردبووی، کۆلێکی خەلات وەرگرتبوو، خودا دەزانێ ئەو بابەی بۆ پێگەیاندنی چەندێکی پوول و پارە سەر کردبێ!

"هەروا، بە گیانی تۆ داوای گیانی بنیادەمی کردبا بۆیان پەیدا دەکرد. ڕۆژەڕەشی هەناسەسارد، ئای!"

"بەڵێ ئەو ڕووداوە فێرمان دەکا دەرحەق بە منداڵەکانمان کەمتەر خەم نەبین و بیانعاملێنین!"

دوو لاوی گەڵەکەت، تاجە گوڵینەیەکی بە نرخیان بەدەستەوە بوو چوون لە دەرگاکەیان دا، بەبێ مەحتەل کردن فەرموویان کردن. جان موووینە وتی: ئێوە و خواتان سەیرێکی ئەم تاجە گوڵە بکەن. دەزانن چییە برای من، حەتمەن پوولێکی خاسیان پێداوە، ها!

"بەڵێ ، ئەو تاجە گوڵە یەکیەتی لاوان ناردوویەتی، بەڵێن وابوو کچە لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی یەکیەتی لاوان زەماوەند بکات. یانی نەتبیستووە؟"

"نا کوڕەکە کێ بوو، ها؟"

"وا بزانم کوڕی (مەك کارکن) بووە!"

"ئەی لەم هەتیمە!"

"بەڵێ، کوڕە قوڕ کرا بە سەریدا!... جان مەك کلارك، گوێرەکەکەت بە شەش پاون و دوو پنی دەفرۆشی؟"

"کاکی خۆم ئەگەر پوولی چاکم بدەنێ ئەی بۆ نایفرۆشم!..."

جان مووینی وتی: پیاگ زۆرن تاجەگوڵ بنێرن!

"بەراستی وایە. بەڵام کاکی خۆم، پیاو نابێ لە ڕۆژی ئاوادا، سەر داخات و دەست قووچاو بێ، دڵاوا و خێرۆمەند!... پێم بڵێ بزانم جیمز، ئەتۆ حازری شەش پاوند و دە پنی بێیە خوارێ؟" ئۆهارا کەمێك لە خەڵکەکە دوور کەوتەوە و ئەو تووتنەی خەریکی جووینی بوو تفی کردەوە، درێژەی بە قسەکانی دا:"دەزانی چۆنە، من دەمویست بزانم ئەگەر کەسێك کڕیار بوو بەو پارەیە دەیفرۆشێ یان نا، دەنا من پێنج پاون زیاتر نادەم!"

ئەگەر وایە هەر بیریشی لێ مەکەوە، بەو حیسێبە من و تۆ ڕێك ناکەوین، لە تۆ وایە ئەم گوێلکەم دیوەتەوە، هەر وا بە هەرزان و تاڵان لە چنگمی دەربێنی، هەتا دەمری بەو هیوایەبە!"

ئۆهارا گوتی: تەماشا ئەو گشت خەڵکە لێرە وەخڕ بوون. رووی کردە حەشامەتەکە و گوتی: "ئەگەر ئەقڵم هەبێ ئەو هەزارە زیلەیە هاتوون لەگەڵ جەنازەکە بچن!"

"چاکی بۆ چووی، بەڵام من لەوە قەرەباڵغتریشم دیتووە، ئەو کاتەی دوکتور (کورچین) مرد لە بیرتە؟ ئەو خەڵکە لەبەر ئەو هاتبوون، بڕوام پێ بکە ئەوەندە و نیوێکی ئێستای ئەو خەڵکە دەبوو!"

بەڵێ هەروا بوو، دوو کیلۆمتر خەڵك راوەستابوون!"

دەرگای ماڵەکە کرایەوە چەند کەسێك چوونە ژوورێ، مووینی وتی:"هەر ئێستا ئەکەفنە رێ."

"وا دیارە، خودا بیبەخشێ. تازە لەو دنیایە بەشی ئەو کیژۆڵەیە تەواو بوو. دەبێ لەو ڕۆوە هەتا ڕۆژی قیامەت بخەوێ!"

"ڕەحمەت لە قەوری باوکت، بەخوا قسەی خاس بە ئەمە ئێژن!..."

دەرگاکە بە ئارامی کرایەوە چەند کەسێك تابووتێکی زەردیان لەسەر شانی بوو هاتنە دەرێ، سێبەری بێدەنگی شەقامی شارۆچکەی داپۆشی. پیاوان بە نیشانەی ڕێزلێنان کڵاوەکانیان لەسەر خۆیان لا برد. ئەوانەی وا کاتولیك بوون دەستیان بە نیشانەی خاچ لەسەر سینگیان دانا. بۆ شادی ڕۆحی مردووکە دۆعایان کرد. زۆربەی ژنەکانیش لەچکەکانیان بە بەر چاویانەوە گرت و ملیان نا لە گریان. تابووتەکەیان لە شەقامەکەوە هێنا و بە شانی کۆڵانەکەدا هەڵگەڕان. بەرەو گۆڕستان وەڕێ کەوتن، حەشامات بە نەرمی و لەسەرخۆ کەوتنە جووڵە، زەنگی کلیسا لەسەر خۆ دەنگی لێ بەرز بۆوە. لە ماڵی کچە خنکاوەکە ژنێك بە بانگ و سەڵا دەگریا.

جیمز ئۆهارا هەر لەو کاتەدا کە جەنازەکە بەبەر دەمیاندا تێدەپەڕی گوتی:

"گوێلکەکەت بە شەش پاوند لێدەکرم"

مەك کلۆرگ کە بە نیشانەی خاچ دەستی لەسەر سینگی دەدا، گوتی:

"خودا لێیخۆش بێ! بە خۆڕایی سەری خۆت مەهێشێنە، یەك قسە شەش پاوند و دە پنی"

"بەسەر تۆ لەوە زیاتر قەوەم نییە!"

"مردووت مرێ، تۆ چەند چەنەدرێژی دەکەی، پێم وتی قسە هەزارە و یەکی بەکارە، شەش پاوند و دە پنی!"

"ماڵت بە قوڕێ نەگیرێ بۆ تەماحت!..." وەڵڵا ددانێکت بە حەوت ساڵان دەر هاتووە"

"بەو سەر شیرنەت زۆر خەراپی بۆ چووی، زۆریش خۆش سەودام!... کارێك بکە نە شیش بسووتێ نە کەباب!"

"ئەگەر ئاوا پیاوی چاکی ئەوەندە پێ دامەگرە"

"نا، بێ ئەولا و ئەملا هەر ئەوەیە وتم!"

"جارێ ئەوە ئاپۆرەکە لەسەر قەبرانە... وەرە با بچین بۆ مەیخانەی (مالونی) ئەو وەخت دەزانم چۆن لەگەڵت پێك بێم."

سەرچاوە:
خندە ایرلندی
وەرگێڕانی بۆ فارسی :محەممەد رەمەزانی


بزرگمهر حسین پور

# لەو دیو سنوورەکانی گڕەوە

ڕەسووڵ سوڵتانی (هۆزان)

**چاوت دەرێ خوڵای دەکرد.......**
**ڕۆڵە نەکەی کچێ خۆت بەدبەخت نەکەی.**
**دەیزانی دایکی هیچی لەدەست نایە و لەوە کلۆڵترە قسەی بڕ بکا. کە دەیگوت یا بۆ ئەوم یا بۆ گڵ... دایکی ڕەنگی پێوە نەدەما. بابیشی بە ڕقەوە دەیگوت: چاوت....**
**ئەو دوو رستەیە تەنیا شتێك بوون پچڕ پچڕ لەنێو دەنگی ئارام و خەیاڵەکانی خۆی دا لە گوێچکەی دا دەزرینگانەوە. ئەو دوا نێوەڕۆیە پەتەکەی هێنا و بە میچی ژوورەکەوە بەستی. بابی گوتی چاوت دەرێ... یەکەمجار کێ باسی سێدارەی کرد؟ ئەها لە کتێبە مێژووییەکەیدا خوێندبویەوە. گەرووی گیرا، هەناسەی لێبڕا... ئەژنۆکانی وەلەرزین کەوتن. "بەو پردەدا دەپەڕمەوە. مامۆستا گوتی: مەرگ پردێکە"...**
**بڵێی.....؟**
**چاوێکی لە پەتەکە کرد. ئەها!.. ئەو ڕۆژە ئارامیش گوتی: حازرم لەسەر تۆ لەدار بدرێم.**
**گوتی: لەسەر من؟**
**بە خاتری خۆشەویستی چۆن کەسێك لەدار دەدرێ.**
**دار؟ بۆ؟ کێ دە....**
**پەتەکەی دوو جار ڕاتڵەکاند. دڵنیا بوو ناپسێ. کورسیلەکەی راست لەژێری دانا و پەتەکەی خستە ملی.... سێ پیاوەکەی نێو کتێبەکەش لەسەر عەشق لەدار دران؟ بەلام عەشقی ئەوان....**
**هاتە خوارێ سێدارە تەنیا بۆ عاشقانی نیشتمانە و.... پیاوانی....**
**نەوتەکەی هێنا. کچێ نەکەی ڕۆڵە... چارەڕەش دەبی....**
**یەکەمجار کێ باسی خۆسووتاندنی بۆ کرد؟**
**هەر ئارام بوو بەلام پێی نەگوتم خۆم دەسووتێنم گوتی بۆت سووتاوم و...**
**چاوەکانی بوونە ڕێبواری نێوان نەوت و پەتەکە....**
**لە پەنجەرەی وەتاغەکەوە دووکەڵ بە باقە دەهاتە دەرێ و نووسراوەی سەر دیوارەکەی وشە بە وشە دادەپۆشی (لەو... دیوی... سنوورەکانی گڕەوە.... چاوەڕێتم.**

# ناسیونالیزمی مەدەنی،
# یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو

بەشی هەڤدەهەم

**ئاخێوی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا، ئاخێوێکی ئاڵۆزە، هەندێك لە روانگە نەریتییەکان لە چوارچێوەی میتۆدگەلی مودێرندا دەژێنێتەوە. دژایەتیکردنی لیبراڵیزمی رۆژئاوایی و نەریتی روشنگەری و پێداگرتن لەسەر موبیلیزەکردنی رەمەکی و بژاردەخوازی و رێبەری و گوێڕایەڵی و نەزم و دیسیپلین و هاوپێوەندی لەسەر بنەمای ناسنامەی مەزهەبی لە توخمە سەرەکییەکانی ئەم ئاخێوەن**

## ١ـ کۆمەڵگای شارستانی

لەم بەشەدا، هەرچەند بە کورتیش بێ بۆ دەرخستنی زیاتری بێنێوەرۆکیی ئەو ناسیۆنالیزمە بەناو مەدەنییەی کە حەمیدڕەزا جەلاییپوور ئیدیعای دەکا، پێویستە ئاوڕێك لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی، تیئۆری و بنەماکانی بدەینەوە و ئەو راستییە نیشان بدەین کە گەڵاڵەکردنی چەمکێکی وەك چەمکی ناسیۆنالیزمی مەدەنی بە بێ خوێندنەوەیەکی وردو هەمەلایەنەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا سەری هەڵداوە و وەرگرتنی بە شێوەیەکی داماڵراو لەو هەلومەرجەی کە تێیدا رسکاوە و هەوڵدان بۆ دابەزاندنی لە کۆمەڵگایەکی نەریتگەریی ئیدئۆلۆژیکدا چەندە نیشانەی خوێندنەوەیەکی ساویلکانەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە.

کۆمەڵگای مەدەنی واتە، کۆمەڵێك رێکخراوی خۆبەخشی سەربەخۆ کە مەودای گشتی پڕ دەکەنەوە لە نێوان خێزان و دەوڵەتدا، لە پێناوی هێنانەدیی بەرژەوەندی تاکەکاندا کە پابەندن بە بەهاو پێوەرەکانی رێزگرتن، رازیبوون، لێبوردەیی، بەڕێوەبردنێکی دروست بۆ فرەلایەنی و جیاوازی[1]. ئێستاکە چەمکی "کۆمەڵگای مەدەنی" لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا زۆر جار لە بەرامبەر دەوڵەتدا بە بیاڤێك لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکرێ کە لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسی بەدەرەو کۆمەڵێك لە ناوەند، دەزگا، دامەزرێنراو، ئەنجومەن و رێکخراوە تایبەتی و مەدەنی (ناتایبەتی) دەگرێتەوە. لێك جوێکردنەوەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە چەمکی دەوڵەت، بەرهەمی هزری سیاسیی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە لە رۆژئاوادا بوو. ئەم چەشنە لێك جوێکردنەوەیە، پیشاندەری راستیی هەڵوەشانەوەی پێکهاتی دەسەڵاتی رەهاو سەرهەڵدانی دەوڵەتی لیبراڵ و بیاڤی بازاڕی ئازاد بوو. دیارە نیشانە سەرەتایی و گراکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەناوی فیئۆدالیتە و سەدەکانی نێوەڕاستدا بەدی دەکران. لە کۆمەڵی فیئۆدالیدا، کۆمەڵگایەکی کەموزۆر مەدەنیی بەرتەسك هەبوو. پەرەم پەرەمیی دەسەڵات، مافگەلی خاوەنداریتی، پارێزراوبوون و قانەکانی دەرەبەگەکان و، بوونی شارە خودموختارەکان (Burgh) و... هەلیان بۆ پەیدابوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی لاواز رەخساندبوو. ئەگەر بەراوردێکیش بکەین، لە رۆژهەڵاتدا بە سەرنجدان بە تایبەتمەندیی سەرەڕۆیانەی حکوومەت، کۆمەڵگای مەدەنی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان گەلێك لاوازتر بوون[2]. بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنی تێکرای ئەو بیاڤانە دەگرێتەوە کە پاش دیاریکردن و جیاکردنەوەی بیاڤی دەوڵەت دەمێننەوە، کۆمەڵگای مەدەنی بیاڤێکە کە لەودا ململانێیە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئیدئۆلۆژیکەکان روو دەدەن و دەوڵەت تێدەکۆشێ کە ئەو ململانێیانە بە ئاشتییانە یان لە رێگەی سەرکوتەوە چارەسەر بکا[3]. کۆمەڵگای شارستانی دیاردەیەکە لە ئورووپا سەری هەڵداوە و هاوشانی سەرهەڵدانی چینی بورژوا بووە، وەك چینێکی سەرکەوتوو بەسەر دەرەبەگایەتیدا، بۆیە ناکرێ لە هەموو ئەو گۆڕانکارییە قووڵانەی دابڕین کە لە ئاستی ئابووری، بەرهەمهێنان، کولتوورو فیکردا لە بەرەبەیانی رێنسانسەوە هاتوونەتە ئاراوە و بوونەتە هۆی خستنەوەی تێڕوانین و وێناکردنی نوێ سەبارەت بە دنیا. هەروەها ناکرێ لەو دەسکەوتانە جیا بکرێتەوە کە لەسەر ئاستی فراوانبوونی ئەقڵانیەت و توندو تۆڵکردنی بەردەوامی ئەو بنچینانەی عەلمانیەت لە ململانێی خۆی لەگەڵ کلیسا پشتی پێ دەبەست، هەتا دەگاتە ئیشکالیەتی یەکەمی دێموکراسیی لیبراڵی کە لە سەر کەلاوەی پاشایەتییە رەهاخوازەکان دامەزراو دەرگا بە رووی سەردەمێکی نوێی تێڕوانیندا سەبارەت بە مرۆڤ وەك یەکەمین حەقیقەت بکاتەوە.

ئەو گۆڕانکارییانە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نوێیان خستەوە و پێویستیی دۆزینەوەی دامەزراو رێکخراوگەلی وەهایان هێنایە ئاراوە کە لە رێگەیانەوە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان (ئاکتیڤیست) چالاك بن. مەبەست ئەوانەیە کە قۆناغی ویژدانی ساوایان جێهێشتوە و گرنگیی خۆیان لە ژیانی گشتی و قورسایی خۆیان وەك ویژدانی کۆمەڵایەتی دۆزیوەتەوە و بۆیان دەرکەوتوە رایگشتی، لەو چرکەساتەوە کە مەسەلەی هەڵبژاردنە

**لێك جوێکردنەوەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە چەمکی دەوڵەت، بەرهەمی هزری سیاسیی سەدەکانی هەژدەو نۆزدە لە رۆژئاوادا بوو. ئەم چەشنە لێك جوێکردنەوەیە، پیشاندەری راستیی هەڵوەشانەوەی پێکهاتی دەسەڵاتی رەها و سەرهەڵدانی دەوڵەتی لیبراڵ و بیاڤی بازاڕی ئازاد بوو**

دێموکراتیکەکان و مافەکانی هاوولاتی دەربڕاون بایەخی خۆی هەیە[٤]. کۆمەڵگای مەدەنی ناوبرێکی نێوان دەوڵەت و هاوولاتییانە. بەم مانایە کە خواست و پێوەندی و دیدو بۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە رێگای دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە بۆ دەوڵەت دەگوازرێتەوە و کار لە رەفتارو هەڵسوکەوتی دەوڵەت دەکا، لە بەرامبەریشدا، دەوڵەت لە باتیی ئەوەی رووبەڕووی تاك تاکی خەڵك بێتەوە و هەوڵ بدا بیانگۆڕێ و کاریان تێ بکا، رووبەڕووی دەزگایەکەیانە و دەبێ لەگەڵ کۆمەڵێکی رێکخراودا بکەوێتە گفتوگوو هەنگاو هەڵێنێ. بەم شێوەیە تاك بە شێوەیەکی وردیلە و تەنیا رووبەڕووی دەوڵەت نابێتەوە، بەڵکوو لە چوارچێوەی پێکهاتێکی بەکۆمەڵدا بەرەڤانی لە مافەکانی دەکا[٥].

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە کاریگەریی سەرەکیی کۆمەڵی مەدەنی ئەمەیە کە لە هێزی دەوڵەت دادەشکێنێ و هێزی خەڵك زیاد دەکا. وەکی دیکە، لە کۆمەڵێکدا کە خۆی کۆمەڵێکی مەدەنیی بەهێزو گەشەکردوو نیە، تاك لە بەرانبەر دەوڵەتدا بێپەناو بێهێزەو لە بارێکدا لە کۆمەڵی مەدەنیدا، دەسەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ دەسەڵاتی کۆمەڵ "هاوسەنگ" دەبێ. لە بەرامبەر دەسەڵاتی رێکخراوو چڕبۆوەی دەوڵەت، تاك بە تەنیا توانای بەرگری و بێنەو بەردەی نیە، بەڵام دەزگا مەدەنییەکان دەتوانن دەسەڵاتی بێنەو بەردەی کۆمەڵ لە بەرامبەر دەوڵەتدا زیاد بکەن. ئەم پرۆسەیە، لاوازکردنی دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خەڵك، دەتوانێ ببێتە هۆی خولقاندنی دەوڵەتێك بە دەسەڵاتێکی دیاریکراوو لێپرسراوەوە[٦].

## ٢ـ هۆکارە وەدیهێنەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

کاتێك کە باسی کۆمەڵگای مەدەنی و بەدەزگابوونی دەکەین. مەبەست تەنیا رێکخراوبوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسی و ئازادیی ئەوان بۆ بەشداری و پێشبڕکێی سیاسی نیە، بەڵکوو چێبوونی دەزگاگەلێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەناوی پێکهاتەی سیاسی، بەدەزگابوونی ژیانی سیاسی و رەوایی وەرگرتنی ناوەندە قانوونییەکان بۆ بەشداریکردن و پێشبڕکێی سیاسیشە، واتە کۆمەڵگای مەدەنی، تەنیا چەمکێکی رووتی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکوو جۆرێکە لە ژیانی سیاسی.

بنیاتنانەوەو گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان لە بیاڤگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی روو لە گەشە، زۆرجار هەلومەرجێکی لەبار بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی پێك دێنن. لەلایەکی دیکەوە ئیدئۆلۆژیی سیاسی و ناوەندەکانی دەسەڵات دەبنە کۆسپ و لەمپەر لە هەمبەر پێکهاتن و بەدەزگابوونی کۆمەڵگای مەدەنیدا. بە گەشەکردنی سەنعەت، فێرکردن، شارنشینی، پێوەندییەکان و پێوەرەکانی دیکەی گەشەپێدان و بنیاتنانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، رێگا بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی خۆش دەبێ، بەڵام نەگۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و کەڵەکەبوونی دەسەڵات لە هەلومەرجی بنیاتنانەوەدا یا سەرهەڵدانی پێکهاتی دەوڵەتی رەها لەم هەلومەرجەداو زاڵبوونی ئیدئۆلۆژی و ئاخێوە سیاسی و هێژموونیخوازەکان کۆسپی بۆ ساز دەکەن[٧].

## ٣ـ ئاخێوی سیاسیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا

ئاخێوی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا، ئاخێوێکی ئاڵۆزە، هەندێك لە روانگە نەریتییەکان لە چوارچێوەی میتۆدگەلی مودێرندا دەژێنێتەوە. دژایەتیکردنی لیبراڵیزمی رۆژئاوایی و نەریتی روشنگەری و پێداگرتن لەسەر موبیلیزەکردنی رەمەکی و بژاردەخوازی و رێبەری و گوێڕایەڵی و نەزم و دیسیپلین و هاوپێوەندی لەسەر بنەمای ناسنامەی مەزهەبی لە توخمە سەرەکییەکانی ئەم ئاخێوەن. ئەم ئاخێوە، لە ئەنجامی دژکردەوە بەرامبەر بە رەوتی لێك هەڵوەشانەوەی هاوپێوەندیی نەریتی و رەمەکیبوونی کۆمەڵ لە سەردەمی پەهلەویدا پێك هات و بەنیازبوو تا ئەو تەنایییە لە دەستچووەی دنیای نەریتی بە موبیلیزەکردنی رەمەکی و لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژییەکی ڤەگردا قەرەبوو بکاتەوە. ئەم ئاخێوە بە پێداگرتن لەسەر ناسنامە، دیسیپلین، رێبەری، مەزنایەتیی ئیسلامی و هاوپێوەندیی گشتی، ئەو دڵەڕاوکێیە بڕەوێنێتەوە کە جیهانی سارد و سڕی سەرمایەداری پێکی هێنابوو. ئاخێوی ناوبراو لە کۆتایی سەردەمی پەهلەویدا لە نێو گرووپ، توێژو روشنبیرگەلێکی تایبەتدا پەرەی سەند، بەڵام لە رەوتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەدا، بەهۆی تەنگەزارییە کۆمەڵایەتییەکان و موبیلیزەی سیاسی، پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرینی پەیدا کرد کە لە چوارچێوەی گرووپە ئیدئۆلۆژیکە سەرەتاییەکان دەردەچوو[٨].

ئاخێوی نەریتخوازی ئیدئۆلۆژیك، بە بەراورد لەگەڵ ئاخێوی مودێرنیسم، بە شێوەیەکی ئاوەژوو جیهانی مۆدێڕن نیشان دەداو دژایەتیی ئەو هزرگەلە دەکا کە بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی پێك دێنن. ئیدئۆلۆژی بە واتای چێکردنی "ئێمە" و "ئەوان"ی تر، بە دوژمنی سەرەکیی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێ. ئیدئۆلۆژی دەبێتە هۆی کوشتنی جیاوازییەکان. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای مەدەنی پێویستیی بە پلۆرالیزم هەیە. ئاخێوی نەریتخوازیی

**ئاخێوی نەریتخوازی ئیدئۆلۆژیك، بە بەراورد لەگەڵ ئاخێوی مودێرنیسم، بە شێوەیەکی ئاوەژوو جیهانی مۆدێڕن نیشان دەداو دژایەتیی ئەو هزرگەلە دەکا کە بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی پێك دێنن. ئیدئۆلۆژی بە واتای چێکردنی "ئێمە"و "ئەوان"ی تر، بە دوژمنی سەرەکیی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێ**

ئیدئۆلۆژیك لە ئێراندا، لە لایەکی دیکەوە بە پێداگرتن لەسەر یەکێتی و هاوپێوەندیی دەروونیی کەشوهەوایەکی بەرینی ترس لە بیانیی پێك هێناوە کە لە توخمە سەرەکییە پێکهێنەرەکانێتی. کۆمەڵگای مەدەنی بە مانای راستەقینەی خۆی کاتێك لە ئێراندا سەر هەڵدەدا کە لە ئاخێوی نەریتخوازیی ئیدئۆلۆژیك دەرباز بێ[٩]. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گوێرەی ئەم دیسکورسەی خۆی لە بوارگەلی سایکۆلۆژی، کولتووری، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، کەشوهەوایەکی ئەوتۆی پێك هێناوە کە کەیل و لێوانلێوە لە ترس، توندوتیژی، کوشتنی جیاوازییەکان، نەهێشتنی کاناڵە جۆراوجۆرەکانی دەربڕینی ئیرادەی تاکی ئازاد، تەکڕەوی، هەقیقەت، تەکفیرو قوربانیکردنی ئینسانەکان.

دیارە لە فەزایەکدا کە ترس رەنگرێژی کردبێ، ترس پاڵنەری سەرەکیی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بێ، ترس کارو کاردانەوەکان دەسنیشان بکا، ترس سەروەرو پایەدار بێ، لەو جۆرە فەزایەدا ناتوانین قسە بە بوون و ئامادەگیی چالاکیی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین. ترس دوژمنی هەرە سەرەکیی کۆمەڵگای مەدەنییە. ترس وا دەکا تاك و گرووپەکان نەتوانن، بە راشکاوی و بە ئاشکراو بە ئازادی راوبۆچوون، دیدو جیهانبینی، ویست و ئارەزوو، مۆژدەو چاوەڕوانییەکانی خۆیان دەربڕن لە فورمی رێکخراوو دەزگاو کۆڕو کۆمەڵی تایبەتدا رێکیان بخەن[١٠]. لە بەشی داهاتوودا باسی هەڕەشەکانی دیکەی سەر کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین و رەفتارو سیاسەت و هەڵسوکەوتە نامەدەنییەکانی کۆماری ئیسلامی پتر روون دەکەینەوە.

سەرچاوەکان:

١ـ بیری نوێ، گۆڤارێکی فکری، رۆشنبیری، ژمارە ٣٢، هەولێر ٢٠٠٤، ل ٧٥

٢ـ بشیریە، د. حسین، جامعەشناسی سیاسی، تهران، نشر نی، چاپ نهم ١٣٨٢ ص ٣٣٠

٣ـ همان منبع، ص ٣٣٢

٤ـ عەبدوڵڵا، هەڵکەوت، کۆمەڵگەی شارستانی، وەرگێڕان، کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ١٢٦

٥ـ خۆشناو، ئەبوبەکر، کۆمەڵی مەدەنی، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ١٨

٦ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٢

٧ـ بشیریە، حسین، عقل در سیاست، تهران چاپ اول ١٣٨٣، صص ٦٨٩ و ٦٩٠

٨ـ همان منبع پیشین، ص ٧٠٤

٩ـ همان منبع پیشین، ص ٧٠٦

١٠ـ وریا قانیع، مەریوان، شوناس و ئاڵۆزی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ١٦٥

✻✻✻

# لە یادی ١٦ ساڵەی شەهیدکردنی دوکتور قاسملوودا (*)

بەشی دووهەم‌و کۆتایی

وەرگێڕان‌و ئامادەکردن: قوتان

بوزورگیان بەترین (شەمەندەفەر) لە سویسراوە هاتە ڤییەنا، رۆژی ٨٩/٦/٢٦ چاوی بە د. فازیل رەسووڵ کەوت، ٣ خاڵی پێڕاگەیاند

١ـ ئێران ئامادەیە بۆ گفتگۆ،

٢ـ ئێران پێی چاك نیە تاڵەبانی ئاگاداری کۆبوونەوەکان بێت، یان بەشداریی کۆبوونەوەکان بێت،

٣ـ لەجیاتیی تاڵەبانی، ئێران پێی چاکە ئیتر فازیل رەسووڵ وەکوو ناوبژیکەر بەشدار بێت.

ئێرانی‌یەکان بۆیە پێیان چاك بوو تاڵەبانی دوور بێت لەو مەسەلەیە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١ـ تاڵەبانی وەکوو دۆستێکی ئێران لە هەلومەرجی شەڕی ئێران ـ عێراق وەکوو سەرکردەیەکی کوردی عێراق، کوشتنی لەگەڵ قاسملوو بە یەکەوە زۆر قورستر دەکەوت لەسەر ئێرانییەکان.

٢ـ ئەگەری ئەوە هەبوو کە تاڵەبانی بە ئاگاداریی پۆلیسی نەمساوی یان هیچ نەبێت بە ئاگاداریی کوردەکانی عێراق پارێزگاری لە کۆبوونەوەکان بکرێت، بەو پێیەش پلانەکەیان سەرنەگرێت.

٣ـ تاڵەبانی بە حوکمی ئەوەی دەیان جار لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق یان ئێران دانووساندنی کردووە رەنگە وەفدی ئێران بهێنێتە ئەو بارە (محرج) (جارزکەر)ی کە کورد رازییە رێك بکەوێت، بەڵام ئێرانی‌یەکان نایانەوێ رێك بکەون. چونکە ئێرانییەکان مەبەستیان رێککەوتن نەبوو، بەڵکوو تیرۆرکردنی د.قاسملوو بوو.

***

دەزگای ئیتلاعاتی ئێران وەکوو هەموو دەزگا جاسووسی‌یەکانی دیکەی دنیا سەرکەوتوو بوون لە دڵنیا کردنی لایەنی کورد وەکوو نێچیرێك وە بڕوا بوونیان بەوەی کە ئێران نیازێکی پاکی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران.

لە لایەکی‌ترەوە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بڕیارەکەی خۆی کە لە جیاتیی د. قاسملوو، سادقی شەرەفکەندی وەکوو لێپرسراوی لایەنی کوردی بەشداری کۆبوونەوەکان بکات، پەشیمان بووەوە.

رۆژی ١٩٨٩/٦/٢٧ فازیل رەسووڵ تەلەفون بۆ د. قاسملوو دەکات (ئەو کاتە گەڕابووەوە پاریس)و پێی دەڵێت کە لایەنی ئێرانی پێی راگەیاندوە کە رەفسەنجانی دوای مردنی خومەینی زۆر بە پەرۆشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. هەروەها پێی دەڵێت کە ئێرانی‌یەکان ئامادەن لە رۆژی ١٩٨٩/٦/٢٩وە لەگەڵ لایەنی کوردی دانیشن.

رۆژی ١٩٨٩/٦/٣٠ د.فازیل بە فڕۆکە دەچێتە پاریس بۆ لای د. قاسملوو، پاش قسە کردن، د.فازیل لە پاریسەوە بوزورگیان ئاگادار دەکاتەوە کە. قاسملوو ئامادەیە سەرلەنوێ لەگەڵ لایەنی ئێرانی [کۆبێتەوە]. هەروەها پێی وتبوو کە د. قاسملوو تا ١٩٨٩/٧/١٥ وەختی هەیە، چونکە دوای ئەوە دەچێتە ئەمریکا بۆ ماوەی مانگێك لە ئەمریکا دەمێنێتەوە.

بۆ ئێرانی‌یەکان چوونی د. قاسملوو بۆ ئەمریکا هۆیەکی‌تر بوو بۆ ئەوەی پێشتر لەناوی بەرن.

فازیل رەسووڵیش بە حوکمی ئەوەی کار دەکات بۆیە ئەویش لە رۆژی ٧/١٢وە وەختی هەیە وەکوو ناوبژیکەر بەشداریی کۆبوونەوەکان بکا.

***

رۆژی ١٩٨٩/٧/٦ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەم ئاگادارییەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

"بۆنەی چلەی مردنی خومەینی دەکەوێتە ٧/١٤وە، هەرچەندە زانیاریی تەواومان نیە کە لەو رۆژەدا کاری تیرۆری دژی ئەمریکایی‌یەکان ئەنجام دەدرێت یان نا؟ بەڵام پێویستە لەسەر هەموو لایەکی پێوەندیدار ئەو مەسەلەیە بە هەند وەرگرێت؟"

رۆژی ٦/١٤ ئینجا پۆلیسی نەمسا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی نەمساوە پێی گەیشت (واتە رۆژێك دوای تیرۆر کردنی د. قاسملوو) کە ئەبوایە وەزیری ناخۆی نەمسا (Franz Loschnak) زووتر ئەو زانیارییانەی بۆ پۆلیس بناردایە.

***

رۆژی ٧/١٠ پاش نیوەڕۆکەی جەعفەری سەحراروودی گەیشتەوە ڤییەناو رۆژی دواتر چووە هەمان ئوتێل کە مستەفا ئەجوادی تیا دەخەوت (مستەفا ئەجوادی پێشتر گەیشتبوە ڤییەنا).

هەردووکیان تا رۆژی (١٩٨٩/١٤) شوێنیان "حیجز" (رێزێرڤ) کردبوو لە ئوتێلەکە. هەڵبەتە پۆلیس دوای کارە تیرۆریستی‌یەکە بەو مەسەلەیەی زانی.

رۆژی ١٩٨٩/٧/١١ د. قاسملوو عەبدوڵڵای قادری دەگەنە ڤییەنا، لەوێ لەلایەن خوسرەوی بەهرامی‌و کەریمی پیرۆتی نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڤییەنا پێشوازی دەکرێن. پاش چەند سەعاتێك دەچنە ماڵی د.فازیل بۆ بینینی سەرۆکی پێشووی ئەلجەزائیر (ئەحمەد بن بیلا)

***

رۆژی ٨٩/٧/١٢ دەورەی سێهەمی کۆبوونەوەکان دەستی پێکرد شوێنی کۆبوونەوەکە د. فازیل رەسووڵ تەکبیری کردبوو، شوێنەکە خانوویەك بوو لە قاتی سێهەم لە کوچەی linkenbahn5 کە دەکەوێتە گەڕەکی ژمارە ٣ لە ڤییەنا. ساختمانەکە ئایفونی تێدا بوو (واتە لەبەر دەرگای دەرەوە ئەبوایە زەنگ لێبدرێت، لە ماڵەوەش دەست بە دوگمەیەك دەنرێت ئینجا دەرگای سەرەکیی ساختمانەکە دەکرێتەوە). کۆبوونەوەکە چەند سەعاتێکی خایاند، ئێرانیەکان لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا داوایان کرد کە ئەوان ئەبێت ئەنجامی کۆبوونەوەکە بە تاران رابگەیەنن، بۆ سبەینێ دووبارە ئامادەن دابنیشنەوە.

هەر ئەو رۆژە بوزرگیانیش چووبووە هەمان ئوتێل کە سەحراروودی‌و ئەجوادی لێی دەخەوتن.

رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ سەعات ٤ پاش نیوەڕۆ، د. قاسملوو بە یاوەریی عەبدوڵڵا قادری‌و خوسرەوی بەهرامی (نوێنەری حیزب لە ڤییەنا) سەردانی وەزارەتی ناوخۆی نەمسایان کرد، لەوێ چاویان بە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەت کەوت.

ئەوان ئەبوایە سەعات پێنج‌و نیوی پاشنیوەڕۆ لەگەڵ لایەنی ئێرانی دووبارە دابنیشنەوە. بۆیە هەر لەوێوە بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە وەڕێ کەوتن.

هێلێن قاسملوو دەگێڕێتەوەو دەڵێت بەر لە چوونی د.قاسملوو بۆ ڤییەنا، من لێم پرسین ئایا ناترسی لەوەی پیلانت لێبکەن، ئاخۆ هاواڵە کوردەکانی دەیپارێزن؟...! لە وەڵامدا د. قاسملوو وتبووی کە ئەو هەموو شتێکی تەرتیب کردوە. هێلێن دەڵێ من وامزانی رەنگە پۆلیسی نەمساوی بیپارێزن.

هەر لەو مانگەدا مەسعوود بارزانی لە فییەنا بوو، هەروەکوو پیرۆت ئیبراهیم نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (PDK) دەیگێڕێتەوە دەڵێت کە بارزانی هەمیشە لەلایەن پۆلیسی نەمساوە پارێزگاری لێکراوە، چونکە بەر لە گەیشتنی وەزارەتی ناوخۆیان ئاگادار کردۆتەوە. تاڵەبانییش کە لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەشدار بوو، هەمیشە چەندین پۆلیسی نەمساوی دەیانپاراست.

***

سەعات پێنج‌و نیوی پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ کۆبوونەوەی دووەم دەستی پێکرد، لایەنی ئێرانی بریتی بوو لە جەعفەری سەحراروودی، موستەفا ئەجوادی‌و مەنسوور بوزورگیان ئەسڵ، ئەمانە لە خانوەکە چاوەڕێیان دەکرد، د. فازیلیش لەوێ بوو. پاش چەند خولەکێك د. قاسملووو عەبدوڵڵای قادری دەگەنە جێ. بوزورگیان وەکوو پاسەوان بە پێوە دەوەستێت. هەروەکوو لە کاسێتەکە گوێ گیراوە، ئێرانییەکان بە هەگبەی بەتاڵەوە لەوێ بوون. پاش ماوەیەکی کورت بە دوو دەمانچەی بێدەنگ تەقە لە د. قاسملووو د. فازیل رەسووڵ دەکرێت. هەردووکیان دەکوژرێن، دوو گوللە بەر د. قاسملوو دەکەوێت‌و سێ گوللەش بەر فازیل رەسووڵ.

بە پێی بۆچوونی لێکۆڵەرەوەکان عەبدوڵڵای قادری بەبێ چەك بەرهەڵستی دەکات پاشان دەکوژرێت، ئەو حەوت گوللەی بەردەکەوێت. بەڵام سەحراروودی لە کاتی تەقەکان دا گوللەیەکی وێڵ بەر قۆڵی چەپی دەکەوێت لە شانی‌یەوە دەرئەچێت. موستەفا ئەجوادی شوێنی رووداوەکە بەجێ دێڵێ‌و هەروەها لە نەمساوە بەرەو شوێنێکی نادیار دەچێت کە تا ئێستا پۆلیس نازانێ چۆن‌و بە چ شێوەیەك نەمسای بەجێ هێشتوە.

سەحراروودی بە یارمەتیی بوزورگیان لە ماڵەکە ئەچێتە دەرەوە، لەبەر سەختی برینەکەی لە قاپی ماڵەکەی بەرامبەر ئەوێ، ژنێك دەرگاکە دەکاتەوە، کە ئەیانبینێ یەکسەر مێردەکەی ئاگادار دەکاتەوە ئەویش تەلەفوون بۆ پۆلیس دەکا، بوزورگیان کۆمەڵێ پارەو کاغەز لە گیرفانی سەحراروودی دەردێنێ‌و دەچێتە سەر جادەکە، سەحراروودی وردە وردە بە پلیکانەکان دا دێتە خوارێ.

دەوری سەعات ٧/٢٠ رووداوەکە روو ئەدات، سەعات ٧/٣٧ پۆلیس دەگاتە شوێنی رووداوەکە، دوکتورێك دەکەوێتە تیمار کردنی سەحراروودی. بوزورگیان کە دەزانێ هەر دەگیرێ چونکە جلوبەرگەکەی خوێناوی بوو، دەگاتە پۆلیسێك‌و هاوار دەکا (myFriends,myfriends)، لەگەڵ پۆلیسەکە بوزورگیان دەگەڕێتەوە شوێنی رووداوەکە. پۆلیس کە گیانی بوزورگیان دەگەڕێن، ٩٦٠٠ دۆلارو هەندێ کاغەز لە گیرفانی دەرێنن. پاشان ژمارەیەك پۆلیس‌و لێپرسراوی پۆلیس‌و، تیمی تایبەت دژ بە تیرۆر دەگەنە جێی رووداوەکە. رۆژنامەوان Bernd Ender کە زۆر دۆستی ئێران بوو، ئەویش دەگاتە جێ، یەکسەر باڵوێزخانەی ئێران ئاگادار دەکاتەوە.

***

کەریم پیرۆتی، قەرار بوو دوای کۆبوونەوەکە، د. قاسملووو عەبدوڵڵای قادری بەرێتەوە شوێنی خەوتنیان. کە ئەوان هەر دەنگیان نابێ ئاگاداری خوسرەوی بەهرامی دەکاتەوە، پێکەوە دەچن بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە، کە چاویان بەو پۆلیس‌و قەرەباڵغی‌یە دەکەوێت، یەکسەر تێدەگەن کە رووداوێك بە سەر د. قاسملووو هاواڵەکانی هاتوە.

لە کاتی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی‌دا بوزورگیان دەڵێت من لە ریستورانێکی نزیك ئەو شوێنە بوومە، دوایی کە چوومەتە ئەوێ سەحراروودیم بە برینداری بینیوە هاتومەتە خوارەوەو ئاگاداری پۆلیسم کردۆتەوە، جارێکی‌تر وتبووی کە ئێمە لە ژوورەوە بووین، چەند کەسانێکی نەناسراو هاتوونەتە سەرەوە لە ساختمانەکەو دەرگای ماڵەوەیان کردۆتەوەو تەقەیان لێکردووین.

بەڵام کە پۆلیس گوێ لە خوسرەوی بەهرامی‌و کەریم پیرۆتی دەگرن، یەکسەر بۆیان دەردەکەوێت کە ئەمە کارێکی تیرۆریستانەیە بە بێ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١ـ هەر سێ کوردەکە کوژراون، سێ ئێرانی‌یەکەش سلامەتن، تەنها یەکێکیان برینداره، یەکێکیشیان هەر زوو رای کردوە.

٢ـ دەرگای سەرەکیی ساختمانەکە بەبێ زەنگ لێدان لە خوارەوەو بەبێ ئەوەی لە ماڵەوە دەست بە دوگمەیەك دا نەنێیت دەرگای سەرەکیی ساختمانەکە ناکرێتەوە. . .! کەواتە ئەگەری ئەوەی کەسانی‌تر تەقەیان کردبێ درۆیە.

٣ـ تەرمی هەر سێ کوردەکە گوللەی کۆتایی بەسەریانەوە نراوە کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (طلقە الرحم)، کەچی بریندارە ئێرانی‌یەکە (سەحراروودی) بەسەری نەکەوتوە.

٤ـ بکوژەکان لەوە دەچێت کوردەکانیان پێشتر ناسیبێ بۆیە برووسکە ئاسا تەقەیان لێکردون، گوللەکان هەمووی بەرئەوان کەوتوە تەنها گوللەیەکی وێڵ نەبێت کە بەر سەحراروودی کەوتبوو.

٥ـ هەروەها بەوە دەچێت کە بکوژەکان شوێنی رووداوەکەیان پێشتر دیراسە کردبێ بۆیە کارە تیرۆریستی‌یەکەیان سەری گرتوە.

سەحراروودی دەبرێتە خەستەخانەو بوزورگیانیش بۆ مەرکەزی پۆلیس نزیکی ٧ کاتژمێر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت. ئەو هەر دەڵێت کە کەسانێکی‌تر تەقەیان لێکردون.

هەر ئەو شەوە کرێکارێکی بەلەدییە کیسەیەك دەدۆزێتەوە کە دەمانچەیەکی بێدەنگ‌و جووتە کلیلی موتورسکلێتێکی تێدا بوو لەگەڵ هەندێ کاغەز، ئەو کرێکارە دەیباتە پۆلیسخانە، پاشان پۆلیس لە شوێنێکی‌تر کیسەیەکی‌تر دەدۆزێتەوە کە دەمانچەیەکی بێدەنگی‌تری تیابوو لەگەڵ هەندێ شتومەك. کە فەحس دەکرێت پەنجەی مۆری بکوژەکانی پێوەدیارە.

هەر بۆ سبەی ٧/١٤ لە ژێر فشاری وەزارەتی دەرەوەی نەمسا بۆ سەر دادگای ڤییەناو پۆلیسی نەمسا ـ کە ئەبوایە دەستێوەردانی ئەو وەزارەتە پشتگوێ بخرایە بۆ ئەوەی یاسا شاڕێی خۆی وەرگرێ ـ پرۆسەی دەرکردنی بەڵگەی تاوانبارکردن دژی ئەو دوو ئێرانی‌یە دەرنەکرا، بە بیانووی ئەوەی ئیسباتی تەواو نیە لەسەریان. هەڵبەتە ئەوە فشاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە لە رێگەی باڵوێزخانەکەیانەوە لە ڤییەنا (ئاغای شیرازی) خرابووە سەر دامودوزگاکانی وڵاتی نەمسا. هەر بەو پێیەش بوزورگیان دەبرێتەوە باڵوێزخانەی ئێران بە مەرجێك هەرکاتێك داوا کرا لەلایەن پۆلیسەوە پێویستە ئامادە بێت.

کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەحراروودی دەکرێت، قسەکانی جیاوازی زۆری هەبوو لەگەڵ قسەکانی بوزورگیان، سەرباری ئەم هەموو راستی‌یانە هێشتا دادگای ڤییەنا ئەوانە بە تاوانبار نازانێت، بەڵکوو سەحراروودی کە بریندار بوو وەکوو قوربانی‌یەك تەماشا دەکرا.

***

یەك دوو جاری دیکە لێکۆڵینەوە لەگەڵ بوزورگیان دەکرێت، بەڵام پاشان باڵوێزی ئێران حکوومەتی نەمسا ئاگادار دەکاتەوە کە بوزورگیان وەکوو دیپلوماتێك چیتر ئامادە نابێت بۆ لێکۆڵینەوە.

پۆلیس دەوری باڵوێزخانەی ئێران دەگرێت بۆ ئەوەی بوزورگیان رانەکات. چونکە دەنگ‌و باسی ئەوە هەبوو کە رەنگە بەرەو ئێران رابکات.

رۆژی ١٩٨٩/٧/١٦ دەفتەری (مجاهدین خلق) لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا زانیاریی تەواو لەسەر سەحراروودی‌و بوزورگیان بڵاوکردەوە کە هەردووکیان نەك دیپلومات نین بەڵکوو دوو لێپرسراوی بەرزی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانن‌و بە فەرمانی رەفسەنجانی‌و عەلیی فەللاحیان وەزیری ئیتلاعات ئەو کارە تیرۆریستییەیان ئەنجام داوە.

دەزگای هەواڵگریی نەمسا بە هیچ شێوەیەك نەی دەویست بەدوای ئەو زانیارییانەدا بکەوێت. بگرە لە بری ئەوە هەندێ کارمەندی نەمساوییان هەبوو کە لە دەزگاکانی (UN) لە ئێران، ئەوانەیان ئاگادار کردەوە کە ئێران بەجێ بهێلن بە تایبەت شارەکانی کوردستانی ئێران، ئەمە وەکوو هەنگاوێکی بەپەلە، نەوەك دوایی کوردەکان تۆڵەیان لێبکەنەوە.

***

هەر لەو کەین‌و بەینەدا، پۆلیس جارێکی‌تر شوێنی رووداوەکەی پشکنی، یەك دوو قەوانی‌تری گوللەی دەمانچەی کە لە شوێنی دانیشتنی سەحراروودی کەوتبوو ـ ئەوەش بەڵگەیەکی‌تر بوو کە ئەو دەستی هەبووە لە تەقەکردن. بەڵام هێشتا پۆلیس دەیگوت بەڵگەی تەواو نیە لەسەر بکوژەکان.

ئەو کەسانە رۆڵیان هەبوو لەوەی کە ئەو بکوژانە نەدرێنە دادگا ئەمانەی خوارەوە بوون:

١ـ Franz Loschnak وەزیری ناوخۆ

٢ـ Eggmond Foregger وەزیری داد

٣ـ Alois Mock وەزیری دەرەوە

٤ـ Thomas Klestil بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دەرەوە [پێش هاینس فیشێر سەرۆك کۆماری نەمسا بوو]

٥ـ Fasching دادوەری گشتیی دادگای ڤییەنا

رۆژی (٧/١٩) ٣٠ کارمەندی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لە بێرلینی رۆژهەڵاتەوە گەیشتنە ڤییەناو بۆ ماوەی ٣ رۆژ جێگایان لە ئوتێل رێزێرو کردبوو. پۆلیس بۆی دەرکەوت کە ئەمانە بۆ پاراستنی سەحراروودی هاتون تا لە خەستەخانەوە بەرەو فڕۆکەخانەی ڤییەنا یاوەری بکەن لەوێشەوە بەرەوتاران (هەڵبەتە دیارە حکوومەتی نەمسا گفتی بە ئێرانی‌یەکان دابێت کە سەحراروودی ئازادە ئەگەر بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئێران. فەرماندەی ئەو گرووپە ئیتلاعاتی‌یە ناوی موحسین زەعفەرانی بوو.

***

رۆژی ٧/١٩ د. دانێك (دادوەر لە دادگای ڤییەنا) پاش وەرگرتنی ئیفادەی Maihart(خاوەن فرۆشگا)، بۆی دەرکەوت کە ئەو ماتورسکلیتەی پۆلیس دۆزیویەتەوە، سەحراروودی کرییەتی بە ناوێکی ساختە (موستەفا یالچین)ەوە، هەڵبەتە لە رۆژی رووداوەکە کلیلی ئەو ماتۆرسکلیتە لەگەڵ مەبلەغێ پارە پۆلیس لە گیرفانی بوزورگیان دەریهێنا بوو. بەڵام هێشتا دادگا ئەوانی بە تاوانبار نەئەزانی بەڵکوو وەکوو قوربانی تەماشا دەکران.

***

رۆژی ٧/٢٠ بە هەزاران کورد و فەرەنسی‌و ئەورووپی بەشدارییان لە ناشتنی تەرمی د. قاسملوو کرد لە پاریس، بەڵام یەك نوێنەری نەمساوی لەوێ بەشدار نەبوو.

شایانی باسە رۆژی پێشتر (واتە ٧/١٩) خاتوو هێلێن قاسملوو رایگەیاند، ئەوانەی پیاوەکەیان تیرۆر کردوە هەرسێکیان ئیتلاعاتی سەر بە دەزگای ئێرانن. وە بە فەرمانی رەفسەنجانی‌و فەللاحیان ئەو کارەیان ئەنجام داوە خاتوو هێلین لە رێگەی پارێزەرەکەیەوە داوای زیندانی کردنی تاوانبارانی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی وڵاتی نەمسا بە تایبەت دادگاو دەوڵەت لە نێوان خۆیان رێکەوتبوون کە تاوانباران دادگایی نەکرێن، بۆیە داواکەی خاتوو هێلینیان رەت کردەوە بە بیانووی ئەوەی کە بەڵگەی تەواو بە دەستەوە نیە.

***

رۆژی ٨٩/٧/٢٢ سەحراروودی لە کاتژمێر ٧ی ئێوارە لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی باڵوێزخانەی ئێران‌و بە یاوەری‌و پارێزەری پۆلیسی نەمسا دەچێتە فڕۆکەخانەی ڤییەناو لەوێشەوە بە سەلامەت بەرەو ئێران دەگەڕێتەوە. واتە بەڕێزو تەقدیرەوە بەرەو ئێران رەوانە کرایەوە، کە ئەمە پێشێل کردنێکی ئاشکرای یاساکانی نەمسایە کە خۆی بە وڵاتێکی دیموکراتیکی پارێزەری مافی مرۆڤ ئەزانێت. هەروەها ئەوە دەرئەخات کە هەرکات بەرژەوەندی‌و تیجارەت لە ئارادا بوو ئەوا یاسا دەوری نامێنێ...!

***

بوزورگیان کە خۆی لە ناو باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەنا حەشاردابوو، ئەویش هەوڵی دەربازبوونی ئەدا، لەبەر ئەوەی رۆژنامەکانی نەمسا زۆریان تەنانەت لە حکوومەتی نەمسادا لەسەر مەسەلەی ئازاد کردنی سەحراروودی، بۆیە تا چەند رۆژێك کۆنترۆڵی باڵوێزخانەی ئێرانیان بە توندی گرت، بەڵام پاش ماوەیەك لەسەر داوای Thomas Klestil (بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی دەرەوە) وردە وردە چاوەدێری‌و کۆنترۆڵەکەیان خاو کردەوە. ژمارەی پۆلیسەکانیان کەم کردەوە.

رۆژی ١٢/٢٥ بە فەرمانی رەسمیی وەزارەتی ناوخۆولە ژێر فشاری ئێران ئەو چاوەدێرییەکان بە تەواوی خاوکردەوە. واتە رێگەی راکردنی بوزرگیانیش ئاواڵە کرا.

***

رۆژی ٨٩/١٢/١١ لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی لاهە لە هۆلەندا وڵاتی نەمسا ئاگادار کرایەوە کە تاوانبار بوزورگیان خۆی لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەنا شاردۆتەوە، پێویستە حکوومەتی نەمسا رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ دەسگیرکردنی ئەو تاوانبارە.

***

رۆژی ١٢/١٩ دادگای نەمسا ئەمجا فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو سێ‌تاوانبارەی دەرکرد، کە ئەمەش مایەی پێکەنین‌و حەسرەتە...! هەروەها داوای لە پۆلیسی نێودەوڵەتی کرد (انترپول) کۆمەگیان بکات بۆ ئەو کارە.

هەڵبەتە لێپرسراوانی وڵاتی نەمسا بۆیان دەرکەوتبوو کە بوزورگیان لە سەرەتای مانگی ١٩٨٩/١٢وە لە نەمسا نەماوە ئینجا ئەو فەرمانەیان دەرکرد.

یەکێ لە رۆژنامەنووسانی نەمسا ئەمەی خوارەوەی نووسی "کوشتنی ئەو سێ کوردە، بازاڕو تیجارەتی نەمسای لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نەك تێك نەدا، بەڵکوو بەربڵاوو بەهێزتری کرد".

بە پێی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا کە ئەو کاتە Alois Mock نووسیبووی، پرۆسەی هەناردنی (export) بۆ ئێران لە ٥٨٪ زیادی کردوە.

هەڵبەتە لە دوای ئەو رووداوەوە لە سەرەتای ١٩٩٠ زۆربەی وەزیرەکانی نەمسا (دەرەوە، بازرگانی، پیشەسازی) پەیتا پەیتا سەردانی ئێرانیان کرد، چەندین رێککەوتننامەی بازرگانی‌و پرۆژەیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران ئیمزا کرد.

***

خاتوو هێلێن قاسملوو هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە تیرۆر کردنی مێردەکەی‌و هاوەڵەکانی بە تەواوەتی روون بکرێتەوەو تاوانباران‌و ئەو دەوڵەتەی لە پشتیانەوە سزای خۆیان وەربگرن.

لە رۆژی ١٩٩٧/٢/٨ دووبارە خاتوو هێلین لە رێگەی پارێزەرەکەیەوە

بۆ لاپەڕەی ١١

# نامەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ یەکیەتیی ئوروووپا

ڕۆژی ١٣ی جولای ڕۆژی تیرۆرکردنی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لە شاری ڤیەن پێتەختی ئوتریش لە ساڵی ١٩٨٩یە. لەو ڕۆژەدا دوکتور قاسملوو کە بە ناوی وتووێژ بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران لە لایەن ڕێژیمەوە بانگهێشتن کرابوو، بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەر مێزی وتووێژ تیرۆر کرا.

خەڵکی شاری مەهاباد بە مەبەستی ڕێز گرتن لە یادی دوکتور قاسملوو لە ١٦ ساڵەی تیرۆری ئەو ڕێبەرە کوردەو، دەربڕینی ناڕەزایەتیی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ئەو کردەوە تیرۆریستییەو هەروەها هەڵبژێرانی مەحموود ئەحمەدینژاد ـ کە دەستی لە تیرۆری دوکتور قاسملوو دا هەبوو ـ بە سەرۆك کۆماری ئیران و، هێنانە گۆڕی داخوازە سیاسییەکانی خۆیان لەو ڕۆژەدا وێڕای درێژە دان بە دەربڕینی بێزاری خۆیان لە کوشتنی لاوێکی مهابادی بە ناوی شوانە بە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ڕۆژی ١٨ی جولای، دوکان و بازاڕیان تەعتیل کرد و ڕێپێوانێکی ئارامیان دەست پێ کرد. بەڵام هێزەکانی ڕێژیم بە شێوەیەکی بێبەزەیییانە هێرشیان کردە سەر خەڵك‌و ژمارەیەکی بەرچاویان بریندار کردو دەیان کەسیان زیندانی کردن و لە زیندان دا ئەشکەنجەیەکی بێ سنووریان کردن کە لە ئاکام دا ٤ کەس لەوان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست داو چەند ڕۆژ دواتر تەرمەکانیان تەحویلی بنەماڵەکانیان دانەوە.

خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانیش بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی دەرحەق بەو ڕەفتارە دژی مرۆڤایەتییە بە ڕێپێوان و مانگرتن پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی شاری مەهاباد نیشان دا.

بەم چەشنە ئێستا نیزیك بە مانگێکە خەڵکی شارەکانی کوردستان کەوتوونەتە ژێر سەرکوت و زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەو ماوەیەدا نیزیك بە ٢٠ کەس لە خەڵك کوژراون و بە دەیان کەس بریندار بوون کە برینی هێندێکیان زۆر قورسەو، بە سەدان کەسیش دەستگیر و زیندانی کراون و لە ژێر ئەشکەنجەی توندو تیژدان و، خەسارەتێکی ماڵی زۆر وە خەڵك کەوتوە.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران چاوەڕوانی ئەوە بوو کە وڵاتانی دێموکرات و لایەنگری مافی مرۆڤ لە ئورووپا ئاوڕێك لەو خەڵکە بێ دەرەتانە بدەنەوە کە لەم سەردەمەدا بە تاوانی داخوازی سەرەتاییترین مافەکانیان لە ڕێپێوانی ئارام دا، ئاوا بێبەزەییانە دەکەونە بەر هێرشی عەوامیلی حکوومەتێکی دیکتاتۆری و گیان و ماڵیان تێدا دەچێ و، هەموو ڕۆژێ شاهیدی شکەنجە و کوژرانی ڕۆڵەکانیانن.

ئێمە پێمان وایە سیاسەتی بێدەنگی ئورووپا دەرحەق بەو هەموو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران سیاسەتێکی ناتەبایە لە گەڵ پرنسیپە دێموکراتیکەکان و، دەمانهەوێ سەرنجتان بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشین کە ئاکامی ئەو سیاسەتە وەك ٢٥ ساڵی ڕابردوو نە تەنیا بەردەوام بوونی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە، تەنانەت ئەو سیاسەتە ناتوانێ یارمەتیدەری وەدیهاتنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان و ئامانجەکانی ئێوە لە بەرگری کردنی ئێران لە پرۆژەکانی چەکی ناووکیش بێ.

بۆیە داواتان لێدەکەین وێڕای خەریك بوونتان بە پرۆژەکانی ناووکی ئێران و ووت وێژ لە گەڵ ئەو ڕێژیمە:

١ـ هەیئەتێکی سەڵاحیەتدار بنێرن بۆ کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو جینایەتانەی ڕێژیم و چۆنیەتی ڕەفتاریان لە گەڵ زیندانییەکانی خۆپێشاندانەکانی ئەو یەك مانگەی دوایی.

٢ـ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بۆنەی لە ژێر پێنانی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤی کورد مەحکووم بکەن.

٣ـ داوا لە ئێران بکەن هەرچی زووتر زیندانییەکانی ئەو ڕووداوانە ئازاد بکا و زەرەری ماڵیی خەڵك قەرەبوو بکاتەوە.

٤ـ بە جیددی لە کۆماری ئیسلامی داوا بکەن کە بکوژان و ئەشکەنجەگەرانی ئەو خەڵکە لە دادگایەکی عادلانەدا بە چاوەدێری نوێنەری یەکێتی ئوروپا موحاکمە بکرێن.

**سکرتێری گشتیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**مستەفا هیجری**

**٢٠٠٥/٨/٦ (١٣٨٤/٥/١٥)**

❊❊❊

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## دیداری کومیتەی حیزب لە سویس لەگەڵ بەرپرسی تایبەتیی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان

بە بۆنەی ١٦ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن کۆماری ئیسلامیو هەروەها شەهیدکرانی شوانەی سەیدقادر لە لایەن هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیمەوە شاندێك لە پێوەندییەکانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سویس پێکهاتوو لە کاك عادڵ ئەلیاسی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سویس‌و کاك تەیموور ئەلیاسی، ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠٠٥/٧/٢٨ چاویان بە بەڕێز خاتوو "فدریکا دۆناتی"، بەرپرسی تایبەتیی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری ژنێڤ کە بەرپرسایەتیی دۆسیەی مافەکانی مرۆڤی لە ئێراندا لەئەستۆیەو هاوکارەکەی ڕێزدار "مارەش پیرین پانایاگام" کەوت.

سەرەتا کاك عادڵ ئەلیاسی باسێکی کورتی لەسەر مێژووی حیزب‌و شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنمان پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی‌و خەباتی خەڵکی کوردستان کردو دواتر لەسەر چۆنیەتی شەهیدکرانی شوانەی سەیدقادر دواو وێنەکانی ئەشکەنجەدراوی ئەوی پیشانی خاتوو دۆناتی داو هەروەها باسێکی لەسەر ڕاپەڕین‌و خۆپیشاندانی خەڵکی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان بەو بۆنەوە کرد.

شاندی پێوەندییەکانی حیزب لە سویس بۆ خاتوو دۆناتی ڕوون کردەوە کە سەرکۆماری نوێی ڕێژیم مەحموود ئەحمەدینژاد لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەنی ئوتریش‌دا دەستی هەبووە.

لە بەشێکی تری ئەم چاوپێکەوتنەدا هاوڕێیانی حیزبی چەند داواکایەکی گەڵاڵەکراویان لە پێوەندی لەگەل سەرکوتی خەڵکی مەهابادو شارەکانی کوردستان پێشکەشی خاتوو دۆناتی کرد کە بریتی بوون لە:

١ـ ناردنی هەیئەتێکی سەر بە کومیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شێوەی شەهیدکردنی شوانەی سەیدقادرو شەهیدانی شارەکانی تری کوردستانی ئێران.

٢ـ ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی بەگشتی‌و بەندکراوانی ڕووداوەکانی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران بەتایبەتی

٣ـ مەحکوومکردنی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو پێوەندییەدا

٤ـ زەخت خستنەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە حکوومەتی نیزامی لە مەهابادو شارەکانیتر

٥ـ گوشارهێنان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی لەبەرچاوگرتن‌و دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران

پاش تەواوبوونی وتەکانی نوێنەرانی حیزب، خاتوو دۆناتی چەند پرسیارێکی لەسەر خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و خەڵکی کوردستانی ئێران کرد کە لە لایەن دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبەوە وەڵامیان درایەوە.

لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا خاتوو دۆناتی بەڵێنی دا کە دوایین کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێراندا لە ڕاپۆرتی تایبەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا چاپ‌و بڵاو بکاتەوەو لە داهاتوودا بە شێوەی فەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ کە بڕیار وایە مانگی ٨ی ئەمساڵ بەڕێوەبچێ، بانگهێشتن بکا.

## چاوپێکەوتنی کومیتەی حیزب لە ئامریکا لەگەڵ ڕاوێژکاری بەڕێز کوفی عەنان‌و بەرپرسی دیسکی ئێران لە نەتەوەیەکگرتووەکان

ڕۆژی ٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی ـ ٢٨ی ژوڵای ٢٠٠٥ی زایینی، کاك دوکتور مورتەزا ئیسفەندیاری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا لەگەڵ بەڕێز کەریم عەبدیان دوو چاوپێکەوتنیان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجام داوە.

یەکەم لەگەڵ بەڕێز ئەدوارد مور تیمور کە یەکێك لە ڕاوێژکارانی کوفی عەنانە، ناوبراو ڕۆژی پێشوو لە ئێرانەوە گەڕابۆوەو باسێکی لەسەر سەفەرەکەی بۆ ئێران کردو لە باسەکەیدا ئاماژەی بە هەواڵنێری ئاژانسی ڕۆیتر کرد کە زیاتر لە ٥ مانگە ڕۆژانە بەشوێن وەرگرتنی ئیجازەی سەفەر بۆ کوردستانی ئێرانەو تا ئێستا نەیتوانیوە ئیجازەی سەفەرەکەی وەربگرێ‌و دواین جار کە تەماسی بە لایەنە پێوەندیدارەکان بە ڕێژیمەوە کردووە، داوای لێ‌کردوون وەکوو توریست موافقەتی سەفەری بۆ بکەن‌و بەڵێنیشی داوە دووربین‌و دەزگای فیلم هەڵگرتن لەگەڵ خۆی نەبات. بەوحاڵەشەوە موافقەتیان بۆ نەکردووە. بۆ ئەو مەبەستە لە تاران لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی لە پێوەندی دایە. هەر لەو چاوپێکەوتنەدا مانیفیستی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان پێشکەش بە بەڕێز ئەدوارد مور تیمور کرد کە لەگەڵ پێشوازیی ناوبراو ڕووبەڕوو بوو.

دیداری دووهەم، لەگەڵ خاتوو ئالن ئەلراوی کە بەرپرسی دیسکی ئێرانە بوو، ناوبراو لەو دیدارەدا وتی ئەو وێنانەی کە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەسەر نەتەوەکانی ئێران بڵاو دەبێتەوە لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە لایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران بڵاو دەبێتەوە، جیاوازی هەیەو ڕێژیم باسی ئەوە دەکا کە لە وڵاتی ئێراندا کێشەی نەتەوایەتی نیەو هەموو موسوڵمانن.

لەو دیدارەدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، زانیارییەکی تەواو لەسەر ڕەوشی ئێران‌و پێکهاتەی ئەم وڵاتە چەندنەتەوەیییە پێشکەشی ناوبراو کراو لە ڕاستییەکانی ئێران گادار کراو وێنەیەکی ڕوونی لە جیاتی ئەو وێنە ناڕاستەی کە لە لایەن ڕێژیمەوە پێ درابوو، پێدرا.

لە کۆتاییدا هەردوو بەڕێزان، مور تیمورو ئەلواری بەڵێنیان دا لەمەوبەدوا دیدارو چاوپێکەوتنەکانیان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی لە واقعییەتەکانی ئێران‌و سیاسەتە دژیمرۆڤایەتییەکانی ڕێژیم ئاگادار بن.

## ئامریکا ـ واشینگتۆن خۆپیشاندان بە مەبەستی پشتگیری لە خەڵکی ڕاپەڕیوی مەهاباد

بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە خۆپیشاندەرانی شاری مەهابادو هەروەها وشیارکردنەوەی بیروڕای جیهانی لە جینایەتەکانی ئەم دواییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٥ خۆپیشاندانێك بە بەشداری دەیان کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و ڕێکخراوە کوردستانی‌و ئێرانییەکان لەبەردەم کۆشکی سپیدا بەڕێوەچوو کە ٢ کاتژمێری خایاند. لە ماوەی خۆپیشاندانەکەدا ئەم دروشمانە گوترانەوە: "برووخێ ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئاخوندی"، "دێموکراسی بۆ ئێران، عەدالەت بۆ کوردستان"و "فیدراڵیزم‌و ئازادی بۆ کوردستان". پاشان خۆپیشاندەران بە ڕێپێوان خۆیان گەیاندە بەردەم کۆنگرێس‌و بۆ ماوەی نیو کاتژمێر درێژەیان بە خۆپیشاندانەکەیان دا.

لە کۆتاییدا چەند وتار پێشکەش کراو بڕیار درا کە بڕیارنامەی خۆپیشاندەران بۆ کۆشکی سپی‌و کۆنگرێس پۆست بکرێ. خۆپیشاندەران بە خوێندنەوەی سرووی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکەیان هێنا.

## بەڕێوە چوونی خۆپیشاندانێك لە بۆنی ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران

ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٦، لەلایەن کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ئاڵمان، پارتی سوسیالیستی کوردستان، کومیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ ئاڵمان، کۆمەڵەی کوردانی دەرەوەی وڵات لە ئاڵمان، ماڵی کوردو ئاڵمان و ناوەندی کولتورو هونەری کورد خۆپیشاندانێکی هاوبەش بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران لە شاری بۆنی ئاڵمان بە بەشداری زیاتر لە ٢٠٠ کەس پێکهات.

خۆپیشاندەران لە کاتێکدا کە وێنەی ئەشکەنجەدراوی شوانەی سەید قادریان پێبوو هەموو پێکەوە دژی ڕێژیم دروشمیان دەگوتەوە. دواتر بڕیارنامەییکی هاوبەش کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانەکەوە نووسرابوو بە زمانی کوردی‌و ئاڵمانی خوێندرایەوەو پاشان تەحویلی کاربەدەستانیUN لە بۆن درا. دەقی بڕیارنامەکە لەم چوارخاڵە سەرەکییە پێکهاتبوو:

١ـ داوا لە UN بۆ مەحکووم کردنی کوشتنی کەماڵ ئەسفەرەم ناسراو بە "شوانە"و ناردنی شاندێك بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ئەم جینایەتە.

٢ـ داوا بۆ ئازادکردنی هەموو بەندکراوە سیاسییەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ خۆپیشاندانی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان ئێراندا گیراون.

٣ـ داوای کۆتایی هێنان بە حکوومەت نیزامی لە شارەکانی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان

٤ـ داوا لە UN بۆ چاوەدێری زیاتر لەسەر پاراستنی مافی مرۆڤ‌و مافە دێموکراتیکەکان لە ئێران بە گشتی‌و کوردستان بە تایبەتی.

هەروەها بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان، هاوڕێ کاك خالید حەسەن پوور سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی ئێران‌و بارودۆخی کوردستانی ئێران‌و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نیسبەت ڕووداوەکانەوە بۆ بەشداران دوا.

## دیداری کومیتەی حیزب لەگەڵ بەڕێز بیل سکسای، پارلمانتارو بەرپرسی مافی مرۆڤ لە کانادا

ڕۆژی ٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٥ی زایینی، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی کاك سەعدی عەبدی، بەرپرسی کومیتەی حیزب‌و پەیوەندییەکانی حیزب لە وانکۆروێری کانادا وێڕای ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لە وانکۆوێری کانادا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بێل سەکسای، ئەندامی پارلمان‌و بەرپرسی مافی مرۆڤ لە کانادا پێك هێنا.

لەم دیدارەدا هەیئەتی حیزب بە وردی لەسەر ڕاپەڕین‌و ڕووداوەکانی ئێستای کوردستان‌و هەڵسوکەوتی دژی ئینسانی‌و جینایەتکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان‌و کارنامەی تیرۆریستیی ئەحمەدینژاد زانیاریی پێویستیان بە ناوبراو داو داوایان کرد کە دەنگی مەزلۆمییەت‌و مافخوازیی خەڵکی کوردستان بگەیەنێتە پارلمانی کاناداو پشتیوانی پارلمان‌و دەوڵەتی کانادا بۆ مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردستان ڕابکێشێ‌و ئەم ڕێژیمە سەبارەت بە تازەترین جینایەتەکانی لە کوردستان مەحکووم بکەن‌و سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای خەڵکی کوردستان ڕابکێشن.

ناوبراویش بەڵێنی دا کە ئەو داوایەی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بگەیەنەتە پارلمانی کاناداو بە هەمووی توانایەوە لەمەڕ ئەو زانیارییانەی پێیدراون بکۆڵێتەوە.

## خۆپیشاندانی کوردانی دانیشتووی کانادا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی ئێران

ڕێکەوتی ٢٦ی جوولای ٢٠٠٥ی زایینی، لە لایەن کومیتەی هاوبەش کە پێکهاتبوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ـ کورد تی ڤی‌و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی وانکۆوێری کانادا خۆپیشاندانێك بۆ پشتیوانی دەربڕین لە ڕاپەڕینی خەڵکی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە لەسەر شەقامی ڕابسون‌و هۆرنبی لە بەردەم ئارت گالێری بەڕێوەچوو کە نزیکەی ٢٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی وانکۆوێر تێیدا بەشداربوون‌و بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان‌و وێنەی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و هەروەها وێنەی لەخوێندا شەڵاڵی شوانە سەیدقادرو بە دانی دروشم بە دژی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئێران سەرنجی ئەو کەسانەی کە لەو دەورووبەرەدا هاتووچۆیان دەکرد، ڕاکێشا. هەروەها بەیاننامەی هاوبەش کە لە لایەن هاوڕێ سەعدی عەبدی بەرپرسی کومیتەی حیزب بە زمانی ئینگلیسی ئامادەکرابوو لە لایەن ئەمیر دەوڵەتخواهییەوە خوێندرایەوە کە تێیدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی تیرۆری دوکتور قاسملوو بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و تازەترین جینایەتی ڕێژیم لە کوردستان بەتایبەتی شاری مەهابادو پشتیوانی دەربڕین لەو خۆپیشاندانانەی خەڵکی کوردستان‌و مەحکوومکردنی ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێران‌و داواکردن لە بیروڕای گشتیی جیهانی‌و دەوڵەتی کانادا بۆ مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لەمەڕ سەرکوت‌و کوشتاری خەڵکی کوردستان‌و پشتیوانی لە داخوازییە ئینسانییەکانیان سەرنجی بینەرانی ئەو خۆپیشاندانەی پتر ڕاکێشا.

خۆپیشاندانەکە کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ دەستی پێکردو کاتژمێر ٥ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

## بەشداری کومیتەی حیزب لە فستیڤاڵی نەتەوەیی ـ کلتووری لە ئێدمۆنتۆنی کانادا

لە ڕۆژەکانی ٣٠و٣١ی مانگی ٧و ١ی مانگی ٨ی ٢٠٠٥ی زایینیدا، فستیڤاڵێکی نەتەوەیی ـ کلتووری بە بەشداری ٥٢ نەتەوەی جیهان کە کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە وانکۆوێری کانادا وەك نەتەوەی کورد تێیدا بەشدابوو لە شاری ئێدمۆنتۆنی کانادا پێك هات.

ئامانج لە پێکهێنانی ئەم فستیڤاڵە ناساندن‌و نیشاندانی فەرهەنگ‌و کلتووری نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان بوو کە شاندی کومیتەی حیزبیش بەپێی توانا فەرهەنگ‌و کلتووری نەتەوەی کوردی خستە پێش چاو بەشداربووان‌و لە بەشی موزیك‌و هەڵپەڕکێدا لاوانی دێموکرات بە پێشکەشکردنی گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی کوردی سەرنجی بەشداربووانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

لە ڕۆژی کۆتایی فستیڤاڵەکەدا بە سەرپەرشتی شارەداری ئێدمۆنتۆن‌و بەڕێوەبەرانی فستیڤاڵەکە، باشترین جۆری موزیك‌و هەڵپەڕکێ دیاری کرا کە لە نێو ٥٢ نەتەوەی بەشداردا ١٠ نەتەوە دیاری کرا کە کوردیش یەکێك لەو ١٠ نەتەوەیە بووو هەروەها لە نێو ئەو ١٠ نەتەوەدا تیپی هەڵپەڕکێی لاوانی دێموکرات وەك باشترین تیپی هەڵپەڕکێ دیاری کرا.

❊❊❊

# راقەی فیدراڵیزم بەشێوەیەکی سادە

بەشی دووهەم, ن: هیدایەت سوڵتانزادە, و بۆ کوردی: حامید مورادی

دەتوانین سیستەمگەلی سیاسی لە جیهاندا لە جۆرێك لە پۆلێنبەندی, واتە لە شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتدا بە حکومتگەلی کۆجێ‌و ناکۆجێ دابەش کەین. لە حکوومەتێکی کۆجێ‌دا, حکوومەتی ناوەندی, تەنیا بڕیاردەری سەرانسەری وڵاتە کە لە چەندین نیهادی ناوەندەی پێك هاتووەو ئیقتداری سیاسی‌و مافی نیهایی لە پاوانی ئەو دایە.

رەنگە حکوومەتێکی کۆجێ لە چەندین شێوازی جۆراوجۆری ناکۆجێ‌بوون لە نێوخۆی وڵاتدا وەك ناکۆجێی ئیداری‌و یان خودموختاری ناوچەیی‌و یان خودموختاری فەرهەنگی سوود وەرگرێ, بەڵام لە ئاکامدا تێکڕای ئەم لقە ئیدارییانە سەر بە دەسەڵاتی ناوەندین. ئەم چەشنە ناکۆجێ‌بوونە بەشێوەیەکی کردەوەیی لە مێژووی زۆربەی ئیمپراتۆرییەکاندا هەبووەو نابێ ئەم شێوازە لە ناکۆجێ‌بوون لەگەڵ سیستەمی فیدراڵی‌دا بە جولەگرین, لەبەرئەوەی کە بوونی ئەم چەشنە نیهادە ناکۆجێ‌یانە بەستراوەتەوە بە ئیرادەی دەسەڵاتی ناوەندی کە هەرکات ئیرادە بکا توانایی هەڵوەشاندەوە یان گۆڕینی قەوارەی ئەم نیهادانەی هەیە.

بە پێچەوانەی پێکهاتەگەلی کۆجێ, سیستەمی فیدراڵی چەشنی شێوەیەك لە حکوومەتی ناکۆجێ نیشانەی شێوەیەکی لە نیزامی سیاسی‌یە کە لەوێدا دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەی ئەستوونی, لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی‌و بن کۆمەڵەکانی‌دا دابەش دەبێ.

دەتوانین تایبەتمەندیی بەرچاوو بنەڕەتیی فیدراڵیزم لە سیستەمێکی سیاسی بە پێی خۆیی‌بوونی حکوومەت یان حکوومەتی هاوبەش پێناسە کەین. چەمکی سیاسیی فیدراڵیزم پێکهاتەیەکە لە وشەی لاتینیی Foedus کە بە واتای بەڵێنی‌و پەیمان‌و ڕێککەوتنە کە لەوێدا لایەنی یەکسان, لە ڕێککەوتنێکی هاوبەش‌دا بەڵێنی دەدەن کە بە پێی ئەم بەڵێنی‌یە (Covenant) تاك سەرەڕای پاراستنی شوناس‌و خاملاندنی خۆی بوونێکی entiny گشتی نوێتر چەشنی بنەماڵە, نیهادی سیاسی‌و هتد پێك بێنن کە بەش بە حاڵی خۆی خاوەنی شوناسی سەربەخۆو خەملاندنی تایبەتی‌یە.

هەروەها چەمکی بەڵێنی بەو واتایەیە کە لایەنی پەیمان‌و ڕێککەوتن, نە تەنیا لەسەر بنەماکانی یاسایی بەڵێنی خۆیان, بەڵکوو بەشێوەیەکی مۆرالیش پێبەندی ئەم بەڵێنی‌و ڕێککەوتنەی خۆیان بن. کەوابوو ڕێککەوتنی بەڵێنی‌دراو لە سەرەوەی ڕێککەوتنی ئاسایی‌یە, لەبەر ئەوەی کە ئەم بەڵێنی‌یە پێوەندیی سەقامگیرو تەنانەت بەردەوامی لە نێوان لایەنەکان‌و بەڵێنیی هاریکاری بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی ئەم ڕێککەوتنەو چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکانی لە خۆ گرتوە.

بەم پێیە, فیدراڵیزم بە واتای پێکهاتەو دەسەڵاتێکە کە یەکگرتن‌و یەکیەتی بە پێی لێك تێگەیشتن‌و ڕەزامەندی پێك دێنێ. لە هەمان کاتدا لەر ێگەی یاسایەکی بنەڕەتیی گشتگیرەوە ئەم فرەیی‌یەی پێکهێنەرەکانی دامەزراندن یەکگرتوویی سیاسی دەپارێزن.

بە پێی ئەم چەشنە پێناسەیە, فیدراڵیزم, شێوەیەك لە ڕێکخراوی سیاسیی حکوومەتە کە لەسەر سەروەریی دوولایەنەی ناوەندو هەرێمەکان ڕاوەستاوە یان بە واتایەکی دیکە بە ئاستی جیاواز لە دابەشکردنی ئەستوونیی دەسەڵات (چ بە شێوەیەکی جوگرافیایی یان پارێزگا, چ بە پێی سنووری میللی ـ قەومی‌و یان تێکەڵاوێك لە جوگرافیایی‌و میللی ـ قەمی) پێك هاتوە کە لەوێدا هەریەك لە دوو ئاستی سەروەریی سنوورو دەسەڵاتی دەستنیشانکراوی تایبەت بە خۆیان هەیەو لە بیاڤەکانی سەڵاحییەتی خۆیاندا مافی ئیقتداری سەربەخۆیان هەیەو هیچ یەکیان مافی دەستدرێژی‌کردنە سەر حقووق‌و سەڵاحییەتی ئەوی دیکەی نیە.

رەنگە رادەی دەسەڵات‌و سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی‌و هەرێمەکان (بن‌کۆمەڵەکان ـ subunits)و یان شێوەی بەشداریی بن کۆمەڵەکان لە بڕیارەکانی حکوومەتی ناوەندی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاواز بێ. هەر بۆیە ناکرێ باس لە شێوەیەکی یەکگرتوو لە فیدراڵیزم بکەین. بەڵام سەرەڕای فرەیی شێوە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی فیدراڵی, بەو حاڵەش سەرلەبەری ئەو سیستمانە لە خاڵێکی سەرەکی‌دا کە دەکرێ بە پێوەری دەستنیشانکردنی سیستمە فیدراڵی‌یەکان دابنرێ هاوبەشن کە بریتی‌یە لە: سەروەریی دوولایەنە (dual-soverignty) لە نێوان حکوومەتی ناوەندی (فیدراڵ)و هەرێمەکان یان (بن کۆمەڵەکان). هەرچەند کە ئەم دوو ئاستە یان دوو ڕووەی سەروەری لە جوگرافیایەکی دەستنیشانکراودا سەربەخۆیی تایبەتی خۆیان هەیە, لە هەمان کاتدا تەریك‌و دابڕاو لە یەکتر نین, بەڵکوو هەردوو ئاستی سەروەری, مافی بەرانبەریان بە نیسبەت یەکتری هەیە. بەم شێوەیە, هەرێمەکان یان بن کۆمەڵەکان سەرەڕای ئەوەی کە لە بیاڤی دەستنیشانکراوی سەروەری خۆیاندا خۆیان دەنوێنن کە بە چەمکی خۆیی‌بوونی حکوومەت یان selfrule نێوی دەبەین, لە ئیدارەکردنی حکوومەتی ناوەندیش بەشداری دەکەن کە بە حکوومەتی هاوبەش یان shared-rule بەنێوبانگە.

رادەو شێوەی بەشداریی بن کۆمەڵەکان لە حکوومەتی ناوەندیش‌دا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. بۆ وێنە, لە وڵاتێکی چەشنی بێلژیك هەرێمەکان هەم لە دارشتنی یاسای ناوەندی‌داو هەم لە ڕێگەی مەجلیسی سیناو هەم لە کابینەی وەزیرەکاندا بە نیسبەتی یەکسان بەشداری دەکەن‌و ئەمەش جیاوازە لەو بەشداری‌یە گشتی‌یەی هاووڵاتیان کە لە ڕێگەی پارلمانەوە لە دارشتنی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا دەیکەین. لە حاڵێکدا لە ئامریکا, هەرێم یان بن کۆمەڵەکان, ڕۆڵێکیان لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی کابینەی وەزیراندا نیە. لە بەرانبەر ئەم بەشداری‌یەی بن کۆمەڵەکان لە حکوومەتی ناوەندی‌دا, حکوومەتی فیدراڵیش لە هەرێمەکان, لە تێکڕای حکوومەتە فیدراتیڤەکان, مافی دەستنیشانکراوی هەیە.

ئەم دابەشکردنە نێوخۆیی‌یەی سەروەری (dual-sovereignty) یەکێکە لە پێوەرە بنەڕەتی‌یەکانی نیزامگەلی سیاسیی فیدراڵ. ئەوەی کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین, ئەوەیە کە نابێ سەروەریی دوولایەنە لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتدا ( separation of powers) بە هەڵە بگرین. لە تێکڕای دێموکراسی‌یە پارلمانی‌یەکاندا, جیاکردنەوەی دەسەڵات بوونی هەیەو مەرجی پێویستی حکوومەتی فیدراڵە, بەڵام تێکڕای حکوومەتە پارلمانی‌یەکان بەشێوەی پێویست فیدراتیڤ نین, بەڵکوو هاتنەدیی ئەم پێداویستی‌یە پێویستیی بە دابەشکردنی ئەستوونیی دەسەڵات یان سەروەریی دوولایەنە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە.

لەم دابەشبوونەی ئەستوونیی دەسەڵات لە چەند بیاڤی سەرەکی‌دا کە ڕەنگدانەوەی پێویستی بە کردەوەو هاوئاهەنگیی هاوبەش, چەشنی دیفا, سیاسەتی دەرەکی, مافی چاپی دراوو سیاسەتگەلی گشتی سەبارەت بە ئابووریی وڵات‌و کۆنترۆڵی کۆچ, لە بیاڤی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دایەو بیاڤەکانی دیکەی ئیدارەی وڵات دەدرێتە هەرێمەکان.

دیسان لەم بیاڤەدا, شێوەیەکی یەکگرتوو لە شێوەو رادەی سەڵاحییەت لە نێوان حکوومەتی ناوەندی‌و هەرێمەکاندا بوونی نیە. بۆ وێنە, لە یاسای بنەڕەتی‌یەکاندا, بیاڤی سەڵاحییەتی هەرێمەکان بە ژمارە دانراوەو سەڵاحییەتەکانی دیکە لە پاوانی حکوومەتی ناوەندی دایە, ئەمەش لە کاتێك دایە کە لە ئامریکا بە پێچەوانەیە یان لە سویس, بە پێی یاسای بنەڕەتیی وڵات, دەوڵەتی فیدراڵ لە کاتی ئاشتی‌دا مافی پێکهێنانی سوپای نیەو مەگەر ئەوەی کە هەرێمەکان پەسندی بکەن. دیارە دەبێ بگوترێ کە بابەتی سویس شتێکی ناوازەیەو وێنەی دیکەمان لەم چەشنە نیە.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا ـ تەنانەت لە سەدەمی ئیمپراتۆرە گەورەکانی دەورانی کۆن, چەشنی ئیمپراتۆریی ڕۆم تاکوو ئیمپراتۆریی دەورانی سەرمایەداری کە حکوومەتیان بەسەر ناوچەگەلی بەربڵاوو لێك بڵاو لە جیهاندا دەکرد. بەردەوام بە پلەی جۆراوجۆر لە دانی دەسەڵات بە ناوچەی ژێر سەروەری‌یان بوونی هەبووە, بۆیە ئەندێشەی سیاسیی چۆنیەتیی نزیککردنەوەی ئەم ناوچە بەربڵاوانە لە جیهاندا لە ژێر چاوەدێریی حکوومەتێکدا, یەکێك لە پەرۆشی‌یە فکری‌یەکانی دەسەڵاتداران بووە.

هێندێك جاریش, یەکگرتن‌گەلێکی جۆراوجۆر, بە مەبەستی دەستنیشانکراو لە مێژوودا پێك هاتوە, بەڵام ئەم یەکگرتنانە لە پێناو وەدیهاتنی هێندێك ئامانج چەشنی دیفاعی دژکردەو لە بەرانبەر هێرشێکی دەرەکی‌و بۆ دەورەیەکی کورت بووە. دەتوانین ئاماژە بە یەکگرتنی دەوڵەت شارەکانی یۆنان لە سەردەمی کۆن‌و یان یەکگرتنی شارەکانی ئیتالیا لە سەدەکانی نێوڕاستدا بکەین.

یەکەمین یەکگرتنە مۆدێرنەکان بەتایبەتمەندیی تاڕادەیەك سەقامگیرەوە سەرەتا لە سوئیس لە سەدەی ١٣ بەملاوەو پاشان لە هولەند ( The united provinces) پێك هاتن. سەرەڕای ئەمەش یەکگرتنەکانیان لاوازو حکوومەتی ناوەندیی کزیان هەبووە. هەربۆیە ناکرێ هیچ یەك لە یەکگرتنەکانی مێژوو یان هیچ یەك لە ئیمپراتۆرییە گەورەکانی جیهان کە بە پلەیەك ناکۆجێ بوون‌و دەسەڵاتیان بە ناوچە لێك بڵاوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بەخشیبوو بە واتایەکی ئەمڕۆیی بە نیزامێکی سیاسی فیدراڵی پێناسە کەین.

چەمکی سەروەریی دوولایەنە (dual-sovereignty) پێوەندی‌یەکی دوولایەنەو لێك گرێدراو لە نێوان هەرێمەکان (یان دەوڵەتی ناوچەیی)و دەوڵەتی ناوەندی (دەوڵەتی فیدراڵ) پێك دێنێ, داهێنانی مەزنی دامەزرێنەرانی ئامریکا بوو کە بووە هۆی قەڵەمبازێکی بنەڕەتی لە دارشتنی نیزامێکی سیاسیی فیدراڵی بە پێناسەیەکی ڕوون, کە بە پەسندی یاسای بنەڕەتیی ئامریکا لە ساڵی ١٧٨٩ پێك هات کە یەکەمین نموونەی مێژوویی نیزامێکی سیاسیی فیدراڵ بە واتای ئەمڕۆیی‌یە.

ئەو سێزدە هەرێمەی کە پاش شەڕی سەربەخۆیی, هەرێمەکانی کونفدراتیڤیان پێك هێنابوو, پێوەندی‌یەکی لاوازیان لەگەڵ یەکتردا بووو خاوەنی دەسەڵاتی ناوەندی نەبوون, هەربۆیە لەگەڵ یەکگرتنەکانی پێشوودا جیاوازی‌یەکی ئەوتۆیان نەبوو.

یاسای بنەڕەتیی ساڵی ١٧٨٩ مۆدێلێکی نوێی لە دەوڵەت پێك هێناو ئەم هەرێمانەی لە شێوەی کونفدراتیڤی سیاسی دەکردە دەسەڵاتێکی سیاسی فیدراتیڤ, خاوەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەری‌و حکوومەتی ناوەندیی کاریگەر.

لەم مۆدێلە سیاسی‌یە نوێیەدا, هەرێمەکان نە تەنیا شکۆو بیاڤی سەڵاحییەتی خۆیان هەبوو, بەڵکوو نیهادەکانی ناوەندی سەروەری بەشدارییان دەکرد. لە بەرانبەردا حکوومەتی فیدراڵیش سەرەڕای ڕۆڵی ناوەندیی خۆی, لە لقەکانی بنەڕەتی‌یە هاوبەشەکان بۆ تێکڕای هەرێمەکان, لە بیاڤگەلی دەستنیشانکراودا, مافی نواندنی ئیقتداریان لە هەرێمەکان لە ئەستۆ بوو. هەر بۆیە ناکرێ لە هیچ یەك لە وێنە مێژوویی‌یەکاندا, بەتایبەتی کۆنفدراسیۆنی نیۆئینگلاند لە ساڵی ١٦٤٣ ( The united colonies of new England) کە لەلایەن ئیمپراتۆریی بریتانیاوە پێش لە شەڕی سەربەخۆیی, بە مەبەستی ئیدارەکردنی کۆلۆنیەکان پێك هاتبوو, بە سیستەمی سیاسیی فیدراڵی پێناسە بکەین, هەرچەند کە بوو بە پارادایمێك بۆ پێکهێنانی کۆنفدراسیۆنی باکووری ئامریکا لە ساڵی ١٧٧٤دا.

ساڵێك بەر لە شۆڕشی ئامریکا کۆلۆنییەکانی ئامریکا, لە ئیدارەکردنی کاروباری نێوخۆیی خۆیاندا خاوەنی دەسەڵاتی بەربڵاو بوون‌و لە ڕێگەی مەجلیسە ناوچەیی‌یەکانی خۆیان زۆربەی کاروبارەکانی تایبەت بە خۆیان وەك مالیات, بازرگانی‌و دادگاکاینان ڕادەپەڕاندو تەنانەت هێندێك جاریش دەسەڵاتیان پترو بەربڵاوترو لە سەرەوەی ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچەیی خۆیان بوو.

لە دابەشکردنی جوگرافیای دەسەڵاتی سیاسیی نێوان حکوومەتی فیدراڵ کە مافی نواندنی دەسەڵاتی لە سەرانسەری وڵاتدا هەیەو بن کۆمەڵەکانیش کە لە ناوچەی دیاریکراوی هەرێمی خۆیاندا دەسەڵات دەنوێنن, کە لە کۆی ئەوانە وڵات یان جوگرافیای سیاسیی حکوومەتێکی دەستنیشانکراو پێك دێنن. ڕەنگە بن کۆمەڵی چووکەتر لە نێو هەر ناوچەیەکدا پێك بێ. بۆ وێنە, ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە دەوڵەتێکی فیدراڵ یان دەوڵەتی گشتیی ئامریکا (General Government)و پەنجا هەرێم (state) پێك هاتووە. بەڵام هەرێمەکان, خۆیان لە نەوەد هەزار حکوومەتی خودموختار وەك کانتی‌یەکان (conmty), شارەوانی‌یەکان‌و ناوچەکانی خوێندندا (school districts) پێك هاتوون.

دابەشکردنی نێو هەرێمەکان لە بنەڕەتر بە شێوەی حکوومەتی کۆجێی‌یە تا فیدراڵ, هەر بۆیە دەبێ پێکهاتەی سیاسیی حکوومەتی ئامریکا چەشنی پەنجا دەوڵەتی کۆجێ پێناسە بکەین کە لە نێو دەوڵەتێکی فیدراڵدا کۆبوونەتەوە.

دابەشکردنی جوگرافیای دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتی فیدراڵ‌و هەرێمەکان لە بنەماو لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ڕاشکاوانە باسی لێوە دەکرێ‌و پانتایی شکۆو رادەی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵ‌و هەرێمەکان دەستنیشان دەکرێ. بەڵام رادەی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵ‌و هەرێمەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازیی هەیەو لە هەموویاندا چەشنی یەك نیە.

سەرەڕای ئەمانەش تایبەتمەندیی دیکە هەیە کە وڵاتانی فیدراڵ‌و نافیدراڵ لێك جیا دەکاتەوە لە وڵاتێکی فیدراڵدا هەم ناوەندگەرێتی‌و هەم جیابوونەو ڕەت دەکرێتەوە. هەر بەم بۆنەیەوەیە کە هێندێك جار سیستەمگەلی فیدراڵی بە یەکگرتنێکی لە شکاننەهاتوو لە یەکیەتی‌یەکی لە شکاننەهاتووەکاندا پێناسە دەکەین.

لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی بیست وڵاتی فیدراڵی بوونیان هەیە کە نیوەی حەشیمەتی جیهان لە خۆ دەگرن.

بەڵام لە سەدا هەشتای وڵاتەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان لە میکانیزمی فیدالێزم کەڵك وەردەگرن بێ ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕەسمی فیدراڵی بن. بۆ نموونە بریتانیای گەورە بەشێوەیەکی ڕەسمی وڵاتێکی فیدراتیڤ نیە, بەڵام هێندێك لە ناوچەکانی چەشنی ئیسکاتلەند یان ویلزو تا ڕادەیەك ئیرلەندی باکوور خاوەنی پارلمانی خۆیان‌و دەسەڵاتی بەرچاویان هەیە.

دەتوانین لە پێکهێنانی حکوومەتی فیدراڵدا دوو پرۆسە دەستنیشان بکەین: یەکەمیان, کۆبوونەوەی حکوومەتەکان یان ناوچە سیاسی‌یە سەربەخۆکان لەگەڵ یەکتر کە شوناسێکی نوێی فیدراڵی یان کونفیدراڵی پێك دێنن. دووهەم, دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئەستوونی لەو حکوومەتانەی کە کۆجێ‌بوون بە شێوەی نوێی فیدراڵی (holding together).

لە باری مێژوویی‌یەوە, شێوەی یەکەم واتە کۆبوونەوەی ناوچە سەربەخۆوە سیاسی‌یەکان بەشێوەی کۆنفیدراتیڤ‌و پاشان بەشێوەی فیدراتیڤ یەکەمین ئەزموونی مێژوویی بوون. کۆنفدراسیۆنی سویس, هەرێمە یەکگرتووەکانی هولەند, کۆنفدراسیۆنی هەرێمەکانی باکووری ئامریکاو هەروەها یەکیەتیی ئورووپا لەم سەردەمەدا نموونەگەلێکن لە کۆبوونەوەی ئەم هەرێم‌و ناوچانە لە پێکهێنانی سیستەمی فیدراتیڤ‌و کۆنفدراتیڤ. هەروەها لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتانی چەشنی برێزیل, بێلژیك, ئارژانتین‌و هیندو هێندێك وڵاتی دیکە بکەین کە لە ڕێگەی ناکۆجێ‌کردنی دەسەڵاتی کۆجێی خۆیان دابەشکردنی ئەستوونیی دەسەڵات‌و پێکهێنانی سەروەریی دوولایەنەی خۆیی‌بوونی حکوومەت‌و حکوومەتی هاوبەش لە پێناو نیزامی فیدراڵی‌دا هەنگاویان ناوە. چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێ کە ئێران بە پێی پێویست پەیرەوەی لە پارادایمی دووهەم بکا.

رەنگە سیستەمێکی فیدراڵی لەسەر بنەمایەکی یەکگرتووو هاوسەنگ لە بن‌کۆمەڵەکانی خۆی‌دا قەوارەی گرتبێ کە بە (symmetric federalism) یان فیدراڵیزمی یەکگرتوو پێناسە دەکرێ کە لەودا بن‌کۆمەڵەکان لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا خاوەنی خۆیی‌بوونی حکوومەت‌و سەربەخۆیی یەکسان لەگەڵ هەرێمەکانی دیکە دان, یان ڕەنگە لە هێندێك بن‌کۆمەڵی نایەکگرتووو پچڕپچڕ پێك هاتبێ.

چەمکی فیدراڵیزمی نایەکگرتوو بەو واتایەیە کە بن‌کۆمەڵەکان لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵدا بە شێوەی ئاشکرا یان شاراوە بە پلەی جیاواز خاوەنی خۆیی‌بوونی حکوومەت‌و سەربەخۆیین. بۆ نموونە ناوچەکان "ناوارا"و "باسك" لە ئیسپانیا دەسەڵات‌و سەڵاحییەتی دانان‌و بەکاربردنی ماڵیاتیان لە ناوچە خودموختارەکانی دیکەی ئەم وڵاتە زیاترە. یان هەرێمەکانی "کاتالۆنی"و "گالیسیا" لە بواری فەرهەنگ‌و زمان‌و پەروەردەکردنەوە خاوەنی دەسەڵاتی تایبەتین. هەر بەم شێوەیە هەرێمی "کێبێك" لە کانادا بە مەبەستی بەرەوپێشبردن‌و پاراستنی فەرهەنگ‌و زمانی فەرانسە دەسەڵاتی تایبەتییان پێ دراوە. سێ شاری بێرلین, بێرمەن‌و هامبورگ لە وڵاتانی ئاڵمانی فیدراڵدا بە دەوڵەت شار یان "لاندێر" پێناسە دەکرێن. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە شارەکانی دیکە سەر بە سێزدە ناوچەی لاندێرن. یان بەندەری "هۆنگ کۆنگ" لە چین کە خاوەنی وەزعییەتی سیاسی ڕومانی تایبەتی‌یە.

شێوەکانی یەکگرتووی فیدراڵیزم بەو واتایە نیە کە دەبێ هەموو ناوچەو هەرێمەکان چەشنی یەکتر بن, بەڵکوو لە پلەی ناکۆجێ‌بوونی لە ئاستی فیدراڵ, سەبارەت بە هەرێم یان ناوچەیەو لەبەر ئەوە بە یەکگرتوو پێناسە دەکرێن کە لە یاساو مەرجی هاوشێوە کەڵك وەردەگیردرێ, تەنانەت ئەگەر خاوەنی حەشیمەتی زیاتر یان ناوچەی بەربڵاوتریش بن.

***

## درێژەی لاپەڕەی ٩

(Manfred Wedlinger) بە ڕەسمی حکوومەتی نەمسای تاوانبار کردو سکاڵای خۆی پێشکەشی دادگای ڤییەنا کرد.

چونکە لێپرسراوانی نەمسا پەیتا پەیتا سەردانی ئێرانیان دەکردو هی ئێرانیش سەردانی نەمسایان دەکرد، بۆیە لە ڕۆژی ١٩٩٧/٩/١٥ خاتوو هێلێن قاسملوو لە دادگای ڤییەناوە وەڵامی نیگەتیڤی درایەوە، بگرە داوای مەسرەفی دادگاکەشیان لێ‌کرد.

***

لە دوای شەهیدکرانی سادقی شەرەفکەندی (سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) هەم دادگای ئەڵمان‌و چەندین ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی‌و نەمساوی‌و هەروەها خاتوو هێلێن قاسملووو چەندین کەسانی سیاسی‌و خەڵکی سادە ئەمەی خوارەوەیان بەیان کرد "ئەگەر بهاتبایە وڵاتی نەمسا بکوژەکانی د. قاسملوویان ئازاد نەکردایە، ڕەنگە سادق شەرفکەندی‌و ئەو قوربانییانەی‌ترکەبەدەستی تیرۆریستانی ئێرانی تیرور کران، ئێستا لە ژیان دا بوونایە.

***

بێ‌شك زۆربەی وڵاتانی دینا، تەنانەت ئەمریکاو وڵاتانی پێشکەوتوو جار جار پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر لە ڕێگەی دەزگا سیخورییەکانیانەوە، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هەموو کاربەدەستەکانیەوە، تیرۆرکردنی نەیارەکانی ئێران وەکوو میتۆدێکی شەرعی‌و سیاسی پەیڕەو دەکا، هەموو توانا‌و ئیمکانات‌و پارەو کەرەسەیان بۆ کاری تیرۆر تەرخان کردوە.

ئەوانەی د. قاسملوویان تیرۆر کرد لێپرسراوی گەورە بوون لە سوپای پاسداران‌و دەزگای ئیتلاعاتی ئێران‌و لە ناوچە کوردییەکانی ئێران‌و کرماشان دائەنیشتن‌و کاریان ئەکرد. ئەو شارە بارەگایەکی گەورەی پاسدارانی ئێرانی لێ‌یە بەناوی قەرارگای هەمزە.

***

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئەوە بڵێم کە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا پێویستە چارەسەر بکرێت یان بە دروستکردنی دەوڵەتێك بە ناوی کوردستان یان بە شێوەی ئوتۆنومی‌یەکی پێشکەوتوو لە هەر وڵاتێك کە کوردستانی پێوە لکێندراوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

پیتر پیلز ١٩٩٧

(*): ئەم باسە کورتکراوەی وەرگێراوی کتێبێکە بەناوی " Eskorte nach Teheran" لە نووسینی د. پیتر پیلز Dr. Peter Pilz. ئەو سەردێڕە لەو مانایەیە کە بکوژەکانی د. قاسملوو بە ئیسکۆرتەوە بە سەلامەتی بەرەو ئێران بەڕێ کرانەوە.

***

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 418 6 Aug 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


## دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کاریکاتۆرێکی ڕۆژنامەیەکی بەحرەینی




لە کۆتایی مانگی ژوئەن دا، ڕۆژنامەی "الایام"ی بەحرەینی کاریکاتۆرێکی بڵاو کردەوە کە خامەنەیی لە تەنیشت نمودار (خشتە)یێکی تایبەت بە ئاکامەکانی نۆیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، نیشان دەدا. لەم خشتەیەدا ردێنی درێژی خامەنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە شێوەی خوارو پێچ بە خشتەکەدا چووەتە سەر. کاریکاتۆرەکە ئەوە دەگەیەنێ کە خامەنەیی دەستی لە هێنانەسەری مەحموود ئەحمەدی نیژاددا هەبووە. ئەحمەدی نیژاد کە کاندیدای کۆنەپارێزان بوو، بەسەر ئەوانی دیکەدا سەر خرا. بەڵام هێندێك کاندیدا بۆ وێنە مێهدی کەرووبی رایان گەیاند کوڕی خامەنەیی لەو فرتو فێڵانەدا کە بوونە هۆی سەرکەوتنی ئەحمەدی نیژاد، دەستی هەبووە.

بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کاریکاتۆرەدا، حەمیدرەزا ئاسفی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەبی لێواری کەنداوی فارسی وریا کردەوە کە لە بێحورمەتی بە ئاخوندەکانی ئێران خۆبپارێزن، ئەگینا ئەوان لەوە بچووکترن کە دەرەقەتی ئێران بێنو ئەم جۆرە کارانە بە زیانی خۆیانە. ئاسفی هەروەها گوتی دیپلوماتەکانی ڕێژیم لە دوو چاوپێکەوتن دا لە بەحرەین، نارەزایەتیی خۆیان لە بڵاوبوونەوەی ئەم کاریکاتۆرە بە کاربەدەستانی "مەنامێی" ڕاگەیاندوە. بەحرەینییەکانیش روونیان کردۆتەوە کە ئەمە هەڵوێستی دەوڵەت نیەو، ڕۆژنامەکەشیان لەو گۆنگەڵەی وەرێی خستوە، ئاگادار کردوە.

حەوتوونامەی "نیمروز"

## وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵی ڕابردوودا خراپتر بووە



ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە بارەی وەزعی مافی مرۆڤ لە ساڵی ڕابردوودا دەڵێ: ساڵی ڕابردوو ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیف لە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران دا رووی نەداو لە هێندێك بواریش دا، وەزعەکە خراپتر بووە.

یەکێك لە نیگەرانییە گەورەکان تایبەتە بە سزای شەللاق یا ئیعدام بۆ مێرمندالانو لاوانی ژێر ١٨ ساڵ. ڕاپۆرت لەپێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕاگەیەنە نادەوڵەتییەکان دا دەڵێ: "ئێران ڕێز لە مافی ئازادیی بیروبڕا دەربڕین ناگرێو سانسۆری دەوڵەتیی لەسەر هەموو ڕاگەیەنەکان بەتایبەتی ڕاگەیەنە ئینتێرنێتییەکان زیاد کردوە. ئێران زۆر لەو وێب سایتو وێبلاگانەی بەستوون کە نێوەرۆکی سیاسییان هەیە یا ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرنو ژمارەیەك ڕۆژنامەی ڕیفۆرمخوازیشی داخستوە."

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە ئێران دا دەکەونە بەر ئازارو سووکایەتیو دەگیرێن... زۆر لەو کەسانەی لە بواری مافی مرۆڤ دا چالاکن ڕێگای سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتیان پێنادرێ... کاربەدەستان دژی کۆبوونەوە، خۆپێشاندانو مانگرتنی کرێکارانو، ساڵی ڕابردوو ئەو کەسانەیان گرت کە دەیانەویست ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەڕێوە ببەن.

بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، کەمایەتییە مەسیحی، جوولەکەو زەرتوشتییەکان بە ڕێکوپێکی لەگەڵ جیاوازیدانان بەرەوڕوون. لەبارەی سیستەمی قەزایی ئێرانیشەوە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: "سیستەمی قەزایی ئێران ڕەوتێکی حوقووقیی دادپەروەرانەو ئاشکراو مافی هەبوونی پارێزەر، دەستەبەر ناکا. کاربەدەستانی قەزایی، بەردەوام لە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ لەژێر پێنانی مافی تاکەکان کەلك وەردەگرن... زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی هەروا درێژەی هەیە... جیاوازیدانان بە دژی ژنان لە هەموو جێیەك دەبینرێ."

لە ڕاپۆرتەکەدا هەروەها هاتوە: بریتانیا هەم لە ئاستی نەتەوەییو هەم لە ئاستی ئورووپادا مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ئێرانیدا هێناوەتە گۆڕێ. یەکیەتیی ئورووپاش ڕوونی کردۆتەوە کە هەرچەشنە پێشکەوتنێکی خۆی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران دا، بە هەنگاوانی ئێران بۆ چارەسەر کردنی ناتەواوییەکانی لە بواری مافی مرۆڤ دا بەستۆتەوە.

BBC

## خامەنەیی دەبێ بڕوا



... من ئەگەر دووهەزار ڕۆژ زیندانی کردنی خۆشم لەبیر بەرمەوە، ناتوانم پێشێل کردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤ لەلایەن ئاغای خامەنەیییەوە، حکوومەتی شایانە، گەندەڵیی بەربڵاوی حکوومەتی، تیرۆری نەیارانو هەزاران نموونەی دیکە نەبینم. خامەنەیی دەبێ بڕوا، چونکە کەسێکی ناخۆیی تەحەممول ناکا. خامەنەیی دەبێ بڕوا، چونکە قەتڵە زنجیرەییەکان لە سەردەمی ئەودا روویان دا. خامەنەیی دەبێ بڕوا چونکە زیاتر لە ١٠٠ گۆڤارو ڕۆژنامە بە ئەمری ڕاستەوخۆی ئەو داخرانو ڕۆژنامەنووسان خرانە زیندان. خامەنەیی دەبێ بڕوا چونکە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمو هەڵبژاردنی ئەم دوایانەی سەرکۆماریدا، بە کەلکوەرگرتن لە شێوەی زاڵمانە، نەیارانی دەرهاویشتو مریدەکەی خۆی هەڵکێشا. خامەنەیی دەبێ بڕوا چونکە سەدان مامۆستای ئێرانیی وەك دوکتور سرووش، مافی وانە گوتنەوەو کارکردن لە وڵاتی خۆیان دا نیەو، لەجیاتی پەروەردەو فێرکردنی لاوانی ئێرانی، دەبێ لاوانی نەتەوەکانی دیکە فێر بکەن. خامەنەیی دەبێ بڕوا چونکە ئەوانەی فەرمانی کوشتنی جیابیرانیان دەرکردو، ئەوانەی کوشتاری زیندانییەکانیان لە ساڵی ١٣٦٧دا، ئەنجام دا، کردوونی بە دەسەڵاتدار.

لە نامەی ئەکبەری گەنجی بۆ دوکتور سرووش

١٣٨٤/٥/١ (چلوسێهەمین ڕۆژی مانگرتن لە خواردن)

## ئاگادارکردنەوەی ڕێژیمی ئێران لە ئاکامەکانی دەست پێکردنەوەی بەرنامەی ئەتۆمی




ڕێژیمی ئێران ڕۆژی دووشەممە ١٠ی گەلاوێژی ١٣٨٤، یەکەمی ئووتی ٢٠٠٥ لە نامەیەك دا بۆ محەممەد بەرادعی سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، ڕایگەیاند کە بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆی دەست پێدەکاتەوە.

ئەلبەرادعی ڕێژیمی ئێرانی وریا کردەوە کە بەرهەمهێنانی سوتەمەنیی ئەتۆمیو هەوڵدان بە مەبەستی بەرهەمهێنانی گاز لە مادەی ئورانیۆم، بەیەکەم هەنگاو بۆ چڕکردنەوەی ئورانیۆم دەژمێردرێ. ئەم هەنگاوە لە ڕاستیدا ڕەوتی وتووێژەکانی نێوان ئێرانو یەکیەتیی ئورووپاو کاری لێکۆڵینەوەی تیمە پشکنەرەکانی ئاژانسی وزەی ناوکی لە ئێران دا، دەشێوێنێ.

ئەمریکا وەك دژکردەوە بەرامبەر بەو داوایەی ڕێژیمی ئێران لە ئاژانسی ناوبراو، ڕایگەیاند کەئەگەر تاران بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆی دەست پێبکاتەوە، ئەمە بە هەنگاوێکی بنەڕەتی بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی دەژمێردرێ. بۆیە پەروەندەی ئەو ڕێژیمە ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخرامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا تا گەمارۆ بخرێتە سەر ئەو ڕێژیمە. وتەبێژێکی سەرۆك وەزیری ئینگلیسیش ڕۆژی دووشەممە، سەبارەت بە ئاکامەکانی بڕیاری یەك لایەنەی دەست پێکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکان، ڕێژیمی ئێرانی وریا کردەوە.

ماڵپەڕی: "ایران امروز"

## دوا هەواڵ لە مەهابادەوە

بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لە مەهابادەوە گەیشتوون، سەعات ٧ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٤ی گەلاوێژ سەدان کەس لە خەڵکی مەهاباد کە زۆربەیان لاو بوون، وەك نارەزایەتی دەربڕین لە سەرکوتی ئەم دواییانەی خۆپێشاندانی خەڵکی شارەکانی کوردستان، خۆپێشاندانیان وەڕێخستو لە شوێنە گشتییەکان لاستیکیان ئاگر تێ بەردا. هێزە دەوڵەتییەکان هێرشیان بردە سەر خۆپێشاندەران بەڵام خەڵکی نارازیی بە بەردو کوکتێل مولوتوف بەردبارانیان کردن. سەرئەنجام لە سەعات ١٠ی شەو هێزە بەناو ئینتیزامییەکان بەیارمەتیی جاشەکان، پەلاماریان هێنایەوەو تەقەیان لە خەڵك کرد کە لە ئاکام دا ژمارەیەك لە خۆپێشاندەران بریندار بوون.

## جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ

بەرلەماڵاوایی

ع. وریا

لە ١٨ی پووشپەری ئەمساڵەوە، کە کوژرانی لاوی مەهابادی "شوانەی سەیدقادر" بە دەستی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی و دیمەنە دڵتەزینەکانی تەرمی ئەو لاوە، خەڵکی شاری مەهابادی خرۆشاند و هێنانیە سەر شەقامەکان، شارەکانی کوردستانی ئێرانی بوون بە میدانی خۆپێشاندانی جەماوەریی خەڵکی کوردستان. تا ئێستا شارەکانی مەهاباد، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، دیواندەرە، بانە، مەریوان، سنە، دیواندەرە و سەقز بوون بە گۆڕەپانی خرۆشانی خەڵك و لە زۆربەی ئەم شارانەدا: کۆبوونەوە، ڕێپێوان و خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵك لە ئاکامی پەلاماری هێزە بە ناو ئینتزامییەکانی ڕێژیم دا، ڕووداوی خوێناویی لێ کەوتۆتەوە.

خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چەندین ساڵ بێ مافیی خۆیان و تاوان و جینایەتی کاربەدەستان، لە حەرەکەتەکانی ئەمجارەیان دا وێڕای هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی مەهاباد و شارە ڕاپەریوەکانی دیکە، داوای موحاکەمەی بکوژرانی شوانە و ڕۆڵە بە ناهەق کوژراوەکانی دیکەی خۆیان کردەوە. بە لایەنگری لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروشمیان داوە، وەفاداریی خۆیان بە ڕێگا و ڕێبازی دوکتور قاسملوو و بێزاریی خۆیان لە ڕیژیمێك کە ڕێبەرەکەی، سەرکۆمارەکەی و سەرۆکی دام و دەزگا گرنگەکانی دیکەی دەستیان لە تیرۆری ڕێبەرانی ئەوان دا بووە، دووپات کردۆتەوە. ئەوان دوای ئەوەی گوێ لە ویست و داواکانیان نەگیراوە و بە دەسڕێژ وڵامی نارەزایەتی دەربرینی هێمنانەیان دراوەتەوە، هەڵیان کوتاوەتە سەر بنکە و بارەگاکانی هێز و ناوەندە جاسووسی و سەرکوتکەرەکان. لە ژمارییەك لە شارەکان بۆ وێنە مەهاباد، پیرانشار، شنۆ، سەقز و سنە خرۆشانی خەڵك و پێك هەڵپرژان لە نێوان لاوەکان و هێزە جینایەتکارەکان چەند شەوو ڕۆژی خایاندوە. لە سەرجەمی ئەو ڕووداوانەدا دەیان کەس لە خەڵك شەهید و ژمارەیەکی زۆر زیاتر بریندار بوون. سەدان کەسیش لە لایەن ڕیژیمەوە گیراون کە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دان.

ڕاپەڕینێك کە ئێستا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە و هەر جارەی شارێکی ئەو بەشەی کوردستان دەگرێتەوە، لە هێندیك بارەوە درێژەی کردەوەو ڕەفتاری تێکەڵ بە نەفرەت و بێزاریی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامییە. هاتنە سەر شەقامەکان، دەنگ هەڵبڕین بە دژی ستەم و جینایەتی کاربەدەستان و ڕاوەستان لە بەرانبەر دەستدرێژی و سووکایەتی بە خەڵك، لەو کردەوە شۆرشگێرانانەن کە دانیشتوانی زۆر شاری کوردستان بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، چەند جار و لە ئاستی جۆراوجۆر دا ئەنجامیان داون. جگە لەمەش بێزاییی خەڵك لەو ڕیژیمە، هەر بەوشێوەیە خۆی نەنواندە. خۆ بواردنی خەڵکی کوردستان لە هاوکاریی کۆماری ئیسلامی لە کاتی شەریی ئێران و ئێراقو، لە ماوەی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستان دا نموونەیەکی دیکە لە بێ پێگەیی کۆماری ئیسلامی لە نێو ئەو خەڵکە دان. بەڵام نموونەی هەرە روون، شانۆسازییەکانی هەڵبژاردنن کە ڕیژیم لە کوردستان بەڕێوەی بردوون. لەو شانۆ سازییانەدا، خەڵکی کوردستان هەموو جارێ، چۆنی ڕیژیم پیێ ناخۆش بووە، بەمجۆرە جووڵاونەوە. هەر وەك لە دوا شانۆسازیی هەڵبژاردن(نۆیەمین دەوەرەی سەرکۆمای)دا دیتمان، کەمترین ڕێژەی بەشداریی خەڵك لە دەنگدان لە ئاستی ئێران دا، هی کوردستان بوو.

بەڵام خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانە، بە بۆنەی چەند تایبەتمەندییەکیانەوە، جێگایەکی تایبەتیان لە مێژووی خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستانی ئێران دا هەیەو دەکرێ بە نوختە گۆڕانێك لە خەباتی گەلەکەمانی دا دابنێین. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەوان ئەوەیە کە لە ئاستی شاریك و ناوچەیەك دا نەماونەوەو تا ئێستا زیاتر لە ١٠ شاریان گرتۆتەوە. پێش بینییش دەکرێ بگاتە شارەکانی دیکە، یا جارێکی دیکە لەو شارانەی بەروالەت ئارام بوونەوە، سەر هەڵ بدەنەوە. تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکە، ئەوەیە کە مەبەستی خرۆشانی هەر شارێك، پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەریوی شارەکانی دیکەیە. ئەمەش نیشاندەری هاو پێوەندیی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کوردستان و، یەکبوونی ویست و داواکانیانە.

ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی و دەمڕاست و کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە، لەگەڵ ئەوەش دا کە هەوڵیان داوە پەردەیەکی ئەستوور بە سەر ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانو، تاوان و جینایەتەکانی ڕیژیم بەرامبەر بە خەڵکی ڕاپەریودا بکێشن، لەو جێگایانەی ناچار بوون ئاماژە بە ڕووداوەکانی کوردستان بکەن، وەك شتێکی بچووك نیشانیان داون. بۆ وێنە بە کاری تێکدەرانە و ئاڵۆزی ساز کردنی ژمارەیەك "شرور" و "اوباش" ناویان بردوون، تاوان و جینایەتی هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیان دەرحەق بە خەڵك بە جێبەجێکردنی ئەرکی قانوونی لە قەڵەم داوە و، بەرپرسایەتیی کوژرانی خەڵکەکەشیان خستۆتە سەر"هێرشکەرانی نەناسیاو". بەوپەڕی روو هەڵماڵاویو بێ شەرمییشەوە، ئیددیعا دەکەن کە لە رووبەروو بوونەوە لە گەڵ خەڵك دا، هێزە بە ناو ئینتیزامییەکانیان، نەرمی و لە سەرخۆیی یان پیشان داوە بۆیە ڕاپەرینو، نائارامی لە هێندیك شار چەند شەو و ڕۆژی خایاندوە!

بەڵام ڕوومای شارەکانی کوردستانو ئەو دڕندەییەی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خەڵکی نارازیی کوردستان دا بەکاری هێناوە، سەرزەوییەکی داگیرکراو و ڕەفتاری هێزێکی داگیرکەر لەگەڵ خەڵکێکی بێگانەی کۆڵنەدەرو خۆڕاگرمان بیر دەخاتەوە. کۆماری ئیسلامی هەروا کە لە ئاستی ئێران دا دەیەوێ وڵامی هەر چەشنە جموجۆڵێکی ئیعترازی بە سەرکوتێکی بێبەزەییانە بداتەوە، لە کوردستانیش بە توندترین شێوە بەرەوڕووی ڕاپەڕینی خەڵکی خەباتگێڕو ئازادیخواز بۆتەوە: لە کۆکردنەوەی هێزی چەکدار لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوەو ڕەوانەکردنیان بۆ کوردستان را بگرە تا کەلکوەرگرتن لە هێلیکۆپتێر بۆ تەقە کردن لە خەڵك، لە پەلامار بردن بۆ سەر ماڵی دانیشتوان تا دەگاتە بەکارهێنانی دزێوترینو وەحشیانەترین ئەشکەنجە دژی گیراوەکان، درێغی لە هیچ نەکردوە.

ئەگەر ڕێبەریی ڕیژیم بەتایبەتی دوای دەرهێنانەوەی مەجلیسو پۆستی سەرکۆماری لە دەست قۆڵی بەناو "ڕیفۆرمخواز"، بڕیاری داوە "وڵات بکا بە ماستی مەیبو"و هەموو دەنگی ڕەخنەو نارەزایەتییەك لە گەروودا بخنکێنێ، خەڵکی ئێرانو لە ریزی پێشەوەیان دا خەڵکی کوردستان، لێبڕاون شێلگیرانەترو راشکاوانەتر لە هەمیشە، دژی بێمافیو سووکایەتیی بەردەوام، بەدژی بە ناهەق کوژرانی ڕۆڵەکانیانو لەبەرامبەر ستەمو ۆزرداریی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوەستن. بڕیاریان داوە نەنگی ژیان لەژێر دەسەڵاتی تاقمێك تیرۆریستو جینایەتکاری کۆنەپەرست، ئەگەر بە هەزینەیەکی خوێناوییش بووە، لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. دەسەڵاتی سەرەرۆیانەو پڕ لە تاوانو شوورەیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چی دیکە بۆ گەلی کوردو خەڵکی ئێران تەحەممول ناکرێو وەك وتوویانە "جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ".

لێرەدا پێویستە ئەو بەرپرسایەتییە گرنگە وەبیر هەموو حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بێنینەوە کە لەم هەلومەرجەدا بەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان کەوتۆتە سەرشانیان. وەڕێخستنی پشتیوانیو هاودەنگیی هاونیشتمانانی ئێرانی لەگەڵ گەلی ڕاپەڕیوی کوردو، ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهانی بەتایبەتی دەوڵەتانو کۆڕو کۆمەڵە دێموکراتو مرۆڤدۆستەکان بۆ لای سەرکوتی خوێناویی ئەم گەلە، چاوەڕوانییەکی بەجێیە کە خەڵکی کوردستان لە وانی هەیە. پشتیوانیی هاونیشتمانانی ئێرانی لە گەلی کوردو، هەڵوێست گرتنو دژکردەوە نیشاندانی دەوڵەتانو ناوەندە مرۆڤدۆستو دێموکراتەکان بەرامبەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، دەبێتە هۆی ئەوە خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە هەروا لە گەشانەوە دابێو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەتوانێ ئەو هەلومەرجەی ئارەزوویەتی بەسەر وڵاتەکەمانیدا زاڵ بکا.

## مرواریی دەریای وشە

ـ باهۆز گوڵەکان هەڵدەپڕوکێنێ، بەڵام دەنکو تۆوی ئەوانی پێ لەنێو ناچێ.

ـ هەر مرۆڤێك لە دوو نیوە پێك هاتوە، یەکیان لە تاریکیدا بەخەبەرەو، نیوەکەی دی بە ڕووناکییش خەوتوە.

. کاتێك تۆ گەیشتیە کۆتایی ئەو شتەی دەبێ بیزانی، لە سەرەتای ئەو شتە دای کە دەبێ هەستی پێبکەی.

ـ تۆ سێبەری خۆت دەبینی هەرکات پشت لە ڕووناکی بکەی.

جەبران خەلیل جەبران

## چیرۆکی ئەمجارە

### دارتاش

دارتاشێکی پیر هەبوو، دەیەویست خانەنشین بکرێ. بە خاوەن کارەکەی گوت دەیەوێ واز لە خانووسازکردن بێنێتو پاشماوەی ژیانی لەنێو ماڵو منداڵەکەیدا تێپەڕ بکا. خاوەن کار پێی ناخۆش بوو کە کرێکارەکەی بەجێی دێڵێ. بۆیە داوای لێ کرد وەك دواکار، تەنیا ماڵێکی دیکەی بۆ دروست بکا. دارتاش لەروودا ماو قبووڵی کرد. بەڵام بۆ سازکردنی، لە کەلوپەلی زۆر خراپ کەلکی وەرگرتو بەوپەڕی بێوازییەوەش دروستی کرد. کاتێك لە سازکردنی ماڵەکە بۆوە، خاوەن کار، هات خانووەکەی بینیو کلیلی ماڵەکەی دا بە دارتاشەکەو گوتی:

ئەم ماڵە هی تۆیە. ئەمە دیاریی منە بۆ تۆ. دارتاش راتڵەکا. ئەگەر بیزانیایە ئەو ماڵەی دروستی دەکا، بۆخۆی دەبێ، بێگومان کارەکەی بە جۆرێکی دیکە دەکرد.

وەرگێڕانی: ب. هیوا